# جەنابی ڕێزدار

ڕۆمان

ن: نەجیب مەحفووز

و: حەمە کەریم عارف

برهان شاوي ٢٠١٩/١٢/١٦

المترجم الكبير حمه كريم عارف

مثلما تفتخر اللغة العربية بمترجمين أفذاذ أمثال: سامي الدروبي، صالح علماني، جورج طرابيشي، أبو بكر يوسف، مصطفى ماهر، د. حسن حنفي، د. عبد الفتاح إمام، وغيرهم، فأن اللغة الكردية تفتخر بمترجم كبير مثل الأستاذ حمه كريم عارف.

لقد قدم هذا المترجم الكبير إلى اللغة الكردية ١٤٠ كتابا من بينها ملحمتي الإلياذة والأوديسة لهوميروس، وبعض مؤلفات دوستويفسكي، وشكسبير، وألبير كامو، وتشيخوف، وتولستوي، وشولوخوف، بليخانوف، آدغار آلن بو، صادق هدايت، كازانتزاكيس، نجيب محفوظ، بوشكين، ديكنز، والعشرات من عمالقة الأدب وعيون الأدب العالمي.

وقد شرفني هذا المترجم الكبير بترجمة روايتي الأولى " الجحيم المقدس" إلى اللغة الكردية.

جەنابی ڕێزدار

( ١ )

دەرگا کرایەوە، ژوورەکە زۆر گەورە دەهاتە بەرچاو. لە دنیایەکی گەورەی پڕ مانا وشتێن هەیەجان ئامێز دەچوو نەک لە شوێنێکی سنووردار کە تەنیا هەندێک شتی

لەخۆ گرتبێ، باوەڕی وابوو، ئەم ژوورە، هەموو ئەوانەی دەچنە ناوی قووت دەدات و دەیان توێنێتەوە. بۆیە نیهاد و ویژدانی داگیرسا وله هەڵچوون و دڵبەندییەکی جادوویدا نقوم بوو. یەکەم شت تەرکیزی خۆی لە دەست دا. هەموو ئەو شتانەی لە بیرچوو کە بە تاسەی دیتنیانەوە بوو، وەک: ئەرزەکە، دیوارەکان و میچەکە. تەنانەت ئەو خواوەندەی پشت مێزە فاخیر و گەورەکەشی نەبینی، لە تۆ وایە تووشی شۆکێکی کارەبایی بوو، شۆکێکی ئیلهام بەخشی ئەوتۆ کە خۆشەویستیەکی شێتانەی سەبارەت بە خۆشی وشکۆی ژیانی لە کانگای دڵیا ڕواند.

هەنگێ بانگەوازی هێز ودەسەڵات داوای لێکرد سوجدە بەرێت و دنەی دا کە خۆی فیدا بکات، بەڵام ئەو وەکو خەڵکی ڕێگەی تەقەواو پاڕانەوەو تاعەت وئەمان بگرێت. وەکو منداڵێک پێش ئەوەی خواستی خۆی بسەپێنێ، فرمێسکێکی زۆر پرێژێ، خولیایکی سەیر، هانی دا کە ژێراوژێر تەمەشایەکی لەزگینی خواوەندەکەی پشت مێزەکە بکات، ئەوجا بەوپەڕی خاکەساری و گوێڕایەڵی و ملکەچی چاوی داخست.

حەمزە سوەیفی بەڕێوەبەری کارگێری، چەند کەسێکی کەمی دووی خۆی دابوو، ڕوو لە بەڕێوەبەری گشتی گوتی:

- ئەمانە فەرمانبەرە تازەکانن قوربان...

نیگایەکی خێرای بە ڕوخساری ئەوان و ئەمیشدا گێڕا، لەم ساتەدا ئەوەی بە خەیاڵدا هات کە تازە چووە مێژووی حکوومەتەوەو شانسی ئەوەی بۆ لواوە کە لە هەنتەر وحوزوری جەنابی ڕێزدارا بوەستێت. وای هەستکرد دەنگەدەنگێکی سەیر دەژنەوێ، وەکو ئەوە بوو هەر ئەو دەنگە دەنگەکە بژنەوێ. لەوە دەچوو دەنگی قەدەر و چارەنووس بێ. وەختێک جەنابی ڕێزدار، لە تاقیب کردنە کورتەکەی بووەوە، دەستی بە قسان کرد. بە دەنگێکی هێدی، هێواش و نزم قسانی کرد، دەنگێک هیچ ڕازێکی ناخ و دەروونی نەدەنواند. پرسی:

- هەموویان شادەتنامەی بەکالوریایان هەیە؟

حەمزە سوەیفی بەرسڤی دایەوە:- دوانیان دبلۆمی بازرگانیان هەیە.

جەنابی با سەعادەت، بە دەنگێکی ستایشئامێز گوتی:

- دنیا لە پێشکەوتندایە، هەموو شتێک لە گۆڕاندایە، دەگۆڕێ، ڕۆژگار بەجۆرێ گۆڕاوە، کە بەکالوریا جێگەی سەرەتایی جارانی گرتووەتەوە.

دڵیان ئاسوودە بوو، بەوپەڕی خاکەساری و گوێڕایەڵی شادی خۆیان دەربڕی. پیاوە لە سەری ڕۆیی:- هەر کارێکتان لێ داوا دەکرێ، بەوپەڕی جدی و سەڕراستی ئەنجامی بدەن.

کەوتە چاوگێڕان بە لیستی ناوەکاندا، تا لە ناکاواو بە شێوەیەکی چاوەڕوانکری پرسی:- کێهەتان عوسمان بەیومیە؟

دڵی بە توووندی لێیدا، ناوهێنانی لە لایەن بەڕێوەبەرەوە، زۆر کاری تێکرد. هەنگاوێک هاتەبەرەوە، سەری دانەواند و بە ئەسپایی و لەبن لێوانەوە گوتی: - منم قوربان!

- دەرەجەکانت زۆر باشن، بۆچی درێژەت بە خوێندنەکەت نەداوە؟

بێدەنگ بوو، پەشۆکا، نەیدەزانی چ بڵێ، هەرچەندە هەمیشە بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک ئامادە بوو، کەسێکی حازر وەڵام بوو.

بەڕێوەبەری کارگێڕی وەکو ئەوەی گەرەکی بێ تەوازی بێنێتەوە، لەبری ئەو بەرسڤی دایەوە: -ئیدی بەهۆی زروفەوە قوربان!

جارێکی دی گوێی بە زەنازەناکە زرینگایەوە، زەنا زەنای قەدەرو چارەنووسی ژنەوتەوە. بۆ یەکەمجار هەستیکرد، کە ڕەنگێکی شین باڵی بەسەر هاماجەکەدا کێشا وبۆنێکی خۆشی سەیر شوێنەکەی پڕکرد. ئیدی، دوای ئەوەی لە لایەن جەنابی ڕێزدارەوە مدارا کرا، خەمی ئەو کۆسپانەی کە نەیان هێشتبوو درێژە بە خوێندنەکەی بدات، لە دڵ دەرچوو. لە دڵی خۆیدا گوتی دەتوانێت بە تاقی تەنیا بە گژ یەک سوپادا بچیت و بەسەریدا سەر بکەویت. ئەلهەقی بەرز و بەرزتر وبەرزتر بووەوە تا سەری دای لە هەور ومەستی مەست بوو. بەڵام جەنابی ڕێزدار، بە قامکان بە مێزەکەیدا کێشا و بەم شێوەیە ئیزنی دا : - سوپاس، خواحافیز..

عوسمان بەدەم خوێندنەوەی ئایەتول کورسییەوە، لەوێندەر وەدەرکەوت.

**( ٢ )**

- خودایا خەریکە گڕدەگرم.

ئاگر، ڕۆحی لە ڕەگ وریشەوە، تا تەپڵی سەری کە، گەیی بووە کەشکەڵانی خەونان، دەخوارد.

دنیا لەچاوی ئەوا، وەکو گورزە ڕوناکییەکی ڕەخشان دەینواند، گورزە ڕوناکییەکەی خستە دڵییەوە و تووند لە هەمێزی گرت وبەخۆوەی گوشی. ئەم پیاوە هەمیشە خەونی دەبینی وکەڵکەڵەی شتێکی دەکەوتەسەر و لێی دەبوو بە مەراق، بەڵام ئەمجارەیان گڕی گرت، لەبەر ڕۆشنایی ئەو گڕو ئاگرە پیرۆزەدا، مانای ژیانی بەدی کرد. بەڵام لە سەر زەویا، یانی لە واقیعدا، بڕیار درا لەبەشی ئەرشیف دەستبەکار بێ. بەلایەوە گرینگ نەبوو، چۆن دەستبەکار بێ، چونکە ژیان لە یەک شانەوە، یان لە شانەیەکیش کەمترەوە، دەستی پێکردووە. ئیدی بەدەم باڵەفڕێوە، لە مەکۆ تازەکەی نیشتەوە، ڕێگای خۆی بۆ ژێرخانی وەزارەت بڕی، تاریکی و بۆنی کاغەزێن کۆنی بەسەردا هات، لە ژوورەوە، لە پەنجەرەیەکی ئاسنەوە، لە ئاستی سەری خۆیدا، سەری ئەرزەکەی بینی. هۆڵێکی درێژی لەبەردەم خۆیدا بینی، دوو ڕیز دۆڵابی کۆن لەمبەر و لەوبەری ڕیز کرابوو، و ڕیزێک دۆڵاب لە ناوەڕاستەوە هۆڵەکەی بە درێژی لەت کردبوو. مێزی فەرمانبەرەکان، لەبەینی کەلێنی نێوان دۆڵابەکان دانرابوون. دووی فەرمانبەرێک کەوت. چوو بۆ لای مێزێک کە کەلێنێکی میحراب ئاسای لە پێشەوە گرتبوو، ئەمە مێزی سەرۆکی بەشی ئەرشیف بوو. سەرۆکی بەش لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو. هێشتا ئەفسوونی خەیاڵە پیرۆزە جادووییەکە بەری نەدابوو، تەنانەت تاریکی ژێر زەمینەکەش بێداری نەکردەوە.

حایر وسەرسام و پەشۆکاو، بە هەڵچوونەوە دووی فەرمانبەرەکە کەوت، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: نا کۆتایی ئەو شتەیە کە مرۆڤ عەوداڵیەتی.

فەرمانبەرەکە ئەوی بە سەرۆک بەشەکە ناساند:

- عوسمانەفەندی بەیومی، فەرمانبەری تازە.

ئەوجا سەرۆکی پێناساند:- سەرۆکمان سەعفان ئەفەندی بەسیونی.

ڕوخساری سەرۆکی بەلاوە ئاشنا بوو، پێدەچوو منداڵی گەڕەکی خۆیان بێ. ئێسکی زەقی ڕوخساری و پێستی ئەسمەر وسافی و، قژە سپیە لوول و گڤەکەی، چووە دڵەوە. هەڵبەتە زیاتر خۆشی لە نیگا میهرەبان وناسکەکانی هات کە ڕەنگدانەوەی مانای سەرۆکایەتیەکی بێهودە بوو. کابرا بزەیەکی کرد، ناشیرینترین شتی، واتە ددانە ڕەش و کرمۆڵەکانی بە دیارکەوتن وگوتی:

- فەرمانبەری تازەمان، بەخێر هاتی، دانیشە..

کەوتە هەڵدانەوەو تەمەشاکردنی، ئەوراق و بەڵگەنامانی دامەزراندنەکەی و ئەوجا گوتی:

- بەخێرهاتی.. سەرچاو.. ژیان، دەکرێ لە دوو وشەدا چڕ بکرێتەوە، خێر هاتن و خواحافیزی..

عوسمان لە دڵی خۆیدا گوتی: بەڵام ژیان وێڕای ئەوەش بێ کۆتاییە. شنە بایەکی نادیارو پەنهانی تەژی هەموو ئەگەرێکی بەسەردا هات. لەم ساتەدا بەخۆی گوت ژیان بێکۆتاییە، بەڵام پێویستی بە ویست و ئیرادەیەکی بێکۆتاییشە.

سەرۆک ئاماژەی بۆ مێزێکی چۆڵی ڕووو ڕووشاوی کاڵەوەبووی مەرەکەباوی کرد وگوتی:

- ئەمە مێزی تۆیە، بە وردی دیقەتی کورسییەکە بدە، چونکە بچووکترین بزمار، چاکەت و پانتۆڵێکی تازە دەدڕێت..

عوسمان گوتی: - شوکر، چاکەت و پانتۆڵەکەم زۆر کۆنە.

کابرا، لەسەر هۆشدارییەکانی ڕۆیی:

- کاتێ کە هەر یەکێک لە کۆنە دۆڵابەکان دەکەیتەوە سوورەتی تەوحید ( قل هو الله احد..) بخوێنە. چونکە پێش جەژنی ڕابردوو، لە یەکێک لە دۆڵابەکانەوە، مارێک هاتە دەرێ، کە نزیکەی مەترێک درێژ بوو..

هێندە پێکەنی، کە کۆکە کۆکی پێکەوت، ئەوجا لەسەری ڕۆیی:- بەڵام ژاردار نەبوو..

عوسمان بە نیگەرانییەوە گوتی:- باشە چۆن ژاردار لە بێژار جیا بکەینەوە؟

- لە پێشخزمەتی ئەرشیڤخانەکە بپرسە. ئەم کەسە لە ئەسڵا خەڵکی ئەبوو ڕەواشە، ئەبو ڕەواش مەڵبەندی مارانە..

ئەو قسانەی فەرامۆشکرد وبەشۆخی و سوعبەتی حیسابکرد. ئیدی کەوتە گلەیی لەخۆی چۆن نەیتوانی بە وردی تەمەشای ژوورەکەی جەنابی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی بکات. چۆن ئەو هەلەی لەدەست دا کە پڕ بەچاوی خۆی سەیری ڕوخسار وکەسیەتی ئەو بکات؟ چۆن هەوڵی ئەوەی نەدا پەی بە نهێنی ئەو ئەفسوونە بەرێت کە هەموو فەرمانبەرەکانی وادار دەکرد کە گوێڕایەڵی بن و ملکەچانە چاوەڕوانی ئاماژەیەکی ئەو بن؟ ئەمە ئەو هێزەیە کە شایستەی پەرستنە و لە هەمان کاتدا جوانییە. ئەمە یەکێکە لە نهێنییەکانی گەردوون، لە سەر زەویدا سڕ و نهێنی بێ شوماری خوایی هەیە، هەڵبەتە بۆ کەسێک کە چاو وئیدراکی هەبێت. زەمانی نێوان هاتن و ماڵاوایی کورتە، بەڵام بێکۆتاییشە. وای بەحاڵی ئەو کەسەی ئەم ڕاستیە فەرامۆش دەکات. هەندێ خەڵکی وەکو سەعفانەفەندی

بەسیونی، ئەو پیاوە میهرەبانە کلۆڵە لە جێی خۆ ناجوڵێن. ئەو دەم لە حیکمەت دەکوتێ بەڵام هیچی لێ فێر نەبووە. هاپۆ بەیومی بابیشی وابوو. ئەوانەی کە ئاگری پیرۆز، لە دڵیان هەڵایساوە واهی نین. تەنیا یەک ڕێگە بۆ بەختەوەری هەیە، ئەویش لە پلەی هەشتەمەوە دەست پێدەکات و ڕەخشان و درەخشان لە پلەی جەنابی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتیدا دەگاتە کۆتایی.

ئەمە ئارمانجی خەڵکی ئاساییە، خەڵکانێک کە لەوە زیاتریان ناوێ. ئەوە تاقە دارەکەی بەهەشتە (سدرة المنتهى) کە لەوێدا ڕەحمەتی خوایی و شکۆی مرۆڤانی تەجەلی دەکات. هەشتەم... حەوتەم... شەشەم... پێنجەم... چوارەم... سێیەم... دووەم... یەکەم... بەڕێوەبەری گشتی. پەڕجووی ئەم ئارمانجە لەماوەی سی و دوو دانەساڵدا دێتەدی... لەوانەشە ماوەیەکی لەوە زیاتریش بخایەنێت. هەڵبەت ژمارەی ئەو کەسانەی لە نیوەی ڕێگا دەکەون یەجگار زۆرە. چەرخی فەلەک بە موڕادی بەشەر، بە تایبەتی فەرمانبەران ناسوورێت.

زەمان وەکو منداڵێکی هێدی و هێمن لەبەر دەستیا دەسەکنێ. بەڵام ناتوانرێ پێشبینی ئایندە بکرێت. ئەو دەسووتێ، ئەمە هەموو شتەکەیە. وا وێنا دەکات ئەو ئاگرەی لە سینەیدا هەڵایساوە، ڕۆشنایی بە ستێرانی ئاسمان دەبەخشێت. ئێمە کۆمەڵە ڕاز ونهێنییەکین، کە تەنیا خالق و ئافەرێنەری ئەو ڕازانە پەی بە نهێنییەکانیان دەبات و لێیان بە ئاگایە.

سەعفانەفەندی بەسیونی پێی گوت:

- لە هاتووانەوە دەست پێبکە، ئاسانترە..

پاشان بەدەم پێکەنینەوە گوتی:

- کاتبی بەشی ئەرشیڤخانە دەبێ لە کاتی کارکردنا چاکەتەکەی دابکەنێ یان دەست پێچێکی قوماش بۆ ئانیشک و قۆڵی دروست بکات، تاخۆی لە شەڕی تەپ و تۆزان بپارێزرێ.

هەموو ئەمانە بە جێی خۆی، ئاسانە، بەڵام کێشەی گەورە ئەمەیە چۆن مامەڵە و بەرخورد لەگەڵ زەماندا بکەین..

**( ٣ )**

لە سوکنەکەی خۆیدا- تاقە ژوورێک بە گەرماو و تەوالێتەوە – بەجۆرێ خۆی دەبینێتەوە کە مانای ژیانی خۆی لەلا بەرجەستە دەبێت. بە حەواسی کراوەو

بەهۆش و گۆشەوە دەژی تا بتوانێ خۆی بە هەر جۆرە چەکێک تەیاربکات. لە پەنجەرە بچووکەکەیەوە، نیشتمان وزێدی خۆی – گەڕەکی الحسینی – دەبینێ. وەکو ئەوەی درێژەی ڕۆح و جەستەی بێ. گەڕەکێکی دوور ودرێژ و پێچاوپێچ، پڕ هەوراز ونشێوە، بە وێستگای گالیسکان و کۆلی ئاو خواردنەوەی کەران بەنێوبانگە. ئەو ماڵەی تیایدا لەدایک وگەورە بوو، ڕوخاوە وشوێنی ماڵەکەی وان کراوە بە مەیدانێکی بچووک بۆ عەرەبانانی دەستی. کەمترین کەسی خەڵکی گەڕەکی ناقبری، ئەوانەی لەوێندەر لە دایک بووبوون، بە یەکجارەکی ئەوێندەریان بە جێ هێشتبوو، مەگەر ئەوانەی مردبن. خەڵکی گەڕەک لە زۆر شوێنان کاردەکەن، لە مبیضه... الدراسه.... السکه الجدیدة... لە شوێنانی دوورتر لەو شوێنانەش کاردەکەن، بەڵام شەوێ بۆ زاگە وزێدی خۆ دەگەڕێنەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندیە ڕەسەنەکانی ئەم گەڕەکە ئەوەیە کە چپەدوو ناناسێت. دەنگەکان بەرزن، تێکەڵەیەکە لە نێوان حیکمەت وساقیلکەیی، یەکێک لە دەنگەکانی گەڕەکی ناقبری، دەنگێکی ئاشنایە، دەنگێکی گەورە وگڕ، کە پیری و هەڵکشانی تەمەن هیچ کارێکی تێنەکردبوو، دەنگی داکی حوسنی، خاوەن ماڵەکە بوو، خەونێن ئەبەدی زۆر دژوارە، مرۆڤ ماندوو دەکات، بەڵام دوێنێ چی بوو؟ ئەمڕۆ چۆن دەبێت؟ ڕاستە کەسێکی وەکو ئەو پەی بە مەحاڵ نابات، خۆ ناشکرێ، بە بێ بەرنامە، بەرنامەیەکی مکووم و دروست، خۆی بداتە دەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە. زۆرجار خەونی دەبینی کە خەریکە دەمیزێ، بەڵام لە کاتی خۆیدا لە خەو ڕادەبوو. ئەمە مانای چی دەگەیاند؟ داکی حوسنی دۆست وهاوکار ورێنوێنی دایکی بوو، دۆستی تەمەنێکی درێژ. هەر دووکیان، مێردەکانیان عەرەبانچی بوون، دوو ژنی زەحمەتکێش بوون، کە مێرووله ئاسا لە پێناوی ژیاندا تێدەکۆشان و ڕاوە قرۆشیان دەکرد، تا یارمەتی مێردەکانیان بدەن و لانە وکاشانەی خۆیان ئاواو ئاوەدان ڕابگرن. داکی حوسنی دەلاڵ، شانەکار، خوازبێنی کەرو... وەلحاسڵ هەمە کارە بوو، دایکی بەدەم کارەوە مرد، لێ داکی حوسنی هێشتا بەوپەڕی ورەبەرزی کاری دەکرد. داکی حوسنی، بە شانس تر بوو، ڕزق ورۆزی زیاتر بوو، پارەو پولێکی ئەوتۆی کۆکردەوە کە توانی خانوویەکی سێ ژووری وژێرزەمینێک بۆ دار وئیزنگ وقەڵاشکەرەی وسووتەمەنی دروست بکات، خۆی لە ژوورێک دادەنیشت وژوورێکی دیکەی دا بە عوسمان. حوسنی کوری، جگە لە ناوەکەی هیچ شتێکی لەپاش خۆی بۆ داکی حوسنی بە جێنەهێشت. ئیدی ڕۆژانی جەنگ ومەینەت بۆ وڵاتانی دوورە دەستیان هەڵگرت و لەو وڵاتانەدا گیرسایەوە.

باشە هەقی خۆی نییە خەونان ببینێ؟ بەهۆی ئەو شولە پیرۆزەوە کە لە دڵ ودەروونیا هەڵگیرساوە، خەون دەبینێ، هەروەها بە هۆی ژوورە چکۆلەکەیەوە خەون

دەبینێ. وەکو چۆن ڕموودەی جێگە وبانەکەی و قەنەفە ودۆڵابەکەی و حەسیرەکەی بووبوو، بەو ئاوایەش متووی خەونەکانی بووبوو. لەگەڵ ئەو دەنگە تیژ وئاهەنگەدارانەدا کەلە گەروویەوە دەردەچوون و لە دیوارە مکووم و ڕەشەکاندا دەنگیان دەدایەوە ڕاهاتبوو.

ڕابردووی ئەو چۆن بوو؟ بابی دەیویست وەکو خۆی بیکات بە عەرەبانچی، لێ مامۆستای حوجرە، پێی گوت:

- هاپۆ بەیومی تەوەکەل بە خوا بکە و ئەم کوڕە بنێرە قوتابخانەی سەرەتایی..

کابرا بە سەر سوڕمانەوە پرسی:

- ئایا بایی ئەوەی لە قورئان ئەزبەر نەکردووە کە نوێژەکانی پێ ڕایی بکات؟

مامۆستا گوتی: - کوڕەکەت زیرەک و بە ئاوەزە. هیچ دوور نییە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببینی کە بووە بە پیاوی دەوڵەت.

هاپۆ بەیومی لە ڕووی نەباوەڕییەوە لە قاقای پێکەنینی دا، مامۆستا گوتی:

- بیبە بۆ قوتابخانەکانی ئەوقاف، لەوەیە بە خۆڕایی وەریبگرن.

هاپۆ بەیومی، ماوەیەک دوو دڵ بوو و پاشان پەڕجوو ڕوویدا وعوسمان بە شێوەیەکی سەیر پۆلەکانی پڕی و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی زۆر سەرکەوتووانە پڕی. لە منداڵە پێ خاوسەکانی گەڕەکی خۆیان جیاواز بوو، بە چاوە تیژەکانی، ئەو یەکەمین پزیسکە پیرۆزەی بینی کەلە دڵە پڕ جۆشەکەیەوە هاتەدەرێ، دڵنیابوو کە خواوەند موەفەقی دەکات و دەرگای بێ کۆتایی لێدەکاتەوە. لە قوتابخانەی خۆڕایی ناوەندی وەرگیرا، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست هێنا، کە بۆ هیچ کەسێکی گەڕەکی الحسینی باوەڕکردەنی نەبوو. هاپۆ بەیومی نەخۆشکەوت، نەخۆشیەکەی نەخۆشی مردن بوو، کوڕی لە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو، پیاوە لە کردەوەکەی خۆی ژێوان بوو، ژێوان بوو لەوەی کورەکەی ناردبووە قوتابخانەی ناوەندی و پێی گوت:

- من خەریکە دەمرم و تۆی قوتابی دەست و پێ سپی و بێدەسەڵات بە جێدێڵم، دوای من کێ گالیسکە ڕانێ؟ کێ ماڵەکە بپارێزێ و ئاگاداری بکات؟

کابرا بە دنیایەک داخ وکەسەرەوە گیانی دەرچوو. دایکەکەی خۆی گورج کردەوە، بەو ئومێدەی بەڵکو خواوەند دەروویەکیان لێبکاتەوەو کوڕەکەی ببێ بە پیاوێکی گەورە، دوو هێندەی جاران شانی دایە بەر کارو کاسبی، ئەدی خوا توانا بە هەموو شتان نییە؟! ئەگەر مەرگی لە ناکاوی دایکی نەبوایە، عوسمان دەکاری خوێندنی

باڵاش تەواو بکات. بە مردنی دایکی زۆر پەرێشان بوو، بۆیە عوسمان لە سوێیاندا لێبڕا، پەیگیری تەما وخەونە پیرۆزەکانی بکات. ئیدی یادی داک و بابیشی لەلا پیرۆز بوو. لە هەر بۆنەیەکا، سەری گۆڕەکانیانی دەدا. گۆڕی داک وبابی، لەنێو گۆڕێن سەدەقەیی لە دەشت و بیاباندا گوم بووبوو. ئیدی تەنیای تەنیا بوو، لقێک بوو لە درەختی خۆی ڕابوو. برا گەورەکەی-کە پۆلیس بوو- لە خۆپیشاندانێکا کوژرابوو، خوشکەکەی لەخەستەخانەی الحميات، بە تیفۆ مردبوو. برایەکی دیکەشی لە زیندانا مرد. کە بیری لە خانەوادەکەی دەکردەوە، خەفەتی دەخوارد وبەزەیی بە داک وبابیا دەهاتەوە. بەسەرهاتی خانەوادەکەی بە درامایەکی باڵا دەزانی و بە ترس و ڕێزەوە تەمەشای دەکرد. چارەنووسەکان لە گەڕەکی واندا، لە لایەن ویستێن هەڤدژ و هێزێن نادیارەوە دیاری دەکران و پاشان لە ئەبەدیەتدا پیرۆز دەبوون. بۆیە لە ڕادەبەدەر باوەڕی بەخۆی هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا پشتی بە خوای گەورە دەبەست. بۆیە هیچ فەرزێکی، بە تایبەتی نوێژی هەینی لە مزگەوتی ئەلحسەیندا، نەدەبوارد، وەکو هەموو خەڵکانی گەڕەکەکەی خۆیان، باوەڕێکی وەهای هەبوو کە فەرقی نێوان دین و دنیای نەدەکرد، دین بۆ دنیا و دنیا بۆ دین. گەوهەرێکی ڕەخشانی وەکو پلە وپایەی بەڕێوەبەری گشتیش، تەنیا مەقامێکی پیرۆز بوولە سەر ڕێگای بێ کۆتایی خوایی. کەلە نێو هاوڕێ و هاوکارەکانیدا دەژیا هەموو ئەو پەند و حیکمەتانەی کە لەوانی دەژنەوت و پێویستی پێیان دەبوو، ئەزبەری دەکردن. پاشان کەوتە دانانی نەخشە وڕێکارێکی ورد بۆ ئایندەی خۆی. بەرنامەکەی لەسەر کاغەزێک نووسییەوە، تا هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی بۆ سەر کار ڕوات دەوری بکاتەوە:

دروشمێک  بۆ کار و ژیان

١ – کارکردن بە وردی و بە ئەمانەتەوە.

٢ – خوێندنەوەی ئەو لیستە داراییەی کە وەکو کتێبی پیرۆز ئاماژەی بۆ دەکرا.

٣ – خوێندن بۆ وەدەست هێنانی شادەتنامەی باڵاتر، وەکو ئەو قوتابیانەی بەبێ دەوام و لە ماڵەوە دەیانخوێند.

٤ – فێربوونی تایبەتی هەر دوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا.

٥ – خۆ ڕۆشنبیراندن، بە ڕۆشنبیری گشتی، بە تایبەتی ڕۆشنبیرییەکی بە سوود بۆ فەرمانبەر.

٦ – نواندن ونیشاندانی دینداری وئاکاری و کوشیاری خۆم لە کارەکەما، بەهەر ئەوزارێکی پەسند و پاک.

٧ – هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی متمانە و خۆشەویستی بەڕێوەبەران.

٨ – سوود وەرگرتن لە هەر دەرفەتێکی بە سوود، هەڵبەتە بە پاراستنی کەرامەتەوە، بۆ نموونە وەکو پێشکەش کردنی هاوکارییەکی ئەدەبی بە کەسێکی پلەدار، دۆستایەتییەکی بەسوود، زەماوەندێکی سەرکەوتوو، کە ڕێگە بۆ پێشڤەچوون خۆشبکات.

زۆرجار، لەو ئاوێنە بچووکەدا کە لە نێوان پەنجەرەکە وجێگای جلەکانیا بە بزمارێکەوە هەڵواسرابوو، تەمەشای خۆی دەکرد، تا لە ڕواڵەتی خۆی دڵنیا بێ. بەهەرحاڵ لەم ڕووەوە ڕواڵەتی عەیبی نەبوو، نەدەبووە کۆسپی ڕێگەی پێشڤەچوونی.

وەکو هەموو کورانی گەڕەکەکەی خۆیان پیاوێکی زەلام و بەدار وبار بوو، ڕوخسارێکی درێژ کۆلەی ئەسمەری هەبوو، هەنیەی بەرز وپرشنگدار بوو، قژی کورت کرابووەوە. بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی بەدەنیەوە ئەوەی لە خۆیدا بەدی دەکرد کە بتوانێ هەر پلەوپایەیەک، چەندیش گەورە و گرینگ بێ، پڕ بکاتەوە.

لە کانگای دڵەوە خۆی هانداو زاتی وەبەر خۆ نا و بەخۆی گوت:

- سەرەتایەکی خراپ نییە، ڕێگاش بێ کۆتاییە..

## ( ٤ )

سەعاتی دیدار لە ئاستانەی بۆشاییدا پیرۆزە، بە دڵێکی پڕ لە ئەشقەوە بەرەو پیری دەچوو، بە شادی وخۆشیەکەوە کە باری قورسی ڕۆژانی ڕابردووی لە سەر شانی سووک دەکرد بەرەوپیری ئەو سەعاتە دەچوو. لەوێ، لە قەراخ سارادا ڕێگەیەکی کۆنی تەرک کراو هەیە، ئەوان لەسەر نزمترین پلەدا بە دوو قۆڵی، شان بەشانی یەکدی لە باوەشی زەردەپەڕی بێکۆتایی ئێوارەدا دادەنیشن، دەشت و بیابانەکە لەبەر دەمیاندا ڕاکشابوو و تا بناری کێوەکە دیاربوو. بێدەنگی بە زمانە نادیارەکەی خۆی گۆرانی دەچڕی. ڕەنگە ئەسمەرەکەی " سیدە " لە ڕەنگی ئێوارەیەکی درەنگی ڕووەو شەو دەچوو، ئەم ڕەنگەی لە دایکێکی میسری و باوکێکی نوبییەوە بۆ مابووەوە، باوکێک کە، ئەم شەش ساڵان بووو، ئەو مردبوو. ڕیشەی دۆستایەتی عوسمان و سیدە لە گەڕەکدا، بۆ ڕابردوویەکی دوور

دەگەڕایەوە، ڕابردوویەک کەلە سەرچاوەی ژیاندا دەتوایەوە. کاتێ کە تەمەشای چاوە خومارو گەورەکانی دەکات یان جەستە وردیلە و بزێوەکەی دەبینێ، نموونەی دڵخوازی خۆی تێدا دەبینی، نموونەیەک کە ئارەزووەکانی بێدار دەکردەوە. سیدە لە گەڕەک و بان و سەربان و هەروەها حوجرەشدا، هاوگەمەی منداڵی عوسمان بوو.

هەرچەندە، تەمەنی لە شازدە ساڵ زیاتر نەبوو، بەڵام بە کەیبانوویەکی زەبەردەست دەژمێردرا. حەوت خوشکی دی هەبوو، هەموو شوویان کردبوو و ڕۆیی بوون، ئەو تاقە یارمەتیدەری دایکی بوو.

سیدە بزەیەکی کرد. هەمیشە ڕووی خۆش وخەنۆڵ بوو، چاوانی گەش وپرشنگدار بوون، بەدەنی بە جووڵە بوو، جووڵەیەکی جوان و دڵگیر. قژە بە شەپۆل و زبرەکەی، بەدەم ئەو شنە وشکەوە کەلە چیایەکەوە دادەگەڕا، سەمای دەکرد. سیدە، بێدەنگیە پڕ ئازارەکەی شڵەقاند و گوتی:

- دایکم زۆری پێخۆشبوو کە لە کاری حکوومەتی دامەزرایت..

عوسمان بە شۆخییەوە لێی پرسی: - ئەدی تۆ؟

سیدە، درێژەی بە بزەکەی دا وهیچ وەڵامێکی نەدایەوە. عوسمان باسکی لە ملی وەرێنا، بە لێوە زبرەکانی، لێوە ئەستوورەکانی مژی. شتاقیان باسی ئەشقەکەیان نەدەکرد، بەڵام لە هەر خەڵوەتێکا بە کردەوە، بە دەست لە ملان و ڕامووسان گوزارشتیان لێدەکرد. سیدە، بە هەناسەی ئەو، تینوویەتی وتامەزرۆیی خۆی، پاراو دەکرد. عوسمانیش بە کامی دڵ ئاشقی ئەو بوو، قەدری چاکی و دڵسۆزی ئەوی دەزانی، خۆبەخۆ و لە ناخەوە هەستی بەوە دەکرد کە سیدە، توانای بەختەوەر کردنی ئەمی هەیە.

- ئەنجام بوویت بە فەرمانبەر..

جۆرە خۆشنوودی و دڵبەندییەک بە دەنگییەوە دیاربوو، عوسمان جارێکی دی ماچی کرد.

- تا ئێستا هیچ کەسێکی گەڕەکی خۆمان بەم پلە و پایەیە نەگەییوە..

هاوتەمەنانی ئەو هەرکەسەو بە کارێکەوە مژوول بوون. کەبە لایاندا ڕەت دەبوو، بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرد، هەندێجار حەسوودی و بەغیلیان پێدەبرد. ئەگەر هەستی بە دوور و درێژی و دژواری ڕێگەکە نەکردبا، هەقی خۆی بوو هەست بە شادی بکات.

- تۆ تاقە ئەفەندی گەڕەکی!

بەکاوەخۆ گوتی:- لە دەرێی گەڕەکی خۆمان، ئەم شتانە هیچ بایەخێکیان نییە.

- دەرێ بەلای ئێمەوە گرینگ نییە، گرینگ گەڕەکی خۆمانە، گەڕەک و مەکۆی گالیسکان!

عوسمان بۆ جاری سێیەم ڕایمووسی و گوتی:

- بە ڕێزەوە باسی گالیسکان بکە..

- ڕاستدەکەی، تۆ مرۆڤێکی زیرەکیت..

بابی سیدە، لە هەمان ماوەدا کە براکەی عوسمان دەستگیر کرا، گیراو لەوێندەرەوە هەواڵەی زیندان کراو، هەر لە زینداندا مرد. بەڵام ئەو ڕووداوانە، لەو بیرەوەریانەن کە گەڕەک بە شانازییەوە یادیان دەکاتەوە. بەڵام سیدە بە دەوری یەک خاڵدا و بە نیاز ومەبەستێکی ڕوون و خۆیا، دەسووڕایەوەو عوسمان نەدەبوو خۆی لێ گێل بکردایە، ئەوەتا سیدە لێی دەپرسێت:

- ئێ ئیدی بەتەمای چیت؟

عوسمان، دەزانێ کە سیدە پەرۆشی وشەیەکە کە دڵی خۆشبکات. هەروەها دەزانێ کە خۆشی ئەمیش ئەگەر لە هی سیدە زیاتر نەبێ، بەهیچ جۆرێ کەمتر نییە. ئەو ئەم کیژەی لە کانگای دڵەوە خۆشدەویست. کیژەکەش ئەمی خۆشدەویست. عوسمان نەیدەتوانی دەستبەرداری بێت بەڵام دەترسێت. دەبێ هەزار ویەک کەڕەت بیر لەمە بکاتەوەو بە لیستی کارەکەیدا بچێتەوە، تا لەو ژیانە ڕا بمێنێ کە لە بەردەمیا وەستاوەو هەم پێشوازی دەکات و هەم بە گژیا دەچێتەوە.

- مەبەستت لەم قسەیە چییە، سیدە؟

سیدە، بە عینادیەکی پەنهانەوە ولەبن لێوانەوە بەرسڤی دایەوە:- هیچ!

- ئێمە نابێ ئەوە لە بیربکەین کە هێشتا بچووکین..

- من؟!

بەجۆرە ناڕەزاییەکی شیرینەوە وشەی منی درکاند وئاماژەیەکی ناسکی بۆ مێیاتیە زەقەکەی خۆی کرد.

عوسمان بە شۆخییەوە گوتی: - مەبەستم خۆم بوو..

- سمێڵت دەرهاتووە، مانای وایە لە هیچت کەم نییە.

سوعبەتەکەی ئەوی بە هەند گرت وپێی وابوو سمێڵ لەم ڕووەوە بە سوودە، لە قازانجی کارەکەیدایە. چ کەسێک دەتوانێ تەسەوری فەرمانبەرێکی گەورە بەبێ سمێڵ بکات؟!

عوسمان بە ئارامی گوتی:- سیدە، دەبێ خوێندنەکەم تەواو بکەم.

- مەگەر خوێندنت تەواو نەکردووە؟ لەچی کەمە؟

- شادەتنامەی بەرز.

- بۆچی؟

- یارمەتیدەرە بۆ پێشڤەچوون و تەڕەقیە.

- وەختێکی زۆر دەبات؟

- بەلای کەمەوە چوار ساڵێک دەخایەنێت.

عوسمان، بە کەسەرێکی پەنهانەوە نائومێدییەکی لە چاوانی سیدەدا خوێندەوە، ناڕەحەتی و نائومێدییەکی شەرم ئامێز و جۆرە توورە بوونێکی لە چاوانیا خوێندەوە!

- چ پێویستییەکت بە پێشڤەچوون و تەرەقیەیە؟

عوسمان پێکەنی، قژی سیدەی ڕامووسی. جورئەتی هیچ ڕەفتارێکی لەوە پتری نەکرد. بۆنی قژەکەی، گەمەکانی دەورانی منداڵی و نەوجەوانی وەبیرهێنایەوە، ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە کاتێ بەدەم گەمەی بووک و زاواوە گیران، چۆن بۆکسێکیان بە پشتیا کێشا. تاریکی بەرەبەرە باڵی بەسەر شاخەکەدا کێشا و لەم کاتەدا دەنگی سترانێک لە فۆنۆگرافێکەوە بەرز بووەوە.

- وادیارە پێشڤەچوون و تەرەقی لەوە گرینگترە کە تەسەورم دەکرد.

دەستی سیدەی لەنێو دەستی خۆی نا و لەبن لێوانەوە گوتی:

- تا هەتاهەتایە خۆشم دەوێی.

ئەو قسەیەی لە کانگای دڵەوە و ڕاستگۆیانەکرد. بە ئەندازەی ڕاستگۆییەکەی خەمی کەوتە دڵ و لەخۆی توورە بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەزموونی ژیان گەورە و بەهادارە، بەڵام سەخت و دژوارە.

بەدیار گۆڕی داک وبابیەوە کەلە نێو گۆڕە بێ شومارەکانا ون بووبوون، ڕاوەستا وفاتیحای خوێند، ئەوجا گوتی:

- خوا بە ڕەحمەتی فراوانی خۆی بتان بەخشێت..

ئەوجا بە منەتبارییەوە ڕوو لەوان گوتی:

- عوسمان بووە بە فەرمانبەرێکی بەڕێز وهەوەڵین هەنگاوی خۆی بە ڕێگایەکی دژواردا دەنێ، بەڵام ڕژدە لەسەر ئەوەی ڕێگاکە تا کۆتایی ببڕێت.

ئەوجا کەمێک دانەوییەوەو بە پاڕانەوەوە گوتی:

- هەموو ئەوەی بەدەستم هێناوە بە فەزڵی خوا وئێوە بەدەستم هێناوە..

کوریژگەیەکی نابینا چەند خوردە سورەتێکی قورئانی خوێندو عوسمان نیو قرۆشی دایە. هەرچەند پارەکە کەم بوو، بەڵام لەو خەمەی کەلە کاتی دانی پارەکەدا، هەستی پێکرد، کەم نەکردەوە. وەختێک کوریژگەکە ڕۆیی، جارێکی دی ڕوویکردە داک وبابی و گوتی:

- بەڵێن بێ ئەگەر خوا ئاواتەکانم بێنێتەدی، بتان گوێزمەوە بۆ گۆڕێکی تازە.

هیچ زانیارییەکی دەربارەی گۆڕانی جەستەکان لەژێر خاکدا نەبوو، بەڵام پێی وابوو هەرچۆنێ بێ شتێکیان لێ دەمێنێتەوە. بەدەم ئەو بیرانەوە، بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ سیدەدا وەیاد هێنایەوە، ڕوخساری گەش وخەنۆڵی هاتەبەرچاوی. عوسمان لە خەیاڵی خۆیدا سیدەی بینی کە خەریکە بە تەوس و توانجەوە تەمەشای دەکات، دڵی گوشرا، هاتەژان و لەبن لێوانەوە گوتی:

- خودایە ڕێگەی ڕاستم نیشانبدە، خودایە هیدایەتم بدە، هەر کارێک دەکەم ئیلهام و سەرۆی تۆیە.

جارێکی دی دوا ڕۆژەکانی ژیانی بابی بە سەرکردەوە. دوا ڕۆژانی ژیانی بابی وەیاد هێناوە. ئەمە شتێکە حەتمی. نەخۆشی وهەڵکشانی تەمەن پەکیان خستبوو، لە کاریان خستبوو، هەموو خۆشییەکی ئەوە بوو کەلە بەر ماڵەوە بەڕەیەک ڕابخات، خەریک بوو بینایی و گوێیەکانی بە تەواوەتی لەدەست دەدا، بیری لە پیری و بێ توانایی خۆی دەکردەوەو بەدەم ئاە هەڵکێشانەوە لەبن لێوانەوە دەیگوت:- خودایا بە ئومێدی لوتف ورەحمەتی تۆ..

لە زەمانی خۆیدا، لە پیاوە بەکارەکانی گەڕەک بوو. ماوەیەکی زۆر بەڕەنجی شان وهێزی بازووی خۆی ژیا. بەردەوام کاری دەکرد، بەڵام هەمیشە هەر هەژار ونەدار بوو، نانی بە دۆی نەدەگەیی.

هێزێکی بەهەدەر چوو بوو لەسەر هیچ نەدەژیا، بێ هیچ هۆیەک لە نەگبەتی و تەنگانانداو، لە قاقای پێکەنینی دەدا. ئێوارەیەک کەلەسەر بەڕەکەی دانیشتبوو، سەیریان کرد مردووە، کەس نەیزانی مەرگ چۆن بەسەر وەختیەوە هات و ئەم چۆن ڕووبەڕووی مەرگ بووەوە. بەڵام مردنی داکی مایەی سەرسامی بوو. خەریکی جل شۆردن بوو، لە ناکاوا دانەوییەوە، کووڕ بووەوە، بە دەم ئازار وژانەوە هاواری دەکرد. ئەمبولانس هات و بۆ نەخۆشخانەی ( قصر العینی ) یان برد، لەوێندەر بڕیار درا نەشتەرگەری ڕێخۆڵەی بۆ بکەن، بەڵام لەکاتی نەشتەرگەرییەکەدا گیانی سپارد.

خانەوادەکەی قوربانیەکی کەم وێنەی مەرگ بوو. شتێک لە ناخیا پێی گوت ڕەنگە لە سۆنگەی ئەوەوە، ئەم زۆر بژی. لەم کاتەدا شەپۆلێکی داخ و کەسەر هێرشی بۆ هێنا. هەر مردنێک بگری لە چاو مردنی برا پۆلیسەکەی ئەمدا، ماقوولە. پیاوێکی وشتر ئاسا، بە پەڵی شۆڕشگێرەکان بکوژرێ، ئەمە چۆن مردنێکە؟ نە براکەی شۆڕشگێرەکانی دەناسی و نە ئەوان براکەی ئەمیان دەناسی. عوسمان سەبارەت بەو ڕووداوانە تەنیا تەمەشاڤانێکی حەپەساو بوو. سەری لە هۆ ومانای ئەو ڕووداوانە دەرنەدەکرد. بەڵێ زۆر شتان لە خوێندنەوەی مێژووەوە فێر بووبوو. هەموو مێژووی کۆنی تا پێش جەنگی گەورە، خوێندبووەوەو شارەزایی تیایدا هەبوو. ئاگای لە شۆڕشەکان هەبوو. بەڵام لە شۆڕشەکاندا نەژیا و خۆی تێکەڵیان نەکرد. زۆری بینی و بیست بەڵام حایر وحەپەساو خۆی لە هەموو شتێک دوورەپەرێز گرت. ئەو سۆزەی لەلا دروست نەبوو کەبۆ مەیدانی ڕابکێشێت. کوشتاری پیاوانی گەورەی دەوڵەت و هەوادارەکانیانی بەدڵ نەبوو! ژیانی لە هەژاری و برسیەتیدا بەسەر برد، ئیدی هەڵپەی ژیان دەرفەتی ئەوەی نەدەدا، ئاسۆی بیرکرنەوەو خەیاڵی پڕێک هێوەتر لەو شتانە بڕوات. بۆیە هزر وبیر وئەندێشەی لە بازنەی سنووورداری دەرد وڕەنج و خەمە نادیار ودژوار وترسناک و یەک لە دووی یەکەکانی گەڕەکی خۆیان هێوەتر نەدەڕۆیی. بەڵام ئەمڕۆکە، ئامانجێکی دنیایی و خوایی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو کەبە خەیاڵی خۆی هیچ پەیوەندییەکی بەو ڕووداو وبویەرە سەیرانەوە نییە کە بەناوی سیاسەتەوە ڕوو دەدەن. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤ، ئەو ژیانە تایبەتیەیە کە بەندە بە لێدانی دڵییەوە. کە ئەمەش وەستاوەتە سەر هەوڵدان ودڵسۆزی و داهێنان. ئەمە ژیانێکی پیرۆز وئاینییە. بەمجۆرە ژیانە خودی لە خزمەتی ئەو دەزگا پیرەزەدا کە پێی دەگوترێ حکوومەت یان دەوڵەت، دێتەدی. لەو ڕێگەیەوە گەورەیی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دێتەدی و لەم ڕێگایەشەوە حوکم و ئیرادەی بەرز و باڵای

خواوەند دێتە دی. هەندێ کەس لە دووی شتێکی پێچەوانەی ئەمەن، بەڵام ئەوانە خەڵکانێکی شێت و درۆزنن. لەبەر ئەوە هەرچی دەکرد نەیدەتوانی لەخۆی ببورێ کە بۆچی پڕ بەچاو تەمەشای ناو ژوورەکەی بەڕێوەبەری گشتی یان کەسێتی ئەوی نەکردووە، ئەوێک کەلە پشت دیوارێکەوە، هەموو دایەرەکەی بەڕێوە دەبرد، جا بەڕێوەبردنێکی ورد و سیستەماتیکی ئەوتۆ کە سیستەمی فەلەکی و حیکمەتی ئاسمانانی وەبیر مرۆڤی گێل و نەزان دێنایەوە.

ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا.

فاتیحایەکی دیکەی خوێند و بەدەم دوعا خوازییەوە گوتی:- باوکە لەلای خوای خۆت دوعای خێرم بۆ بکە.

بە دەوری ئەو گۆڕەدا کە کێلەکانی کەوتبوون و درزی تێکەوتبوو، سووڕایەوەو ئەوسا گوتی:

- دایکە تۆش لەلای خوا دوعام بۆ بکە.

**( ٦ )**

بە دوو یەکدا هاتنی وەرزەکانی زۆر پێ سەیر بوو. بەدەم کارکردنی بەردەوامەوە لەگەڵیاندا دەژیا. وەرزی زستانی گەڕەکەکەیان زۆر دژوارە، بەڵام وەرزێکی خۆشە بۆ کارکردن. بەهار بە گڕەو گەرما وگەردەلوولەوە، بەڵایە، هاوین هەر مەپرسە، دۆزەخێکە لەو گۆڕە، پاییزیش بزەیەکی گۆنگ و بە ئازارە. ئەو بە ورەیەکی پۆڵایین وئارەزوویەکی ئاگرینەوە درێژە بەکار دەدات. کتێبێن مافناسی لە ژێر بەڕەکە ولەسەر تاقچەی پەنجەرەکە ڕیز کراون. شەوان کەم دەخەوێ بە گژ فکراندا دەچێت و مل لەبەر ملی ئاڵۆزی و گۆنگان دەنێ، تەنانەت نایەوێ هەر بە سەرکەوتن ڕازی بێ، بەڵکو بیر لە شتێکی زیاتر لە سەرکەوتن دەکاتەوە.

ڕۆژی هەینی بۆ ڕۆشنبیری گشتی تەرخاندەکات، ڕۆشنبیرییەک کە شایستەی بەڕێوەبەرانی گشتی وئەوانە بێ کەلە خزمەتی بەڕێوەبەرانی گشتیدان. خووی دایە شیعر، شیعرێکی زۆری ئەزبەرکرد، تەنانەت هەوڵیدا بەخۆی شیعر بڵێ، بەڵام لەمەدا ناکام بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی شیعر لە کۆنا وتاکو ئێستاش باشترین هۆ بووە بۆ نزیک بوونەوە لە گەورە پیاوان و دەرکەوتن لە بۆنە و ئاهەنگە فەرمییەکاندا. بێ توانایی لە شیعر داناندا بۆ ئەو شکست و ناکامییەکی خراپ بوو، بەڵام بەهەرحاڵ باشترین ڕێگە بوو، بۆ قاڵ بوونەوە لە مەیدانی پەخشان و گوتار، کە هیچیان لە شیعر کەمتر نەبوو، بۆ گەیشتن بە سەرکەوتنی دڵخوازی خۆی. دڵی

دەڵێت شێوازی ڕوون و ڕەوان و جوان لە قسە کردنا زۆر زەرورییە. زمانی بیانیش هەمان ڕۆڵ وبگرە زیاتریش دەبینێ. هەموو ئەم زانین وزانیاریانە بە سوودن، وەختێک سوود وبەهایان بە دیار دەکەوێ کەلە بۆرسەی دان و ستانە ئیدارییەکاندا بەهایان بەرزدەبێتەوە. کەواتە فەرمانبەر تەنیا بە پەیڕەوکردنی ڕێنماییە داراییەکان ناژی. بەڵێ دەبێ لە هەر شتێکی بەسوود، شتێک فێر بێ و بزانێ، کێ دەزانێ؟ ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەکەڵکی بێ. لە دڵی خۆیدا دەیگوت ژیانی ڕەوتێکی بەردەوامە و بە ئاوەڕۆی نوور وعیرفاندا دەڕوات، هەر شتێکی جوان لە گەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت و لە مەیدانانی بیر و هزردا لقی لێدەبێتەوە، ئیمان وشکۆی ئاپڕوومەندانەی بە شەڕی بەرەوپێش ڕایدەدات، تا لە ئەنجامدا پڕژێتە بەر دەرگای ئیلاهی..

بەڵام ئارامی دەروونی، لەسەر پلەکانی ڕێگا کۆنەکەدا دەبینی. ئەویش لە باوەشی ئەشقێکی گەرم و گۆڕا، لە باوەشی کیژێکی ڕند وبەدەوی میرەباندا، لە باوەشە پاک و هەڵایساوەکەیا. بێ ئەنجامدانی هیچ کارێک یان درکاندن و دەرپڕینی هیچ وشەیەک. بە هەمان ئەندازەی وابەستەگی بە ژیانەوە، بە مەعشوقە ودڵدارەکەیەوە وابەستە بوو، بە هەمان ئەندازەی خۆشەویستی ژیانەوە، ئەویشی خۆشدەویست. ئاخ، خۆزگە ژیان بەو خۆشەویستی و شادیە کەمە ڕازی دەبوو. سیدە، لە نیگەرانی خۆیدا، سنووری محافەزەکاری سروشتی خۆی بەزاند. بە ئانقەست سۆز وگودازی ڕاستگۆیانەی خۆی دەربڕی و تاسەی ئاگرین وگەرم وگۆڕی خۆی نیشاندا. سیدە، جارێک بە تاسەوە پێی گوت:- من بەبێ تۆ ناژیم.

بەڵام قسەکانی لەچاو ئەو لەزەتەوە کە لێوە ئەستوورەکانی پێی دەبەخشی، ساردوسڕ بوون. سیدە، جارێک پێی گوتبوو:

- تۆ هەموو شتێکی منی، ڕابردوو و ئایندەی منیت.

چاوە هەنگوینیەکانی پرشنگی وەفاداری ترس وتاسەی ڕاستیان لێدەبووەوە. لە گەرمەی هانکەهانکی ئاگرینی ڕامووسان ودەست لە ملانێدا، سیدە،، بەدەم ئاە هەڵکێشانەوە گوتی:- لەیەک شتمان کەمە.

عوسمان، گەوجانە وخۆپەرستانە گوتی:

- ڤیانی تەواومان لەهیچی کەم نییە!

سیدە، شانی ناڕەزایی هەڵتەکاند، بەڵام بە پارێزێکی ئەوتۆوە کە نەیدەویست ئیحراجی بکات و بە خورتی دانی بەخۆدا گرت. عوسمان خۆی لە ژێرباری سەرکوتێکی ترسناکدا بینییەوە، کە لەگین بوو ئەم سەرکوتە جارێک لە جاران،

تووڕی بداتە بەر ڕەحمەتی نادیارەوە. بۆیە ملی بۆ دەعوەتی یەکێک لە هاوکارەکانی دا، کە لە گەڵیا بچێت بۆ گەڕەکی (الدرب) ، کە گەڕەکی فەرمی لەشفرۆشان بوو. جا عوسمان بەو حوکمەی یەکێک بوو لە کوڕانی گەڕەکی " الحسینی " بێ ترس ملی ڕێگای گرتەبەر، پێی نایەسەر ئەو ڕێگایەی کە دوو چرای غازی دوور لەیەک ڕووناکیان دەکردەوە، دوو چراکە ئەوەندەیان تەپ و تۆز لێنیشتبوو کە قەراخی ڕێگاکە لە تاریکیەکی ئەوتۆدا نقوم بووبوو کە ئارەزووی سێکسی دەبزواند. چاوە نیگەرانەکانی گێڕا تالەسەر نێچیرێک گیرسانەوە. پاشان بە گوێرەی عادەت و بەمەبەستی تۆبە و پەشیمانی و داوای بوردن، کڕنۆشی برد وبۆ ماوەیەکی زۆر کەوتە نوێژ وعیبادەت. ئەمە کارێک بوو هەرجارێ سیدە، ڕووبەڕووی نیازە قووڵ و پەنهانەکانی ئەو بووبووایەتەوە ئەنجامی دەدا. وێڕای ڕەنجی کاری بەردەوام، ڕەنجێکی ویژدانی توندتر بەرۆکی گرت. کار گەییە ئەوەی کە شەوانی درێژ و پڕ ماندوویەتی، بە نیگەرانیەکی دەروونی وەکو لە خۆ چوون ڕۆژ دەکردەوە. هەندێ جاریش چاوانی تەژی ڕوندک دەبوون بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێ.

سەعفان بەسیونی، سەرۆکی بەشی ئەرشیف، بە دڵبەندی وپارێزەوە پەیگیری چالاکیە فەرمیەکانی عوسمانی دەکرد. بەسیونی سەبر وجدییەت وخۆشخوویی و خۆشڕەفتاری عوسمانی بەدڵ بوو. لە سەرەتادا، لەوە دەترسا کە عوسمان تاقە فەرمانبەری ئەرشیڤخانە بوو کە شادەتنامەی بەکالوریای هەبوو، ئەمە جگە لەوەی خولیایەکی سەیری فێربوونی هەبوو، کە ئەمە دەیکردە کارێک زۆر لەو بەرزتر بێتەوە، کە تەنیا شادەتنامەی " سەرەتایی " هەبوو. نە هەقی نەبوو لەمە بترسێت. عوسمان هەر زوو پەی بەمە برد. بەڵام تەماحی کردە چالاکی خۆرسکی ئەو و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ بەسیونیدا قووڵ کردەوەو بە گوێرەی ئەمر و ڕای ئەوی دەکرد، ڕێنماییەکانی جێبەجێ دەکرد، تا کابرا بە تەواوەتی متمانەی پێکرد و بەوپەڕی سادەیی و دڵپاکی دڵی خۆی بۆ کردەوە. لە کاتی دەست بەتاڵی و بێکاریدا گرێی دڵی بۆ دەکردەوە، تەنانەت نۆرین و دیدگای خۆی سەبارەت بە سیاسەت و مەیلە سیاسیەکانیش، بە ڕاشکاوی بۆ دەرپڕی. کابرا هێندە بە جۆش وخرۆشەوە باسی سیاسەتی دەکرد کە عوسمان خۆی لەوە دوور دەگرت کە بێ لایەنی خۆی دەربپڕێ یان بە سارد و سڕی بێ لایەنی خۆی سەبارەت بەو مەسەلانە ئاشکرا بکات. بۆیە هەمیشە بە گونگی و پارێزەوە دەیگوت:

- ئەلهەقی ئێمە زۆر لەیەکەوە نزیکین و یەک مەشرەبمان هەیە و ئەمەش سەیر نییە..

پیرەمێرد، بە ئەندازەیەک بەو قسانە خۆشحاڵ بوو کە عوسمان حەپەسا. مژوولی وسەرقاڵی ئەم پیاوە بەو مەسەلانەوە، مایەی سەرسامی عوسمان بوو، لەوەش سەیرتر سەرگەرمی هاوکارە نەگبەتەکانی بوو بەو مەسەلانەوە. چ شتێک وەهای کردبوو ئەوانە بەوجۆرە ڕمووودەی سیاسەت بن؟ باشەهیچ خەم و خولیایەکی قووڵتریان نییە، تا بە سیاسەتەوە مژوول بن؟

بەڵام بە حەقارەتێکی زۆرەوە بەخۆی گوت: ئەمانە خەڵکانێکن کە هیچ ئارمانجێکی دیاریکراویان بۆ خۆیان دەست نیشان نەکردووە، وباوەڕی ئاینیان، باوەڕێکی سەتحی و سەرڤەسەرڤەیە و وەکو پێویست بیریان لە مانای ژیان و لەوە نەکردووەتەوە کە خودا بۆچی دروستی کردوون. بۆیە هزر و تەمەنیان لە بێهودەیی وسەفسەتە و چەنەبازیدا بە فیڕۆ چووە و توانای ڕاستەقینەیان بە بێکاری بەهەدەر چووە. دوای خەیاڵ و کڵاوی بابردوو کەوتوون، زەمان دەبووڕێ و ئەوان پێ نازانن..

**( ٧ )**

سەعفان بەسیونی، دوای ئەوەی بەریدی لێوەرگرت، پێیگوت:

- من لە ماڵی خۆما دەعوەتی شەو بێرییەکی خۆشت دەکەم..

عوسمان هەم حەپەسا وهەم ناڕەحەتبوو، بەڵام بیری لەوە نەکردەوە خۆی بدزێتەوە. کابرا گوتی:

- لە ماڵە دراوسێیەکمان شایی و داوەتە، ئێوارە کەلەپاچە دەخۆین و بۆخۆمان لەبەر هەیوانەکە دادەنیشین و گوێ لە سترانان دەگرین..

کابرا لە قاتی سێیەمی خانووەکەیدا کە کەوتبووە کوچەی دەریاوە لە گەڕەکی ( باب الشعريه ) دادەنیشت. عوسمان کە چووە ماڵەکەی ئەو سەیری کرد، بەتەنێ هەر ئەو دەعوەت کراوە. دڵی بەوە خۆش بوو کە سەرۆکەکەی ئەو بایەخەی پێیداوە. شێوێکی بەلەزەتی لەگەڵیدا خوارد. شێو چ شێوێ! بریتی بوو لە مژی، تەوێڵ، زمان، کڵاو قازی، گۆشتی سوورەوە کراو بە ترپ و ترشیات و مرەبای شەمامەوە. سفرە وخوانێکی نایاب و ئاوەدان، تێروپری خوارد. ئەوسا بە دوو قۆڵی لەو بانێژەیەدا کە دەیڕوانییە سەر ئەو ماڵەی شایی و ئاهەنگەکەی تێدا بوو، ڕۆنیشتن. حەوشەکە لە ڕۆشناییدا غەرق بووبوو، چراخانێک بوو لەو گۆڕە، دەعوەتکراوان بەڕیز لە سەر قەنەفە و کورسیان دانیشتبوون. ڕاڕەوەکان پڕ بوون لە کوریژگە ومێر منداڵان. دەیان و دەیانیش لە سەر دیوارەکانی ماڵەکەوە دەیانڕوانییە ناو حەوشەکە. ماڵەکە لە

ناوەوەش هەر ڕوناکی و چراخان بوو، هات وچۆی ژنان دەبینرا، جۆرەها دەنگ بەرز دەبووەوە. ئیدی دەنگی پێکەنین و کۆکە و هەلهەلە بەرز بووەوە. عوسمان کە دەیڕوانیە هاماجی داوەتەکە دڵی کەوتە لێدان، گەرمای ئاوێتە بە بۆنی ژن وڤیان دڵی داگیرکرد. بۆیە یەکەم گۆرانی سترانقانەکان، کارێکی لەوە زیاتری تێکرد کە چاوەڕوانی دەکرد، یان لە ڕابردوودا پێی ڕاهاتبوو. عوسمان حەزی لە گۆرانی نەدەکرد، بەڵام ئەگەر بە خۆڕایی بایە وهیچی تێ نەچووبا، پێی ناخۆش نەبوو، هەڵبەتە ئەوەش بۆ ماوەیەکی کەم. بەهەرحاڵ، موزیقا هەندێجار نەک خراپ نییە، بەڵکو شتێکی باش وئارامبەخشە. زەوجین پەیوەندییەکی جوانە، هەم شادیە هەم دینە. داخ و کەسەرێکی تەواو سەر ودڵی گرت.

- ڕەنگە پێویستت بە سەرگەرمیو وەختگوزەرانی بێت، زۆرجار ئەمە بەخۆم دەڵێم..

سەعفان، بەدەم ئەو قسەیەوە، بە ڕوخسارێ دەیڕوانیە ئەو کە نیوەی کەوتبووە بەر ڕوناکی شادییەکە و نیوەکەی تری لەبەر سێبەردا بوو. هەروەها گوتی:

- هەموو تەمەنت لە کار وخوێندندا بەسەر دەچێت، بەڵام ژیانیش زۆر شتی لێ دەوێین.

عوسمان بە ڕواڵەت، بە وردی گوێی لێدەگرت و لە ناخا گاڵتەی پێدەهات. عوسمان ڕقی لەهەر پەند وئاموچیارییەک بوو کە هانی تەمبەڵی بدایە، ئەمەی بە کوفر و ئینکاری نیعمەتی خوای گەورە دەزانی. لەم کاتەدا سیدە وعەزابە دوور ودرێژەکەی بیر کەوتەوە. ئەوەی بیر کەوتەوە چی لەسەر ئەمە کە بیکات و بیپارێزێت و پێیدا بچێتەوە. هەستی کرد بزەیەکی بێ مانا کەوتە سەر لێوی.

سەعفان جارەکی دی گوتی:

- تۆ پیاوێکی بە هیمەت و ورە بەرزیت، بەڵام ئاسوودەیی دڵ و دەروونیش گەوهەرێکی زۆر بەهادارە.

عوسمان پێی گوت:- سەعفان ئەفەندی تۆ پیاوێکی بە ئاوەزیت..

تارماییەک لەبەر دەرگای بانێژە وهەیوانەکەدا بەدیارکەوت. کچێک بوو سینییەک چایی بەدەستەوە بوو کە بۆن و بەرامەی نەعنای لێهەڵدەستا. ڕوناکی شادی ڕوخساری ڕۆشن کردەوە، هەرچەندە ژوورەکەی پشتییەوە تاریک بوو، بەڵام ڕوناکییەکە بەشێک لە ڕوخساری ڕۆشنکردەوە. دەموچاوێکی خڕی گەنمڕەنگی هەبوو، جوانیەکی ئاشکرا، بەڵام پڕێک گونگ ومەند بە سیمایەوە دیاربوو. عوسمان لە کاتێکا کەمێک دانەوییەوە تا کووپە چایەکەی هەڵگرێت، تووشی جۆرە نیگەرانیەک

بوو، لە نزیکەوە تەمەشایەکی باسکە نەرم و نۆڵەکەی کرد، دەتگوت بۆنی نەعناکە لە کیژەکە دێت. کچەکە بۆ خولەکێک یان کەمتر وەستا، پاشان، لە کاتێکا بەدەم بزەیەکی شەرمنانەوە، پەشێو وپەشۆکاو، لە تاریکییەکەدا ون بوو، بێدەنگییەک وەکو ئەوەی زادەی هەستکردن بە گوناح بێ، باڵی بەسەردا کێشا. عوسمان هەستیکرد، پیلانێک لە گۆڕێدایە، بۆیە زیاتر نیگەران بوو. سەعفان گوتی:- کچەکەمە.

عوسمان، بەڕێزەوە سەری لەقاند..

- شادەتنامەی سەرەتایی وەرگرت و ئەوسا قوتابخانەی تەرککرد..

بەڕێز وحورمەتەوە لەسەر سەر لەقاندنەکەی بەردەوام بوو. دەنگی بەند وئاوازی دەنگبێژەکان بەرز بووەوە. سەعفان لە سەری ڕۆیی و گوتی:

- ماڵ قوتابخانەی ڕاستەقینەیە بۆ کچ..

عوسمان، هیچی نەگوت، هیچی نەدۆزییەوە تا بیڵێ، بەو بێدەنگییە خۆی ئیحراج کرد.

- تۆ ڕا و بۆچوونت لەو بارەیەوە چییە؟

- منیش هەمان ڕاوبۆچوونی تۆم هەیە..

بەڵام عوسمان، لەم کاتەدا، هەوڵ وتەقەلای بێوچانی دایکی لە ژیانە تاڵەکەیدا وەبیر هێنایەوە. هەستی کرد داوی بۆ نراوەتەوە. بە دەنگێکی شاد و نەوی، ناسک و نەرم گۆرانی و ئاواز دەستی پێکرد.

سەعفان، لە بن لێوانەوە گوتی:- چ دەنگێکی خۆش و جوانە!

- بەڵێ.

- ژیانیش جوانە.

- بێگومان.

- بەڵام حیکمەتی لێدەوێین تا جوانی و خۆشی خۆیمان پێببەخشێت..

- باشە حیکمەت و بەردەباری، لەو میوانە نییە کە بە زەحمەت دەست دەکەون؟

- نەخێر، حیکمەت بەخششێکی خوای گەورەیە.

عوسمان لە دڵی خۆیدا گوتی خوا ئێمەی بۆ ئیسراحەت یان ڕێگای کورت نەخوڵقاندووە. کابرا گەماڕۆی دەداو ئەو ڕادەست نەدەبوو، بەڵام چۆن ئازادی خۆی و ڕەزامەندی سەرۆکەکەی پێکەوە بەدەستبێنێ؟! ئیدی ئاگای لە ئاوازو گۆرانیەکان نەبوو. سەعفان بەگوێ و بەدەست و لاقانی پەیگیری گۆرانی و ئاوازەکانی دەکرد و لەهەمان کاتدا بە چاوانی کونجکاوەوە تەمەشای ئەوی دەکرد. وەکو جەلادێکی فریبۆک مۆرەی لێدەکرد. عوسمان هەستیکرد بۆ ئەوەی داکۆکی لە خۆی، کەبەر هەڕەشە کەوتبوو، بکات، دەبێ وەڵامێکی پڕ بە پێستی دەعوەتەکەی ئەو بداتەوە. ئەم بیر وخەیاڵە، بوو بە بارێکی قورس و بە ئازار بەسەر دڵییەوە. ئەو تاقە پولێکی بە خۆرایی و بەبێ زەرورەتێکی تەواو خەرج نەدەکرد. هەرکە یەکەم مووچەی وەرگرت، حیسابێکی لە دەفتەری تەوفیری پۆستەدا کردەوە.

بۆیە قەت بیری لەوە نەکردبووەوە کە ماڵەکەی یان گەڕەکەکەی یان خواردنەکەی بگۆڕێت. قەناعەتی وابوو کە پاشەکەوت، یەکێکە لە ئامرازە گرینگەکانی هەوڵ و تەقەلای ئەو و سرووتێکە لە سرووتە ئاینییەکانی و ئەمانێکە دژی ترس لە دنیایەکی ترسناکدا. بەڵام هەندێ کار هەن، خۆ دزینەوە قەبووڵ ناکەن. دەبێ وەڵامی دەعوەتەکەی سەرۆکەکەی بە دەعوەتێکی باشتر بداتەوە. دەبێ بۆ خوارنگەیەکی دەعوەت بکات نەک دەعوەتی ژوورەکەی کە پڕە لە کتێبان و هیچی تری تیا نییە. ئەمەش مانای وایە دەبێ پارەیەکی زۆر خەرج بکات. نەعلەت لە کەسانی گەوج و کەودەن. ئاواز وگۆرانیەکان لە گوێی ئەودا بوون بە ژاوەژاو و هەرا و زەنایەکی بێتام ومانا، دەرگای دۆزەخی لێ ڤەبوو. کابرای پیرەمێردیش لە خۆشیا سەری دەلەقاند وئاگای لەوە نەبوو چ تاوانێکی کردووە. دنیا خەریک بوو یەکێک لە مەخسەرە بازییەکانی خۆی نیشاندەدا.

## ( ٨ )

عوسمان دوای نزیکەی مانگێک لە دەعوەتەکەی سەرۆک، ئێوارەیەک بۆ خوارنگەی " الکاشف " ی دەعوەت کرد. ماسییەکی خۆش وبەلەزەتیان لەگەڵ محەلەبیدا خوارد. پیرەمێرد لەوپەڕی خۆشیدا بوو، وای وێنا دەکرد، فریشتەی خۆشبەختی و ڕەحمەت لە ئاسمانەوە بۆی بێتە خوارەوە. پێدەچوو بە شێوەکە قانیع نەبوویێو پێشنیازی کرد کە:

- ڕات سەبارەت بە شەو بێرییەکی الفیشاوی چییە؟

عوسمان، دڵی دالەرزی، هەستی بە ئازارێکی قووڵ کرد، بەڵام هەر دوو دەستی لەبن هەنگڵی نان وگوتی:- کە بیرۆکەیەکی جوانە!

لە کاتێکا لە چاخانەکە دانیشتبوون، یەکێک لە جەژنەکانی ڕەمەزانی بیرکەوتەوە کە دیزداشە نوێیەکەی لە شەڕێکی گەڕەکی الحسینیدا دڕا، بابی حەسیر مەیدانێکی باشی کرد ودوای ئەوەی دایکی دیزداشەکەی بۆ درووەوە، ناچار بوو یەک دانە ساڵی تەواو بەو دیزداشەیەوە بەرێتەسەر. شادی و دڵخۆشی کابرای پیرەمێرد،ئەوی ناڕەحەت کرد. هەڵبەتە پیرەمێرد چاوەڕوانی ئەوە بوو خەبەرێکی خۆش بژنەوێت، شادییەکی نیگەران لە قوڵایی چاوە سیسەکانیەوە دەدرەوشایەوە. لە هەموو شتێک ڕازی بوو... گوتی:

- لەگەڵ هاوکارەکانی ئەرشیفخانەتدا چۆنی، ئاسوودەی؟

- ئا، پێموایە..

- نەگبەت و داماون، بەڵام خەڵکی باشن.

- وایە، بەڕاستی خەڵکی باشن.

- بەڵام تۆ کوڕێکی زۆر چاکی. کە خوێندنت تەواو کرد کاری پارێزەروانی دەکەیت؟

- بە تەما نیم، بەڵام هیوادارم حاڵم باش ببێت.

- بیرۆکەیەکی باشە، ئەم خولیا ئاپڕوومەندانەیەتم بەدڵە!

عوسمان، پێدەنگیەکەی شکاند ولێیپرا خۆی لەم ڕەوشە ڕزگاربکات، هەرچەندە لەگین بوو، ئاواتەکانی کابرا لە گۆڕ بنێ، گوتی:

- خولیاکانی من لەوە گەورەترنکە وێنا بکرێن.

کابرا بە نیگەرانییەوە تەمەشایەکی کرد ولێی پرسی:

- بەڵا بە دوور، بۆچی؟

- من ئەو خولیا وتەمایەم نین کە تۆ تەسەوری دەکەیت، خولیا و تەمای زۆر بچووکتر لەوەم هەن..

- بەڕاست؟

- ئەگەر هەل ومەرج وبارودۆخ زۆر دژوار نەبوایە، بیرم لە هیچ نەدەکردەوە تەنیا لە مەسەلەیەکی سادە، ئاسایی و ماقوول نەبێ، ئەویش تەواو کردنی نیوەی دووەمی دینەکەمە!

کابرای پیرەمێرد، نەیتوانی ئەو نائومێدیە بشارێتەوە کە خەریک بوو خەفەی دەکرد، پرسی:

- کام هەل ومەرج و زروفە؟

عوسمان، بە کەسەرەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:

- بەرپرسیاریەتی قورس، ئێمە ڕۆڵەی هەژاری و نەدارین، هەژاری لە دوومانە و لێمان نابێتەوە..

لە فکران ڕاچوو وبەدەنگێکی خەمین لەسەری ڕۆیی:

- چەندم حەز دەکرد..

عوسمان، دەتگوت کە خەم و پەژارە بە سەریدا زاڵ بووە، بێدەنگ بوو، کابرای پیرەمێرد لەبەر ڕوناکییەکە لاکەوت وچووە بەر سێبەرەکە. هیچ چارێک نییە ودەبێ بە هەرنرخێ بووە، دۆستایەتی ئەو ڕابگرێت. دەنگی کابرا لە سێبەرەکەوە هاتە گوێی:

- کەی دەتوانی لەسەر پێی خۆت بوەستی؟

عوسمان، بە دەنگێکی نائومێدی ئامێزەوە، بەرسڤی دایەوە:

- من کۆمەڵێک منداڵ وبێوەژنم بە ملەوەن. من گاجووتێکی چاو بەستراوەم کە بە دەوری ناعوورێکدا دەسوورێتەوە..

هەموو شتێک خەفە بوو، تەنانەت دەنگی تەق و هۆڕی زار وپولەکانی تاوڵەکەش نەدەهاتە گوێ. عوسمان جارەکی دی و بە ئەسپایی گوتی:

- چەند حەزم دەکرد..

پیرەمێرد ئیدی تاقە وشەیەکیشی نەگوت. ویستی فاتوورەی حیسابەکە بدات، بەڵام عوسمان قەبووڵی نەکرد وپارەی لە گیرفانی، کە خەریک بوو دەدڕا، دەرهێنا وحیسابەکەی دا. خۆشی مەجلیسەکەیان ڕەوییەوەو ، هەوڵ وتەقەلای ڕواڵەتیان نەیتوانی زندووی بکاتەوە. بە دوو قۆڵی لە چاخانەکە وەدەرکەوتن وتا مەیدانی باب الشعریە بە پێیان ڕۆیشتن، لەوێ کابرای پیر لێی جیابووەوەو بەرەو ماڵی خۆی

ڕۆیی. عوسمان هەستی بە ماندوویەتی و نیگەرانییەکی زۆر کرد، شەپۆلێکی شێتانەی بێپەروایی هێرشی بۆ هێنا و کردیە کارێک پەنا بۆ دەستبادیەکی نائومێدانە وەکو جۆرە خۆکوژییەک ببات.

بێ دوو دڵی بەرەو گەڕەکی الدرب ڕۆیی، تا نیگەرانی، خەم وعەزابەکانی ویژدانی لەوێندەر بەتاڵ بکاتەوە و بینێژێت. بە خەمینیەوە بەخۆی گوت:

- تەنانەت هەڵەکانی بەشەریش دەبێ پیرۆز بن..

**( ٩ )**

لە کاتێکا خەریک بوو دەچووە ماڵەوە، داکی حوسنی ڕێگەی پێگرت. داکی حوسنی ئەم کارەی لە خۆڕایی و بەبێ هۆ نەدەکرد. عوسمان، تەمەشای ڕوو و ڕوخسارە پڕ چرچ و لۆچ و قژە لە خەنە گیراوەکە وجەستە پڕ و تۆکمەکەی، وێڕای ئەوەی کە پیر بوو، کرد و داکی خۆی بیرکەوتەوە. بەدەم زەردە خەنەوە تەوقەی لەگەڵیدا کرد، داکی حوسنی گوتی:

- خەبەرێکم پێیە..

- خێر بێ ئیشەڵڵا.

داکی حوسنی، تەنیا چاوەکەی بچووک کردەوە- چاوەکەی دیکەی لە یەکێک لە شەڕەکانی گەرەکدا لەدەست دابوو- گوتی:

- هیچ خێرێکی تیا نییە..

عوسمان، نیگایەکی جدی ژنەی کرد، ژنە گوتی:

- خوازگار، خوازگارێکت لێ پەیدا بووە!

- چی؟

- خوازگار هاتووەتە خوازبینی سیدە..

خەم و پەژارەیەک سەر ودڵی گرت، پێدەچوو تەسەوری شتی وەها نەکات. هەرچی سەری هێنا و سەری برد هیچ قسەیەکی بۆ نەهات کە بیکات.

- کابرایەکی خەیاتە..

زۆرچاک دەیزانی ئەم شتە درەنگ یان زوو هەر ڕوو دەدات. نە هەوڵی نەهێشتنی دا ونە ئومێدی ئەوەی هەبوو پێشی بگرێت. وەکو مەرگ وابوو. هیچی نەگوت، داکی حوسنی دەستی گرت و بۆ ژوورەکەی خۆیی ڕاکێشا، ئەوی لە تەنیشت خۆیەوەو لەسەر قەنەفەکە دانا و، لێی پرسی:

- مەسەلەکت بەلاوە گرینگ نییە؟

لەناخی ناخەوە هەستی بە ئازارێکی توند کرد. هەستیکرد دنیا خەریکە هەرەس دێنێ، دادەڕوخێت. بە توورەیی گوتی:

- پرسیارێن بێ مانا لە من مەکە..

- خۆت هێور بکەوە..

- باشتر وایە بڕۆم.

- بەڵام ناتوانی بیدینی.

دنیا زیاتر و زیاتر هەرەسی دێنا.. داکی حوسنی گوتی:

- تۆ دەبوایە بەخۆت ئەمەت زانیبا.

- بۆچی؟

- دایکی بە هیچ جۆرێ نایەڵێت لە ماڵ بچێتە دەرەوە. پیاوێکی ڕاستی باشترە لە پیاوێکی خەیاڵی..

عوسمان، لە بن لێوانەوەو بە گێژوویژی گوتی:

- پیاوێکی ڕاستی باشترە لە یەکێکی خەیاڵی!

- تۆ خۆشت دەوێت، وا نییە؟

بە کەسەرەوە گوتی:- خۆشم دەوێت.

- هەموو خەڵکی گەڕەک بەمە دەزانن.

- ئەمە حەقیقەتە.

- زۆرچاکە، ئەدی بۆ قسەیەک ناکەیت؟

بەتووندی گوتی:- ناتوانم.

- گوێ بگرە، کیژێ دەستەودامێنم کەوت کە ئەم خەبەرەت پێبگەیەنم..

بەوپەڕی نائومێدییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا. ژنە گوتی:

- هەر ئێستا پڕۆ و خوازبێنی بکە، یان ڕێگەم بدە کە من لە جیاتی تۆ ئەم کارە بکەم.

بە دەنگێکی گونگ و فامنەکری کەوتە خۆ دواندن، لە تۆ وایە بە زمانێکی نەزانراو قسان دەکات، ژنە گێژ بوو، عوسمان وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسان بکات، بەردەوام بوو:

- خودا نامبەخشێت..

- پەنا بەخوا، ئایا ئەو بە شایستەی فەرمانبەرێکی وەکو خۆت نازانیت؟

- داکی حوسنی، ئەم قسانە بە زمانی منەوە مەکە..

- دەی قسەی دڵتم پێ بڵێ، من وەکو دایکت وام.

عوسمان ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- من ئێستا ناتوانم ژن بێنم.

- چاوەڕوانت دەکات، چەندت بوێ چاوەنۆڕت دەکات.

- چاوەڕوانییەکە درێژە دەکێشێت..

- بە قسەیەک بیبەستەوە، یەک قسە بەسە بۆ ئێستا..

- نەخێر من کەسێکی خۆپەرست نیم، من لەبەر خۆی لەبەر شادی و بەختەوەری ئەو، ئەمە ناکەم. قەبووڵ ناکەم چاوەڕوان بکات.

داکی حوسنی ویستی درێژە بە قسەکانی بدات، بەڵام عوسمان لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بەکاوەخۆ بە کوچەی تەنگ و تاریکی گەڕەکەکەدا کەوتە پیاسە، هەستی بە عەزابێکی قووڵ دەکرد و بەرەبەرە لە ناچاریدا ملی بۆ ئەو واقیعە دەدا کە جارێکی دی نای بینێت. وێڕای ئەو داخ و کەسەرەی سەر ودڵی گرتبوو، هەستی بە ئاسوودەییەکی پەنهانی پڕ لە نائومێدی دەکرد، چەند هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد ئەوەندەش هەستی دەکرد، بەدبەخت بووە. خۆشی دەوێت وهیچ کچێکی دی ناتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کەئەو لە دڵی ئەمدا بەجێی هێشتووە، ئەم ئەشق و ڤیانە بە ئاسانی ناسڕدرێتەوەو فێری دەکات چۆن ڕقی لە

خۆی و بەرزەفڕییەکانی خۆی ببێتەوە، بەڵام ئەو بەوپەڕی نەفرەت ونائومێدییەوە، لەسەریان سوور دەبێت.

ئیدی ئەمە شێتییە، شێتی هەڵیگرتووە، بەڵام شێتیەکی پیرۆزە وبەحەقارەت وشکۆوە دەرگای شادی و بەختەوەری دادەخات و ئەم هەڵدەداتە سەر ڕێگای پڕ دڕک و داڵی گەورەیی و شکۆ.

بەختەوەری بۆ خۆکوژیی هاندەدات، بەڵام بەدبەختی هانی دەدات کە دووی ژیان بکەوێ، ژیان بپەرەستێت!.

بەڵام حەیف بۆ تۆ سیدە!... لەدەستدانی تۆ خەسارەتێکی گەورەیە!..

**( ١٠ )**

لە هەموو شتێکدا پێشکەوت، بەڵام ئازارەکەی هەمان ئازار بوو کەم نەدەبووەوە. بەسەر کارەکەیدا زاڵ بوو، بە ڕادەیەک لە کارەکەیدا قاڵ بووەوە کە سەعفان بەسیونی- هەرچەندە لێی پەست بوو- شایەدی ئەوەی بۆ دا کە کەسێکی ئیشکەر وبەتوانا و سەر ڕاستەو، لەم باریەوە گوتی:

- یەکەم کەس بۆ دەوام دێت ولە دوای هەمووانەوە دەڕواتەوە، لە کاتی نوێژا، لە مزگەوتەکەی وەزارەتدا پێشنوێژی، نوێژکەرەکان دەکات..

عوسمان، هەم کاری خۆی دەکرد وهەم کاری ئەوانەشی دەکرد کە دوا دەکەوتن. باسکردنی کۆمەک کردنی بەوانی دی، کەمتر نەبوو لە باسکردنی بەهرە وتواناکانی. لە خوێندنەکەشیدا، بە ورە ومکوورییەکی ئەوتۆ دەچووە پێشێ کە مژدەی سەرکەوتنێکی گەورەی پێبوو.

خووی بە کتێبخانەوە گرتبوو، بە بەردەوامی هاتوچۆی کتێبخانەی دەکرد. لەپاڵ خوێندنە قورسەکەی یاسادا، بە تاسەوە جۆرەها سەرچاوەی کەلتووری هەمە جۆریشی دەخوێندەوە هەروەها بووبوو بە یەکێک لەو کەسە ناسراوانەی لە نوێژی هەینیاندا، لە مزگەوتی الحسیندا دەبینرا، ئیدی هەم لە گەڕەکدا وهەم لە وەزارەتدا، بە خواناسی و پارێزکاری نێوبانگی دەرکرد، بەڵام عەزابەکەی بە ئاستەمیش کەم نەدەبووەوە. سیدە، بە تەواوەتی بەسەر خەیاڵ و هۆشیدا زاڵ بوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- سیدە، گەوهەری یەک دانەی ژیانمە..

لەکاتی ژوانەکانی لەگەڵ سیدەدا، لەسەر پلەی ڕێگا کۆنەکە دادەنیشت وگەرمای بیرەوەریان سەراپای دادەگرت وبەجۆرێ تیایدا نقووم دەبوو، کە ئەوی بە زیندوویەتی دەهاتە بەرچاو. لەو ساتانەدا کە جەزمە دەیگرت ولە خۆ دادەپڕا وحاڵ دەیگرت چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە دەنگی هەنگاوە سووکەکانی بێتە گوێی وخۆی بە هەموو تاسە وشەرم و شکۆیەکییەوە ببینێ. چاوەڕوانی ئەوە بوو گوێی لە قسە دوور ودرێژەکانی بێ، چاوانی لە دەست لەملانێ و ڕامووسانەکانی پاراو بکات. بەڵام سیدە، هەرگیز نەدەهات ونایەت. بە تەواوەتی لێی داپڕابوو، پێدەچوو بەیەکجارەکی فەرامۆشی کردبێت. خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت عوسمانی بە خەیاڵدا بێت، ئەوا بە نەفرەتی دەکات، چونکە شایستەی نەفرین ونەفرەتە. عوسمان عەسرانێک بە ژێر پەنجەرەکەیدا ڕەت بوو، وای هاتە خەیاڵ کە سەری سیدەی لە پشت ئەو مەرکانەیەوە بینی کە بۆ ئەوەی فێنک ببێت لە دەرەوە دایاننابوو. بەڵام سیدە لەوێ نەبوو، ڕەنگە بە بێزاری و بەپەلە لەوێندەر لاکەوتبێ، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- مرۆڤ بە عەزابەکانیەوە پیرۆزە..

هەروەها گوتی:

- هیچ کارێکی مرۆڤ لە عیبادەت بەدەر نییە..

عوسمان، بەیانییەکی ڕۆژی هەینی، لە النحیمیەدا سیدەی لەگەڵ دایکیا بینی. بۆ یەک سات نیگایان لە نیگای یەکدی هەڵەنگوت، بەڵام سیدە بە بێ موبالاتی چاوی لێگواستەوە. هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە. یەکێک لە ماناکانی مەرگی بۆ بەدیارکەوت، ڕێک وەکو چۆن بابی بە ویست و ئیرادەی خۆی لە بەهەشت وەدەرکەوت. بە شانازی وگەورەییەوە خۆی بە مەیدانی ڕەنج و عەزابدا دەکات.

بە پارێز وهەڵچوون ونائومێدییەوە هات وچۆ گەڕەکی ( الدرب)ی دەکرد. پشتی ماوەیەک پەیوەندی دەگەڵ کیژێکی هاوتەمەنی خۆیدا پەیدا کرد کە دەیگوت قەدریەی ناوە. وەکو سیدە ئەسمەر بوو، بەڵام لە سیدە ئەسمەرتر وقەڵەوتر بوو، هەڵبەتە زۆر قەڵەو نەبوو. لەوەتای لاقەکانی ئەویان بۆلای قەدریە بردبوو – کە ماوەیەکی کەم نەبوو- ئاوڕی بەلای هیچ ئافرەتێکی دیدا نەدابووەوە. ژوورەکەی قەدریە، ژوورەکەی خۆی وەبیر هێنایەوە. بەڵام ژوورەکەی قەدریە سادەتر وهەژارانەتر بوو، کومبار وفەرشی تیا نەبوو، چەند پارچە نوێنێک بەسەر یەکەوە هەڵچنرابوون، تاقە یەک کورسی تیا بووکە هەم بۆ دانیشتن بەکار دەهات و هەم بۆ جل پێدا هەڵواسین، ئاوێنەیەکی تیابوو، تەشتێک ومەسینەیەکیشی تیابوو. بۆیە لە شەوانی زستاندا نەیدەتوانی چاکەت وپانتۆڵەکەی دابکەنێت. چەندین ساڵ بووری ئەمانە

جگە لە چاک و خۆشی و ئەحواڵپرسی کاتی هاتن ورۆیشتن، هیچ شتێکی تریان لە بەیندا نەبوو. هەرچەندە عوسمان پیاوێکی فرە بەدین بوو، بەڵام قەدریە فێری بادەنۆشی کرد، یەک پەرداخ شەرابی " السلسلة " بە نیو قرۆش بوو، ئیدی بە پێکێ سەرخۆش دەبوو و شێتاتی بە جۆرێ خوێنی دێنایە جۆش کە جارێک بەدەم نەشەیەکی کۆمیدیەوە بە قەدریەی گوت: - تۆ خاتوونی جیهانیت.

لە ژوورە ڕووت وڕەجاڵەکە ورد دەبووەوە، بۆنی بخوردی دەکرد، تەمەشای مێرووەکانی دەکرد، میکرۆبە مت بووەکانی دێنایە بەرچاوی خۆی و لە خۆی دەپرسی: باشە ئەم گۆشە نەفرەتیەی جیهان کەلە ئاگری دۆزخا غەرق بووە، بەشێک نییە لە مەملەکەتی خوا؟!.. جارێکیان باران دایکرد، هەورە بریسکە دەستی پێکرد، ئیدی عوسمان لە ژوورە ڕووت و ڕەجاڵەکەدا گیری خوارد. ڕێگاوبان چۆڵ بوو، هەراو زەنا نیشتەوەو تاریکی دنیای لە هەمێزگرت. قەدریە چوارمشقی لە سەر تەختە خەوەکە دانیشت. عوسمان، لەسەر کورسیەکە کەلە دار حەیزەران دروستکرابوو ڕۆنیشت. تاقە مۆمێک ژوورەکەی ڕوناک کردەوە کە کات درێژەی کێشا، دەفتەرێکی لە بەڕکی دەرهێنا کە هەندێک سەرنج و تێبینیانی لەمەڕ دەرسەکانی تیا تۆمار کردبوو و وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی بەدەنگی بەرز کەوتە خوێندنەوەی. قەدریە لێی پرسی: قورعانە؟

بەدەم بزەیەکەوە، سەری باداکە نەخێر.

- ئەدی مەوعیدی دڵداری و ئاشقێنیە؟

- دەرسەکانمە!

- خوێندکاری؟!.. ئەدی بۆ سمێڵ دادەنەی؟

- فەرمانبەرم و بە شەو دەخوێنم..

بە داخ و کەسەرەوە " سیدە "ی وەبیر هێنایەوە. بیرێکی بە مێشکا هات کە ئاسوودەی کرد، ئەویش ئەوە بوو کە ئەم بارانە بە خوڕە، گەڕەکی الدرب دەشواتەوەو ڕەنگ هەڵدێنێ و ڕووی دەکرێتەوە.

ڕۆژێک گەڕایەوە بۆ گەڕەک، سەیری کرد بەر ماڵی سیدە جوان تەخت کراوەو بەیداخ وئاڵا بەم بەر و بەوبەرەوە دەشەکێتەوە، دڵی کەوتە لێدان، لەسەر قاڵدرمەکاندا تووشی دایکی حوسنی بوو- ئایا دایکی حوسنی بە ئانقەست لە ڕێگایا وەستابوو و چاوەڕوانی دەکرد؟- سڵاوێکی ڕەوتەنی لێکرد وبەلایدا تێپەڕی، گوێی لێبوو دایکی حوسنی دوعای بۆ دەکرد:

- خوا مرازت حاسڵ بکات وبەختەوەرت بکات..

نەیدەتوانی تەرکیز لەسەر دەرسەکانی بکات. ژوورە چکۆلەکەی پڕ بوو لە دەنگی هەرا و زەنا، هەلهەلە وسەروسەدای خۆشی و شادی کوڕیژگان. موزیقای حسب الله، بەڵێ ئیدی سیدە دەچووە ناو مەملەکەتی پیاوێکی دیکەوە، بەشێک لە دەورانی جەوانی دەپێچرایەوەو لەگۆڕ دەنرا.

***

بە عەزم و جەزمێکی تازەوە لە ماڵ وەدەرکەوت. لە دڵی خۆیدا گوتی ژیان لە هەموو ئامانجەکانی گەورەترە. حیکمەتی خەیام لە هی مەعەڕی جوانترە. دڵ تاقە موڕشید وڕێنوێنە، خۆی بە جۆرێ بە شاییەکەدا کرد کە گوتیان شێتە. ئاماژەی بۆ سیدە کرد و پێی گوت:

" من سەرپشکت دەکەم وخۆت حەکەم بە " . سیدە، وێڕای هەراو هەنگامە و سەر و سەدایەکە، بە دەنگیەوە هات. چونکە لەو دەمە هەستیارانەی کە پێش ئیعدام دەکەون، حەقیقەتەکان بە ڕووتی و ڕوونی بەدیار دەکەون و مەرگ ڕاو دەنەن. سیدەی لەگەڵخۆیدا برد و سێ کوچەیان بڕی و لە دەرگای سەرکەوتنەوە تێپەڕین وگەیشتنە شاری مردووان، هەردووکیان لە خۆشیا مەستی مەست بوون.

***

هەرا وهەنگامە وهەلهەلە وگۆرانی و لاوژە تا بەرەبەیان بەردەوام بوو. تەمەشای وشەکانی دەکرد، بەڵام کەم و زۆر لە ماناکانیان تێنەدەگەیی. هەستی بە تەنیایی کرد، بە ناو دنیایەکی قاقر و خاڵی لە هەر سەر وسەدا وئاوات و ئارەزوویەک کەوت. کول وکۆڤانی ڕێگا سەخت و دژوارەکە دڵی گوشی، ئیدی شەڕی میللەتان و، شەڕی میکرۆبان و، شەڕی نوژداری وسەلامەتی وەبیر هێنایەوە و هاواری کرد:

- خودایا هەر تۆ گەورە وپاک وبێگەردی!

**( ١١ )**

جەنابی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی:

بە شانازییەوە بە جەنابی با سەعادەتتانی ڕادەگەیەنم کە بەندە ئەمساڵ شادەتنامەی بەکالوریۆسی مافناسیم – بە شێوەی ناڕاستەوخۆ – وەرگرت. من ئەم کارەم لە پێناوی وەدەست هێنانی زانستی زیاتر ولە ڕای تەواوکردنی ئەوزاری زیاتر وزەروری بۆ بابایەکی فەرمانبەر کردووە. من لەم کارەمدا ئیلهام و سەرۆم لە

گەورەیی جەنابتان و لە سایەی پاشای گەورەمانەوە وەرگرتووە. خودا بیپارێزێت و لە بەڵا بە دووری بکات.

تکام وایە ئاگادار بن ودەستوور بفەرموون شادەتنامەکەم کە هاوپێچی عەرز وحاڵەکەمە، بخرێتە فایلەکەمەوە، تکام لە جەنابی با سەعادەتتانە ئەوپەڕی ڕێز وحورمەتم قەبووڵ بفەرموون.

عوسمان بەیومی

فەرمانبەری هاتوو لە بەشی ئەرشیڤخانە

ئەو لەچاو هاوکارەکانی دیکەیدا کە وەکو ئەو بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و بە موڕاسەلە درێژەیان بە خوێندن دابوو، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. بێگومان ئەو نامە و عەرزوحاڵەی بۆ جەنابی ڕێزداری نووسیوە، بە هەموو گۆشەیەکی دایەرەکەیاندا دەسووڕێتەوەو هەمووان بەو سەرکەوتنە گەورەیەی دەزانن. لە سەرەتاوە نامەکە دەخرێتە بەردەم سەرۆکی ڕاستەوخۆی خۆی، سەعفان بەسیونی تا ئیمزای بکات وبۆ جەنابی حەمزە سویفی، بەڕێوەبەری کارگێری بنێرێ، نامەکە لە ئەرشیڤخانەدا سادیرە دەکرێت و پاشان لە واریدەی ئیدارەدا تۆمار دەکرێت. دوای ئەوە دەدرێ بە حەمزە السویفی تا ئیمزای بکات و عەرزی جەنابی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی بکرێت. ئەوجا دەدرێ بە سادیرەی ئیدارە تا تۆماری بکات، پاشان دەدرێ بە واریدەی نووسینگەی بەڕێوەبەری گشتی، پاشان حەزرەتی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی دەیخوێنێتەوە، بە چاوی خۆی دەیخوێنێتەوەو خاوەنەکەی وەبیر دێنێتەوە ولەگینە سۆزیشی ببزوێنێ، ئەوجا ئیمزای دەکات و هەواڵەی بەشی خزمەتگوزاری دەکات تا کاری پێویستی دەربارە بکرێ، پاشان وێنەیەکی بۆ ئەرشیڤخانە دەنێردرێ، واتە بۆ ئەو شوێنە دەنێردرێ کە یەکەمجار نامەکەی لێوە نێردراوە تا لە فایل ودۆسیەی خزمەتەکەیدا بپارێزرێ، بەوجۆرە دەورەیەکی فەلەکی تەواو دەبێت و هەموو کەسێک بەمەسەلەکە دەزانێت.

ڕۆژێکی تەواو سەرمەستی خۆشی و شادی بوو ، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. ڕۆژان هاتن و چوون. دوایی؟ ئایا بێدەنگی هەموو شتێک هەڵدەڵووشیت؟ هیچ شتێک ڕووی نەدا، ئاگری پیرۆز لە سینەیدا هەڵایساوە، نزرگەی ئیمام حسەین شایەدی موناجاتە دوور و درێژەکەیەتی. ڕێگا دوورە وهیچ شتێک مژدەی ڕووناکی ونووری ناداتێ. خوێندنەکەی تەواو کرد، بەڵام سوود وەرگرتنی لە دەریای ڕۆشنبیری ناوەستێ و بەردەوام دەبێت، ڕەموودەی ڕۆشنبیری

دەبێت، تینوویەتی زانستی خۆی بە ڕۆشنبیری پاراو دەکات وخۆی پێ پەروەردە دەکات تا شایستەگی و توانای ئەوەی هەبێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە فەزڵ و ئیزنی خودا بگاتە ئەو پلە و پایەی لە دڵی خۆیدا بە تەمایەتی تا وەکو چەکێک لە خەباتی دوور ودرێژ و تاڵیا، لە جەنگەڵی فەرمیدا کە هەر خوازیارێکی پلە و پایە دەبێ قوربانی بۆ بدات، بەکاری بێنێ. ئەو، جادووی سەروەت و سامانی نییە، لە بنەماڵە و ماڵباتێکی خانەدان نییە. هیچ هێزێکی حیزبی نییە پشتیوانی لێبکات. لەو کەسانەش نییە کە ڕازی بن دەوری پەتبازان یان کۆیلە یان گەوادان ببینن، بەڵکو یەکێکە لە ڕۆڵە کڵۆڵەکانی میللەت کەدەبێ پەنا بۆ هەر چەکێک بەرن، سوود لە هەر دەرفەتێک بدینن، تەوەکەل بە خوا بکەن، ئیلهام لە حیکمەتی ئەبەدی خواوەند کە مرۆڤی خستە سەر زەوی، وەربگرن و بە ڕەنج و خوێنی جگەر، مرۆڤ جارێکی دی بۆ ئاسمان بڕواتەوە، لە میانەی تێپەڕبوونی ڕۆژگارەوە، کەلە ڕەوتی هەمیشەیی خۆی ناوەستێت. کارمەندێکی پلە حەوت لە بەشی ئەرشیڤخانە نەقڵ بوو بۆ وەزارەتێکی دیکە ڕۆیی و بە سەدەمی ئەوەوە پلەی ناڤبری بەتاڵ بوو. سەعفان بەسیونی پێی گوت:

- تۆم بۆ ئەم پلە بەتاڵەکە کاندید کردووە، لە ئەرشیڤخانەدا کەس بە ئەندازەی تۆ شایستەی ئەو پلەیە نییە..

عوسمان، بە منەتباری و مەمنوونیەوە دەستی گوشی و پڕ بەدڵ حەزی دەکرد ماچی بکات، پیرەمێرد پێی گوت:

- حەوت دانە ساڵت لە پلەی هەشتەمدا بەسەر بردووە، لەو ماوەیەدا بەکالوریۆسی مافناسیت وەرگرتووە، توانا و شایستەیی بێ وێنەی خۆت سەلماندووە.

کابرای پیرەمێرد پێکەنی و ددانە ڕەش و کرمۆڵەکانی بە دیار کەوتن، ئەوجا گوتی:

- ئیشەڵڵا ئەم پۆستە هەر بۆ تۆ دەبێت، خەڵکانی واسیتەدار حەزیان لەوە نییە لە دایەرەیەکدا دابمەزرێن کە پڕ بێ لە مار وجڕ وجانەوەر.

چاوەڕوانی درێژەی کێشا و ڕۆژان بوورین. لە دڵی خۆیدا گوتی:

ئەوە حەوت ساڵی خشتە من لە یەک پلەدام، خۆ ئەگەر بەم حیسابە بێت، پێویستم بە شەست و چوار ساڵە، تا بگەمە ئاواتەکەم. بەڕێوەبەری گشتی، کە بووە بە ئاگری پیرۆز و بەربووەتە دڵی، لەوساوە کە دەگەڵ فەرمانبەرە تازەکاندا، دەستەونەزەر لە هەنتەری ( حوزوور ) بەڕێوەبەری گشتیدا وەستا، ئیدی چاوی پێنەکەوتەوە. پڕ بە دڵ حەزیدەکرد لە گۆشەیەکی مەیدانەکەدا بوەستێ تا

تەمەشای کاروانەکەی بکات کە چۆن بە شکۆ وقەداسەتی پاشایانەوە لە وەزارەتخانە دەر دەکەوێت. ئەمە ئامانجی ژیان و مانا و شکۆی ژیانە.

لە ڕۆژانی ئامادەکردنی بودجەدا، کار زیادیکرد و بەڕێوەبەری ئیداری پێویستی بە فەرمانبەرانی زیادە بوو، پەنای بۆ فەرمانبەرانی ئەو بەشانە برد کە سەر بە ئیدارەکەی خۆی بوو، لەو بەینەدا، عوسمانی لە بەشی ئەرشیڤخانەوە داواکرد. عوسمان بەوە خۆشحاڵ بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی ئەمە ڕێکەوت ودەرفەتێکی باشە، ئیدی لێبڕاوانە کەوتە کارکردن چ لە گەڵ موراجیعاندا و چ لەگەڵ یاریدەدەرانی ئیدارەدا. لە چەندین کۆبوونەوەدا لە گەڵ خودی بەڕێوەبەری ئیدارەدا بەشداری کرد. وەکو گڕکان تەقییەوە، لە تۆ وایە لە وەتای ئاگری پیرۆزی تەما و بەرزەفڕی لە دڵیا هەڵایسابوو، چاوەڕوانی ئەم دەرفەتە بووە. ئیدی خۆی لە قەبەڵی بەڕێزان سەرانی ئیدارە کرد ولە بەیانی زووەوە تا نیوەشەو کاری دەکرد. ئیدی لە هەندێک هەل ومەرجی هەستیار ودژواردا هەموو شتێک لە دایەرەدا فەرامۆش دەکرێت، تەنیا توانا و بەهرەی واقیعی نەبێت، یانی کار شەرتە. هەڵبەتە ئامادەکردنی بودجە کارێکی قورس و هەستیارە، پەیوەندی بە بەڕێوەبەری گشتی و وەکیل وەزیر و وەزیر وئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان و ڕۆژنامەڤانیەوە هەیە. بۆیە لە گەرمەی ڕۆژانی ئامادەکردنیا، هیچ خاوەن ئیمتیازێک نابوێردرێ ودەرفەتی خۆ دزینەوەی نییە و چاوپۆشی لێنایەتە کرن. بەڵام هەڵبژاردنی تایبەتی خۆی خۆی دەسەپێنێ و خەڵکانی بەتوانا دێنە پێشەوە و دان بە توانای زاتیدا دەنرێت، هەرچەندە لەگینە وەکو پێویست هەقی خۆشی نەدرێتێ. عوسمان، سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشا و متمانەی تەواوی بەدەست هێنا. توانای دەگمەنی لە کاردا دەرکەوت، هەروەها تواناکانی لەواری یاسا و مافناسیشدا دەرکەوت. هەر بەو سەرکەوتنانەوە نەوەستا کە بە دەستی هێنان، بەڵکو ژێراوژێر و خۆبەخشانە خۆی بۆ نووسینی پرۆژە یاسایەکی بودجە تەرخانکرد، کە عادەتەن دەبوایە بەڕێوەبەری ئیدارە بینووسێت، یانی ئیشی بەڕێوەبەری ئیدارە بوو. ئیدی کارکردن دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند، کەبە تەنیا حەمزە سویفی، بەڕێوەبەری ئیدارە بدینێ. کاتێ کە ئەوراقەکانی دایەدەست بەڕێوەبەری ئیدارە، بەوپەڕی ئەدەب و نەزاکەتەوە گوتی:

- جەنابی بەڕێوەبەر، ڕێگەم بدە با هەندێک لەو تێبینی و سەرەنجانەت عەرزبکەم کەبەدەم کار کردنەوە تۆمارم کردوون، لەوانەیە لە کاتی پێداچوونەوەدا بە ڕەشنووسی بودجەکەدا سوودی لێوەربگیرێت!

حەمزە سویفی، نیگایەکی حەقارەت ئامێزی کرد و بە جۆرە بەزەییەکەوە گوتی:

- تۆ گەنجێکی بە توانای وەکو باست دەکەن..

- ئەستەغفیرۆڵڵا قوربان.

- بەڕاست پیرۆزە، ئەمڕۆ ڕەزامەندی لەسەر بەرزکردنەوەت بۆ پلەی حەوتەم هاتەوە..

عوسمان هەستی بە سەرکەوتن و بەختەوەری کرد و بە منەتبارییەوە گوتی: - بە فەزڵی خواو ئێوەوە!

بەڕێوەبەری ئیدارە، بزەیەکی کرد و گوتی:

- پیرۆزە، بەڵام بودجە و ڕەشنووسی بودجە شتێکی دییە!

بە ڕژدی گوتی:

- خوا ڕاوەستاوتبکات و پلە وپایەت هەر بەرز بێت من حەدی ئەوەم نییە خۆم لە قەرەی بودجە بدەم، بەڵام بەدەم کارکردنەوە هەندێک تێبینی و سەرەنجانم لەلا دروست بوو، تێبینی کەسێک کە ماف ودارایی خوێندووە، ئومێدەوارم لە خزمەتتاندا بێ تا کاتێ بۆ نووسین و پەسەند کردنی پرۆژەی هەستیاری بودجە کۆ دەبنەوە سوودی لێوەربگرن.

کابرا سەرنج وتێبینییەکانی لێوەرگرت، کەوتە خوێندنەوەی. عوسمانیش بەوپەڕی دیقەتەوە تەمەشای دەکرد. تێبینییەکان بە ئاشکرا سەرنجیان ڕاکێشا، ئەوجا بە ئارامییەکی ڕواڵەتییەوە گوتی:

- شێوازی داڕشتنەکەت باشە..

- سوپاس گەورەم..

- پێموایە خوێنەرێکی زۆر باشیت.

- وایە قوربان.

- چی دەخوێنیتەوە؟

- ئەدەبیات، ژینامەی ناوداران، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی..

- ئایا توانای پاچڤەت هەیە؟

- من کاتی دەستبەتاڵیم، بە خوێندنەوەی قامووسان بەسەر دەبەم.

حەمزە سویفی بە پێکەنینەوە گوتی:

- زۆر چاکە، خوا موەفەقت بکات..

عوسمانی مەرەخەس کرد، بەڵام تێبینییەکانی لەلای خۆی گلدایەوە. عوسمان، بە کەیف و خۆشی لە ژوورەکە وەدەرکەوت ودڵنیا بوو کە متمانەی بەڕێوەبەرەکەی بەدەست هێناوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا، لە پلە حەوتەمەکە گرینگترە.

کاتێ پرۆژەی بودجەکە، دوای چەند مانگێک هاتە چاپکردن، عوسمان، یەکسەر کەوتە خوێندنەوەی پێشەکی پرۆژەی بودجەکە، ئەو پێشەکییەی خوێندەوە کە بەدەستی خۆی نووسبووی، بینی تەنیا هەندێک سووکە گۆڕانی تێدا کراوە، دەنا هەمان شت بوو کە خۆی نووسیبووی. زۆر بەمە کەیفخۆش بوو، متمانەیەکی زۆری بە خۆی و ئایندەی خۆی پەیدا کرد، ئەم ڕاز ونهێنییەی بەکەس نەگوت.

زۆری نەبرد فەرمانی گواستنەوەی لە ئەرشیڤخانەوە بۆ ئیدارەی بودجە دەرچوو. هەمان شەو لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەیدا ڕاوەستا و کەوتە نیگاکردنی گەڕەکەکە، کەلە تاریکیدا نقووم بووبوو. سەری هەڵبڕی و ستێرە بیدارەکانی بینی، وا دەهاتنە بەرچاو کەلە یەک شوێندا وەستاون، بەڵام هیچ شتێک لە گەردووندا ڕاوستاو نییە. گوتی خودا ستێرانی جوانی دروستکردووە تا وادارمان بکات تەمەشای سەرێ بکەین. بەڵام کارەسات ئەمەیە کە ڕۆژێ دێت لەو سەرەوە تەمەشای خوارەوە دەکەن و هیچ شوێنەوارێکی ئێمە نابینن. بوونی مە هیچ مانایەک پەیدا ناکات، تەنیا بە ڕەنج وئارەقە وخوێن نەبێت.

**( ١٢ )**

سەعفان بەسیونی پێی گوت:

- چەند بە بوونت لە بەشی ئەرشیڤخانە خۆشحاڵ بووم، ئەوەندە بە نەبوونت لەوێندەر ناڕەحەتم.

عوسمان، بە شێوەیەکی کاتی لەو هاماجە سۆزدارییەدا توایەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:

- جەنابی سەعفانەفەندی من هەرگیز نە تۆ لە بیردەکەم و نە ئەو ماوەیەش کەلە بەشی ئەرشیڤخانە بووم.

- بەڵام من خۆشحاڵم بەوەی کە تۆ خۆشحاڵیت.

عوسمان ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- خۆشحاڵی و شادی تەمەنی زۆر کورتە سەعفانەفەندی.

سەعفان لە مانای ئەو قسەیەی نەگەیی، بەڵام خۆی تیایا دەژیا. زەمانی دابوو بە کۆڵیا و بەرەبەرە سەبری دەسوا. زووبەزوو ئەوەی لەبیر چووەوە کە بۆ پلەی حەوت بەرز بووەوە یان لە ئیدارەی بودجە ودارایيدا کاری دەکرد. شێلگیرانە لە وەزارەتدا کاری دەکردو، لە ژوورەچکۆلەکەی خۆیا، لە دەریای زانیاری و زانستدا مەلەی دەکرد. هەرجار ناجارێ، بە پەستییەوە دەیگوت:

- تەمەن دەڕوات، گەنجی بەسەر دەچێت.. ڕۆژگار وەستانی بۆ نییە و ناحەوێتەوە.

ئەو هێشتا لە سەرەتای ڕێگا دوور ودرێژەکەیدا بوو. بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار زیاتر خولیای پاشەکەوت دەبوو، ڕۆژبەڕۆژ پتر بە ماڵە سادەکەیەوە دەچەسپی. پارە پەناگە و قەڵایە. ئەو وای هەستدەکرد، وای بیردەکردەوە کە پارە ئەمانە، پارە لە کاتی پێویستدا، مارەیی بووکی خەیاڵە، بووکی خەیاڵ، دەرگا داخراوەکان دەکاتەوەو ئایندە مسۆگەر دەکات. فەرمانبەران لەم بارەیەوە گوتەی جوان و قسەی نەستەق و پەندی زۆریان هەیە.

لە سایەی ژنی جواندا یان زوو و هەر بە گەنجی پێدەگەیت و گەورەیی بەدەست دێنی، یان ڕێگا درێژ و دژوارەکانی گەورەیی و شۆرەتت بۆ تەخت دەبێ. وا دیارە ڕێگاکە درێژ و دژوارە. ئەویش پێویستی بە کۆمەک و یارمەتییە. فەرمانبەرەکان دەڵێن:

- جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، هەر بە گەنجی، بە فەزڵی سیاسەت و بنەماڵە وخانەوادەوە، بەم پێگە و پایە دەگمەنە گەیی، ژنی لە بنەماڵەیەک خواست، کە بە تایفە بە شاجوان دەژمێردران.

هەروەها دەڵێن:

- بەڵام یاریدەدەری یەکەمی ئیدارە، بەهۆی ژنەکەیەوە یان بە گوتەیەکی دروست تر بە فەزڵی خانەوادەی هاوسەرەکەیەوە ئەم پۆستەی وەرگرت.

ئەویش، خۆی بە هەموو چەکێک تەیار دەکات، و هیچ عەیبی تیا نییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، پەنا وەبەر ژن و هاوسەرێکی بە ئەسڵ و فەسڵ بەرێت. دەنا چۆن دەتوانێ لەبەردەم ڕەوتی بێ ڕەحمانە وتیژ تێپەڕی زەماندا بوەستێ؟! بۆیە، بۆ ئەوەی دەرامەتی خۆی زیاد بکات، پارەو پولی زیاتر پاشەکەوت بکات، لە دوای دەوامی فەرمی کاری پاچڤەی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکرد، هەڵبەتە لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی تا ڕادەیەک باشی بەدەست هێنا. تاقە پولێکی خەرج نەدەکرد تا کەمێک بە خۆی ڕابگات. بەلای هیچ فیعلێکەوە نەدەچوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە هەموو

هەفتەیەک دەچوو بۆ گەڕەکی الدرب، بۆ لای قەدریە و دیقی دڵی خۆی خاڵی دەکردەوەو پێکێک شەرابی جەهەنەمی بە نیو قروش دەکڕی و دەیخواردەوە. جارێک قەدریە پێی گوت:

- تۆ ئەم چاکەت و پانتۆڵە قەت ناگۆڕیت؟! بە هاوین وزستان هەر ئەم قاتە لەبەر دەکەیت، چەندین ساڵە هەر ئەم قاتەت لەبەردا دەبینم، لەوەتای تۆ دەناسم ئەویش دەناسم.

ڕووی گرژ کرد وهیچی نەگوت، قەدریە گوتی:

- زویر مەبە، سوعبەتم کرد، ویستم کەمێ پێبکەنین، من حەزم لە پێکەنینە..

بە شێوەیەکی ساویلکانە لە قەدری پرسی:

- ئایا ئەو پارانەی کۆکردونەتەوە کە لەو ساڵانەی ڕابردوودا پێم دابوویت؟

قەدریە بە تەوسەوە گوتی:

- جارێک حەزم لە پیاوێک کرد، دوو سەد جونەیهی لێدزیم، دەزانی دوو سەد جونەی چییە؟

بەڵایەکەی هێنایە بەرچاوی خۆی و پەنای وەبەر خوا برد، لە دڵی خۆیدا گوتی کارەسات و بەڵای دنیا ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایەت. ئەوجا لە قەدریەی پرسی:

- ئێ، تۆ چیت کرد؟

- هیچ، گرینگ ئەوەیە سەر سەلامەت بێ..

لە دڵی خۆیدا گوتی دیارە ئەم ژنە شێتە. بەڵام تاقە سەرچاوەی ڕابواردنی ژیانی دژواری ئەم بوو وجۆرە سوکناییەکی بە ڕۆحی بەخشیبوو. هەندێجار دڵی بۆ ئەشق و ڤیان و ڕۆژانی جادووی ئەشق، کە تامی دنیای دەگۆڕی، لێیدەدا و، سیدەو پلەکانی ڕێگا تەرککراو و بیابانەکەی وەبیر دەهاتەوە. بەڵام لە ئەنجامدا ڕادەستی گەمە بێ بەزەییەکانی دنیا دەبوو و لە دەروونی عەزاب دیدەی خۆی ڕازی دەبوو، چونکە ئەو ڕێگا دژوارەی هەڵبژاردبوو کە خواوەند بە بەرەکەت و گەورەیی خۆی ڕوناکی کردبووەوە.

شەوێک قەدریە پێی گوت:

- حەز ناکەی بەیانی هەینی پێکەوە بچینە پیاسە؟

بە حەپەسانەوە گوتی:

- من وەکو دز، بە تاریکی و بە دزییەوە بۆ لای تۆ دێم.

- لەچی دەترسیت؟

چی پێ بڵێ؟... ئەم ژنە لە هیچ تێناگات. ئەوجا بە عوزرخواییەوە گوتی:

- نابێ کەس بمبینێ..

- یانی تاوان دەکەیت؟

- خەڵکی..

قەدریە بە تەوسەوە گوتی:

- تۆ ئەو گاجووتەی کە زەوی لەسەر هەر دوو شاخی هەڵگرتووە.

ئەو خودانی دین وئاکار وپێگە وناوبانگێکی کۆمەڵایەتی باشە کە دەبێ بیپارێزێت. قەدریە، بە نیازی لە خشتە بردنی، پێی گوت:

- دەتوانی بۆ شەوێکی تەواو بۆ خۆتم قۆرخ بکەی، دەکرێ لەسەر ئەمە ڕێکبکەوین.

عوسمان، بە پارێزەوە لێی پرسی:

- بە چەند؟

- پەنجا قروش..

زۆر بە جدی لە فکران ڕاچوو. ئەمە ئاسوودەییەکی ڕاستەقینەی پێدەبەخشی، بەڵام پارەکەی یەجگار زۆرە. ئەو پێویستی بە ئیسراحەتە. گوتی:

- بیرۆکەیەکی باشە، با مانگی جارێک بێ..

- ئایا بە مانگی جارێک دادەکەوی؟

- ڕەنگە جگە لەو جارە، جارێکی دیکەش بۆ لات بێم، بەڵام وەکو شەوەکانی دی، شەوە ئاساییەکان دێم.

عوسمان دانی بەوەدا نا کە ناتوانێ دەستبەرداری قەدریە ببێت، بێ قەدریە هەڵناکات، قەدریە هاوتەمەنی ئەو بوو، بەڵام لەوە دەچوو، لە زەمان و کاریگەری لەزگینی زەمان بەسەر خۆیەوە غافڵ بێ. ئەم ژنە بە بێ ڤیان و بەبێ شکۆ و

گەورەیی دەژی. دەتگوت لە تووڕەییدا هاوتای شەیتانە. کە قەدریە ئەوەی بۆ درکاند کە جارێک لە خۆپیشاندانێکدا بەشداری کردووە، زۆر تووڕە بوو. هاواری بەسەردا کرد: - خۆپیشاندان!؟

- ئەوە چیتە؟!.. بەڵێ خۆپیشاندان... تەنانەت ئەم گەڕەکی " الدرب " ەش ڕۆژێ لە ڕۆژان ئاشقی نیشتمان بووە..

لە دڵی خۆیدا گوتی شێتاتی لە ڕادەبەدەر بڵاو بووەتەوە.

خەم وخولیای سیاسی بەلاوە سەیر و پەشم بوو، مکوڕ بوو لە سەر ئەوەی کە نە سیاسەت بکات و نە گوێی پێبدات. عوسمان باوەڕی بەوە بوو کە مرۆڤ تەنیا یەک ڕێگای لە بەردەمە، کە دەبێ بە تەنیا و بەوپەڕی ورە بەرزی، بەبێ حیزب و خۆپیشاندان بیبڕێت. مرۆڤ تاقە بوونەوەرە کە شایستەی ئەوەیە کە هەست بە خودای خۆی و داواکانی خودا لەم ژیانەدا بکات و شکۆ و جەلالی مرۆڤ لە ململانێی نێوان خێر وشەڕ و، بەرەنگار بوونەوەی مەرگ تا کۆتایی، دێتەدی و بەرجەستە دەبێت.

## ( ١٢ )

ڕۆژێک عوسمان چاوی بە ڕاگەیاندنێک کەوت کە پەیوەندی بەوەوە هەبوو، وەزارەت لەم ڕاگەیاندن وئاگاداریەدا ڕایگەیاندبوو کە پێویستی بە پاچڤەوانێکی هەر دوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی هەیە، بە کرێیەکی پەنجا وسێ جونەیهی و ڕۆژێکی بۆ تاقیکردنەوە دیاری کردبوو. ئیدی بە بێ دوو دڵی وبەبێ بیرکردنەوەی تەواو لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری کرد. لە ئەنجامی پێشبڕکێیەکەدا ئەو دەرچوو وهاتە هەڵبژاردن، ئەمە کردیە کارێک لە جاران پتر متمانە بە خۆی بکات وشانازی بە بەهرەو توانای خۆیەوە بکات. حەمزە سویفی بۆ نووسینگەکەی خۆیی بانگکرد- وەزیفە تازەکە لە نووسینگە وئۆفیسەکەی ئەودا بوو- پێی گوت:

- پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەت لێدەکەم کە نیشانەی فرە توانایی تۆیە.

عوسمان، بە ئەدەب و ئەتەکێتە تایبەتیەکەی خۆیەوە سوپاسی کرد، کابرا گوتی:

- ئەم پۆستە مووچەیەکی نەگۆڕی هەیە وبەمە لە میلاکی گشتی فەرمانبەران دەردەچیت، ئایا بیرت لەوەکردووەتەوە؟

لە ڕاستیدا بیری لەمە نەکردبووەوە، بۆیە زۆر سارد بووەوەو بیری لە مووچە تا ڕادەیەک بەرزەکەی کردەوە وگوتی:

- ئەلهەقی نامەوێ لە میلاکی گشتی فەرمانبەران دەربچم..

- یانی، ڕازیت، نەفەرەکەی دوای تۆ بۆ ئەم کارە هەڵبژێرین؟

یەکسەر بیرۆکەیەکی باشی بە مێشکا هات وگوتی:

- ناکرێ بۆ پلەی شەشەم بەرز بکرێمەوەو لەگەڵ کارەکانی دیکەمدا ئیشی پاچڤەکەش بکەم و تا پارەیەکی باش بۆ بودجە بگێڕینەوە؟

بەڕێوەبەری ئیدارە، کەمێک لە فکران ڕاچوو وئەوجا گوتی:

- ئەم کارە پێویستی بە مراجەعەی دەزگای دامەزراندنی کارمەندان و ئیدارەی یاسایی هەیە..

- بەڵام قوربان..

حەمزە بەگ پێکەنی وگوتی:

- تۆ کەسێکی بەرزەفڕ وبە ئاوەزی، ئومێدەوارم پێشنیازەکەت قەبووڵ بکرێ.

بڕیار درا، بە مووچەیەکی بیست وپێنج جونەیهی، بۆ پۆستی پلە شەش بەرز بکرێتەوە. هەرچەند دەستبەرداری دە جونەیهان بوو، بەڵام بەرز بوونەوە وتەڕقیەیەکی بەدەست هێنا، ئەگەر ئەو فێڵە نەبوایە، بە ساڵەهای ساڵ پێی نەدەگەیی. ئەمە جگە لە گرینگی ئەوەی دوو کاری بە جارێ دەکرد. وەکو هەمیشە بۆ ماوەیەکی کەم دڵی خۆشبوو. بە دەگمەن دڵخۆشی بە خۆوە دەبینی، مەگەر بە ڕێکەوت وبە شێوەیەکی ڕەوتەنی و بەدەم ڕێگاوە تووشی شادی ببوایە. دووبارە کەوتە بیر کردنەوە لەو ڕێگا دوور ودرێژەی لە بەردەمیا بوو، لە ژێر بار و ئەرکی بێکۆتایی ڕێگاکەدا کەوتە ئاه وناڵە. سوودی پلەی شەشەم چییە لە کاتێکا ئەو خەریک بوو دەچووە قۆناغێکی نوێی تەمەنەوە؟!

سەعفان بەسیونی ماچی کرد و پێی گوت:

- تۆ بە توانایەکی سەیرەوە باز دەدەیت کورەکەم..

بە کەسەرەوە گوتی: - بەڵام ڕۆژگار لەوە خێراترە کە وێنای دەکەین..

- بەڵێ وایە، خوا لە بەڵای ڕۆژگار بە دوورت بکات..

عوسمان، تەمەشایەکی ڕوخساری چرچ و لۆچی بەسیونی کرد و لێی پرسی:

- ئەرێ باسێکی خەون وخولیایەکانی سەردەمانی گەنجاتی خۆتم بۆ ناکەی؟

- من؟! مەمنوونی خوام، بە خەونیش بیرم لە سەرۆکایەتی بەشی ئەرشیڤخانە نەدەکردەوە..

- باشە خەونت بەوەوە نەدەبینی کە ببیت بە بەڕێوەبەری گشتی؟

پیرەمێرد، بە ڕادەیەک پێکەنی کە چاوانی ئاویان کرد، ئەوجا گوتی:

- ئێمەمانان، خەڵکانی ڕەش و ڕووتین، تەماح و خولیامان لە سەرۆکایەتی بەش هێوەتر ناڕوات.

ئەو هەڵەیە. ئەو قسانەی ئەو، بۆ پۆستی وەزیر وجێگری وەزیر دروستە، بەڵام پۆستی بەڕێوەبەری گشتی، لە خەڵکی ئاسایی، یانی لە ڕەش و ڕووتان قاتی نییە، ئەو پۆستە ئاوات و ئارەزووی بەر ودوایانە، بەتایبەتی بۆ خەڵکە زیرەک ودەگمەنەکانیان، کە خۆیان بۆ گەورەیی و شکۆ ئامادە دەکەن. کەچی ڕۆژگار بەبێ وەستان، لە پەستا و بێ پسانەوە، نەرم نەرم دەگوزەرێ و جا پۆستی بەڕێوەبەری گشتی، ئەگەر خاوەنەکەی نەکارێت چەند ساڵێک تیایدا بمێنێتەوەو لە سایەیدا لەزەت لە خۆی و لە دنیا بدینێ و لە سایەیدا، زۆرترین خزمەت بەو دەزگا پیرۆزە بکات کە پێی دەڵێن حکومەت، چ بایەخێکی هەیە.

کەی نیوەی دووەمی دینەکەی تەواو بکات؟ پێش گەیشتن بە ئارەزووەکەی یان پاش گەیشتن؟ دەبێ خێزانێک پێکبێنێت و زوریەت بخاتەوە، دەنا بەر نەفرەت دەکەوێ، هەر بۆ ئەوە باشە بە نەفرەت بکرێ. ئیدی یان ژنێک بێنێت کە بیگەیەنێتە پایە وپێگەیەکی بەرز، یان پایە وپێگەیەکی بەرز کە بیگەیەنێتە ژنێکی جوان. هەندێجار بەدەم کول و کۆڤان و ڕەنج و عەزابەوە، ئارەزووی ئارامی دەکرد ورووپیدەکردە ئەو هەوڵ وکۆششە دژوارەی کە ماقوولیەت و مانای بە ژیانی دەبەخشی و عەزابەکانی ژیانی پیرۆز دەکرد.

ڕۆژێک گوێی لێبوو کە حەمزە سویفی بەڕێوەبەری ئیدارە، گلەیی لەوە دەکرد کە کورەکەی لە دەرسی زمانانی فەرەنگیدا تەمەڵە، ئیدی عوسمان پێی گوت ئامادەیە یارمەتی بدات.

سویفی، بە دوو دڵییەوە گوتی:

- لەبەر ئەوەی کە تۆ کاتت کەمە و پڕ ئیشی، وا چاکە کە مامۆستایەکی تایبەتی بۆ بگرم.

عوسمان، به شێوازە تایبەتیەکەی خۆی گوتی:

- ئەم قسەیە لە جەنابی با سەعادەتت قەبووڵ ناکەم..

بەڕێوەبەرەکەی قاییل بوو، عوسمان کەوتە هاتوچۆ بۆ ماڵیان، کۆمەکێکی بێ وێنەی بە کوڕی بەڕێوەبەرەکەی کرد کە کردیە کارێک لە تاقیکردنەوەکانیا دەربچێت. بەڕێوەبەر بیری لەوە کردەوە کە پاداشتێکی بداتێ، بەڵام عوسمان، وەکو ئەوەی لە ئاگرێک دوور بکەوێتەوە، چووە دواوەو گوتی:

- ئەمەش لە جەنابی با سەعادەتت قەبووڵ ناکەم..

بە ڕادەیەک لە سەر هەڵوێستەکەی خۆی ڕژد بوو کە بەڕێوەبەرەکەی ملی دا..

عوسمان، بە منەتبارییەوە گوتی: - من هەمیشە منەتباری لوتف و هاندانی تۆم.

وێڕای ئەوەش لە ناخی خۆیدا، هەستی بە ئازارێک کرد کە هاوتای ئەو کرێ و پارەیە بوو، کە بە جوامێری ڕەفزی کرد. لەو ماوەیەدا کە هاتوچۆی ماڵی بەڕێوەبەری دەکرد، هەستی بە نائومێدییەکی دیکەش کرد، عوسمان لە دڵی خۆیدا مرخی لەوە خۆشکردبوو کە لەوێ ژنێکی لەبار پەیدا بکات، کێ دەزانێ؟.. هەروەها بە تەما بوو، خزمەتەکانی لەلای حەمزەبەگ شەفاعەتی بۆ بکات و چاوپۆشی لە ناخانەدانیەکەی بکات و ئەو لە چینێکدا بگیرسێتەوە کە ڕێگای پێشقەچوونی بۆ هەموار بکات. ئەم خەیاڵ پڵاوەشی کەڕووی هەڵێنا و نەهاتەدی. لە ماڵی بەڕێوەبەردا تەنیا نێرانی بینی! سەعفان بەسیونی، ئەسڵ و بنیچەی ئەوی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو، چونکە هەردووکیان تەقریبەن یەک ئەسڵ وفەسڵیان هەبوو، بەڵام خواستنی کیژی بەڕێوەبەر چ سوودێکی بۆ ئەم دەبوو؟ هیچ، تەنیا زوریەت وسەریەشە وهەژاری. ئەم جۆرە خزمایەتیە چاوەڕوانی ڤیان و خۆشەویستیشی لێنەدەکرا، چونکە ئەو جگە لە سیدە هیچ کەسێکی دیکەی خۆش نەویستبوو، لەوەتای لە سیدە داپڕابوو، دڵی مردبوو، بەڵام ئەو کەسانەی بە ئومێدی شکۆ و گەورەیی ڕێگای خوا دەگرن، گوێیان لە شادی و بەختەوەری نییە.

ڕۆژان دەبوورن و هەرگیز ڕاناوەستن، ڕۆژگار، بە هاوینی گەرمەوە، بە پاییزی خەونامێزەوە، بە زستانی سەخت و بەهاری بە بۆن و بەرامەوە دەڕوات و تێدەپەڕێ و عەزمی پایەدار و ورەی بەرز و دڵی بە ئازار و تاسە و ئارەزووی بە تین و تاو هەر دەمێنێ.

دایکی حوسنی هەمیشە ناوبەناو سەری دەدا، ڕۆژێک وەکو هەمیشە، هاتە دیدەنی و شووشەیەک ترشیاتی لیمۆی بۆ هانی، لە سەر قەنەفەکە ڕۆنیشت وبە جۆرێ کەوتە تەماشا کردنی عوسمان، کە عوسمان حەپەسا. داکی حوسنی لە ناکاوا بە ئەژنۆی خۆیدا کێشا وگوتی:

- قەسەم بەو حوسەینە، بەزەییم بە تەنیاییەکەتا دێتەوە.

عوسمان بزەیەکی ساردی بۆ کرد و هیچی نەگوت. داکی حوسنی لە سەری ڕۆیی:

- ئاگات لێیە تەمەنت خەریکە هەڵدەکشێت؟

- نەخێر، داکی حوسنی..

- دەزانی تەمەن زۆر بێ وەفایە، ئەمەکی بۆ کەس نییە!

- ڕاست دەکەیت.

- کوا ئەو زوریەتەی، تەنیایی تۆ بڕەوێنێتەوە؟

- لە دنیای غەیبدان.

کەمێک بێدەنگ بوو و ئەوجا بە پێکەنینەوە گوتی:

- تەبیعەتی ئیشەکەت، لە ناختا دەجووڵێت داکی حوسنی..

داکی حوسنی پێکەنی وگوتی:

- گوێ بگرە، خەبەرێکی خۆشم بۆت هێناوە.

وێڕای هەڵوێستی پایەدار ونەگۆڕی، قسە شیرین وگونگ ونادیارەکانی داکی حوسنی، ڕایانکێشا، گوتی:

- تۆ هەمیشە خەبەری خۆشت پێیە.

داکی حوسنی، بە ئاو وتاو گوتی:

- جوانە.. بێوەژنە.. ناقساڵە... ژنێکی بە ئاوەزە، کچی ڕەحمەتی شێخ و دەمڕاستی گەڕەکە..

- چۆن!

- تەنیا یەک کچی چواردە ساڵانی هەیە!

- بەم حیسابە دوو ژنن نەک یەک ژن..

- کچەکە بۆ ماڵی مامی دەڕوات.. لەم ڕووەوە کێشەت نابێت.

- زۆر چاکە. ئیّ!

- ژنە موڵک وماڵی هەیە!

- بەڕاست؟!

- خانوویەکی لە برجوان هەیە... دارتووەک لە حەوشەکەیدایە.

داکی حوسنی، بە چاوە کزەکانی تەمەشایەکی عوسمانی کرد، تا کاریگەری و باندۆری قسەکانی خۆی لە ڕوخساریدا بخوێنێتەوە، وای وێنا کرد قاییل بووە، بۆیە گوتی:

- بەخۆت دەیبینی..

بە ڕێنوێنی داکی حوسنی، ژنەی لە " السكة الجديدة " دا بینی. بینی بە پاڵتۆیەکەوە، هێدی هێدی ڕێی دەکرد. کەمێک کورتە باڵا و قەڵەو بوو، دەموچاوی گۆشتن وگەش، قژی ڕەش بوو.

لە ناخا کەمێک بۆی جوڵا. وەکو قەدریەیە. لە دلی خۆیدا گوتی: لە قەدریە خاوێن و باوێنترە، بەڵام سەریەشەم بۆ دروست دەکات. دڵی بەحاڵی داکی حوسنی سووتا، کە وێڕای تێکەڵاوی دوور ودرێژیان، عوسمانی وەکو پێویست نەدەناسی، ئیدی چۆن دەیتوانی لە مانای وردبین لە دایەرەی بودجە و لە مانای پاچڤەوان تێبگات؟ کارەساتی بەشەریەت لە گڵەوە دەست پێدەکات و دوای ئەوە دەبێ جێگای خۆی لەنێو ستێراندا بدۆزێتەوە و بگرێت.

دوای دیتنەکە، داکی حوسنی پرسی:- ها، ڕات چییە؟

عوسمان بە زەردەخەنەوە بەرسڤی دایەوە:

- خانمێکی زۆر چاکە.. تۆ هێشتا لە کارەکەی خۆتا مامۆستایت!

- باشە لە دووی کارەکە بچم، تەواوی بکەم؟

عوسمان، بەکاوەخۆ بەرسڤی دایەوە: - نەخێر.

- مەگەر ناڵێی ژنێکی زۆر چاکە؟

- با، بەڵام بۆ من هاوسەرێکی لەبار نییە.

پیرەژن، سەلماندی کەلەوە سەرسەختره کە وێنا دەکرێت، ڕۆژێک هات بۆلای عوسمان وگوتی:

- یەکێک لە ڕێکەوتە خۆشەکان ئەمەیە کە سەنییە هاتبووە دیدەنیم..

ئارەزووی سێکسی بزواو ڕادەستی لاوازییەکی کوت وپڕ بوو، داکی حوسنی بیری خستەوە کە:

- هاتبوو من بدینێ..

عوسمان، بە زۆڵیەتیەوە گوتی: - ڕەنگە منیش بدینێ..

داکی حوسنی، بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی: - ئەگەر حەزتکرد، وەرە خوارەوە..

سێ ودووی لێنەکرد وچووە خوارەوە. بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشانو زەمنیە بۆ داکی حوسنی خۆشبوو. بۆیە بەبێ وەستان کەوتە قسان. عوسمان بیری کەوتەوە کە جگە لە سیدە، لەگەڵ چ کەسێکی دیکەدا قسانی بە ماناوەی نەکردووە. ناچاربوو قسە بکات و گوتی:

- گەورەت کردین، شەرەفمەند بووین..

ژنەی تاین لە بن لێوانەوە گوتی: - زۆر سوپاس، مەمنوونم..

- ئەمڕۆ دنیا ساردە.

- بەڵێ.

- سپیکاریی خانووەکەت تەواو کردووە؟

سەری ئەرێی بۆ لەقاند.

ژنەی تاین، هەوڵیدا، واداری بکات باسی کارو وەزیفەکەی بکات، لێ عوسمان هیچی لەو بارەیەوە نەگوت، ئارەزووە سێکسیەکەی زیاتر هاڕوژا، بەڵام هیچ ئومێدێکی نەبوو. سەنییە، سووکە جوڵانێک جوڵا، کە نیشانەی ئەوە بوو، بە نیازی ڕۆیشتنە، عوسمان دەم ودەست هەستا، خواحافیزی کرد وڕۆییشت. لە جیاتی ئەوەی سەرکەوێت بۆ سەرەوەو بۆ ژوورەکەی خۆی بچێت، دابەزی بۆ ژێر قاڵدرمەکان

ونەخشەیەکی گۆساخانەی لە ژێر سەرا دانابوو. گوێی لە دەنگی پێیەکانی سەنییە بوو کە بە قاڵدرمەکاندا دادەگەڕا. ژنەی تاین بە دیتنی ئەو حەپەسا، عوسمانیش، خۆی لە گێلی دا و وای نواند سەرسامە، گوتی:

- بە دیتنتان خۆشحاڵم.

ڕێگای بۆ کردەوە، لەو کاتەدا ژنەکە گەییە ئاستی ، عوسمان بە ئەسپایی پێی گوت: - فەرموو با بچینە سەرەوە، فینجانێ قاوە بخۆرەوە..

ژنە بلەز بەرسڤی دایەوە: - مەمنوون..

- فەرموو قسەم پێتە..

ژنەی تاین، بە ناڕەزاییەوە گوتی: - نەخێر.

ژنە، بە لەزوبەز کەوتە ڕێ. لە کاتێکا ئارەزووی سێکسی سەراپای هێنابووە لەرزە، لە دڵی خۆیدا گوتی: " پەلەی کرد " ، چۆن وای وێنا دەکرد کە ژنەی تاین داوکەی قەبووڵ بکات؟ بەڵام چ لە گەڵ ئارەزووی سێکسی و پەلەکردن و ناچاریدا دەکرێ. بێ تووتنی هەموو شتێک بە پیاو دەکات. بە شەرمەزاری و تووڕەیی بۆ سەرەوە، سەرکەوت. لە دڵی خۆیدا گوتی: تا لە خانوویەکی موحتەرەما نەگیرسێتەوە، هەربەم هەرزەکاریە دەمێنێتەوە.

**( ١٥ )**

ڕەوشی دارایی ڕۆژبەڕۆژ باشتر دەبوو، عەلاوەو سەرمووچەیەکی تازەی بۆهات، دەستکەوتی لە پاچڤەشدا، بەردەوام بوو. جا چونکە مەسرەفی زۆر کەم بوو و بۆ شتی زۆر پێویست نەبوایە پارەی خەرج نەدەکرد. ڕەسیدی لە دەفتەری تەوفیرا بەردەوام زیادی دەکرد. بەهەمان تین وتاوی جارانەوە کاری دەکرد، پەیوەندی لە گەڵ بەڕێوەبەری ئیدارەدا، بە ڕادەیەک گەرم بوو، لە تۆ وایە دۆست و برادەری یەکن، ڕۆژێک بەڕێوەبەری ئیدارە پێی گوت:

- جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، شێوازی پاچڤەکانتی زۆر بە دڵە..

شەپۆلێکی شادی ئەوتۆی بەسەردا هات کە سەراپای غەرق کرد ودڵنیابوو کە شەوێ بۆ تاقە سەعاتێک خەو ناچێتە چاوی، دیارە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی ئەوی بیر نایەتەوە، بەڵام ناو وکەسایەتی مەعنەوی پاچڤەوانەکە دەناسێت. ڕۆژێک بەڕێوەری ئیدارە گوتی:

- جەنابی بەڕێوەبەری گشتی پاچڤەوانێکی گەورەیە، زۆر کتێبی گرینگی پاچڤە کردووە. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، لە ئەزموونی خۆیەوە و لە ڕووی شارەزاییەوە هەڵسەنگاندن دەکات.

عوسمان لەبن لێوانەوە سوپاسی کرد وگوتی:

- بە فەزڵی ڕەزامەندی تۆوە لە من، ڕێز وقەدرزانی جەنابی باسەعادەتی بەڕێوەبەری گشتیم بەدەست هێناوە.

بەڕێوەبەری ئیدارە، بزەیەکی کرد و بە زمانێکی دۆستانەی مجامەلە ئامێزەوە گوتی:

- دەعوەتکراوم کەلە کۆمەڵەی فەرمانبەراندا محازەرەیەک بڵێمەوە، خاڵە سەرەکی وهێڵە گشتیەکانیم تۆمار کردووە، دەڵێی چی بە شێوازە نایابەکەی خۆت بۆمی داپڕێژیتەوە؟

بە جۆش و خرۆشەوە گوتی:

- جەنابی بەڕێوەبەر، ئەمە بۆ من شانازییەکی گەورەیە.

خۆزیای دەخواست هەموو ڕۆژێک کارێکی وەهای پێ ڕابسپێردرێت کارەکەی لە ئیدارەدا، هەر چەند یەجگار زۆر بوو وجێگای قەدرزانی هەمووان - بە تەنیا بەس نەبوو. ئەمە خۆشخزمەتی ئەوی بۆ بەرپرس وسەرۆکەکان کەم نەکردەوە. هەموویان بە ڕێز وقەدرەوە دەیانڕوانیە خزمەتگوزاریەکانی. ئەمە دڵی خۆشدەکرد وخەم وپەژارەی ئەوەی، کە تا ئێستا بەو ئاواتە نەگەیی بوو کە خەونی پێوە دەبینی، کەم دەکردەوە. ئیدی ئەمەی بۆ بووبوو بە تێشووی ئەو ڕێگا دوور و درێژەی لەبەردەمیا بوو. شەوێ لە ناکاوا، خەمۆکیەک دایگرت و هاواریکرد:

- کە شێتم، چۆن دەکرێ، وێنای ئەوە بکەم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە ئاواتەکەم بگەم؟!

ئەو پلە و پێگانەی، کە دەبوایە بیانبڕێ، حیساب کرد، پێنجەم، چوارەم، سێیەم و دووەم و یەکەم، لەو پلەوپێگانە بوون کە دەبوا بەرلەوەی بگاتە لووتکەی شکۆ و گەورەیی، بیانبڕێت! کە ئەو پلانەی ژمارد وئەو ساڵانەی حەساوکرد کە بۆ بڕینیان پێویست بوون، سەری بە گێژەوە چوو و لە کانگای دڵەوە هەستی بە داخ و کەسەرێکی ئومێدبڕ کرد. لە دڵی خۆیدا گوتی: دەبێ بویەرێکی گەورە ڕووبدات، ژیانی بەشی ئەوەی پێوە نەماوە بە فیرۆ بڕوات. بەڵێنی بە سەعفان بەسیونی دابوو کەلە چاخانەدا یەکدی بدینن، خێرا خۆی گۆڕی و لە ماڵ وەدەرکەوت. داکی حوسنی لەبەر ژوورەکەی خۆیدا چاوەڕوانی دەکرد. داکی حوسنی کە ئەوی بینی گوتی:

- هەندێک میوانم هەن دەبێ سڵاوێکیان لێبکەیت، سیدە و داکی سیدەم میوانن..

وەژوور کەوت وسڵاوی لێکردن، بە خێری هێنان. وەکو کەسێک کە بترسێیت، بە سڵۆکییەوە وەژوورکەوت. بەڵام یەکسەر زانی کە هەموو شتێک کۆتایی هاتووە و پڕاوەتەوە. هیچ نیشانەیەکی گلەیی ئامێزی نەبینی و چ کەسێک بە زبری بەرخوردی لەگەڵیا نەکرد، بەڵام نیگا و نۆڕینێکی بێ لایەنانەی بینی کە هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی تیا نەبوو، ئیدی لەوە دڵنیا بوو کە ڕابردوو، کەوتووەتە هەڵدێری بێ بنی مەرگەوە. کە داکی سیدە پێشوازییەکی پاک و بێگەردی کرد، لە کانگای دڵەوە هەستی بە زەمان کرد. سەیری کرد مەرگی بینی کە بە نرخترین و بەهادارترین ئازیزی ڕاو دەکات، ئازیزێک کە تەسەوری نەمری وهەرمانی پێوە دەکرد، کەچی بووبوو بە یادگارێک دەیویست لە چوارچێوەی مێژوو وەدەربکەوێت، عەینی دەرچوونی ئادەم لە بەهەشتی بەرین. ئێستا سیدە لەبەردەمیایەتی، سیدەیەک کە بەرەو قەلەوی و خاوی دەچوو، قەدریەی وەبیر هێنایەوە. تەواو شلەژا، بینی عەباکەی لە سەری داخزیوە وکەوتووەتە سەر شانەکانی و سەر و گەردنی ئازاد بوو، سەربەندە بە نەخش و نیگارەکەی لە سەر هەنیەی پرشنگداری چووبووە داوە و قژەکەی کەلە ناوەڕاستەوە شانە کرابوو، بەدەرەوە بوو، بەڵام پرشنگی چاوە هەمیشە گەشەکانی، خەفە بووبوو. دیدارەکەیان لە کەش وهەوایەکی سارد ونامۆدا ڕوویدا، بێهوودە هەوڵیدا کە شوێنەوارێکی لێوەکان یان ددانەکانی خۆی بەسەر لێوە ئەستوورەکانی سیدەوە بدینێ. بایی ئەوەی گلەیی نەیەتە سەر، بەلایانەوە وەستا و ئەوجا ئاە و ناڵەی دڵەی پەریشانی بە نەرمە بزەیەکی بێ بەزەیی پەردەپۆش کرد وڕۆیی. ڕۆیی بۆ لای سەرۆکەکەی جارانی، کەبە بۆنەی ئەوەی چەند ڕۆژێکی دی خانەنشین دەبوو، دەعوەتی کردبوو.

پیرەمێرد، تەواو لاواز وبارێک و بنێس بووبوو. دوا داوی قژی وەری بوو، هەڵبەتە لاواز بوونەکەی لە سۆنگەی تەمەن و پیری نەبوو، بەڵکو بەهۆی نەخۆشی گەدەوە بوو، بەڵام بەهەمان میهرەبانی و خوو نەرمی جارانەوە مابووەوە.

دیاربوو بە خەمینی وخەمباری و پەرێشانییەوە، پێشوازی لە دوا ڕۆژەکانی خزمەتی ئیداری خۆی دەکرد. عوسمان بەدەم مجامەلەوە گوتی: - هیوای ئاسوودەیی و خۆشیت بۆ دەخوازم..

پیرەمێرد بەدەم پێکەنینێکی بێ ماناوە گوتی:

- نازانم ژیانم لە دووری ئەرشیڤخانە چۆن دەبێت.

ئەوسا ئاهێکی هەڵکێشا و لەسەری ڕۆیی:

- من هیچ سەرگەرمی و هیوایەتێکی دیکەم نییە، ئەوەی ڕاستی بێ ئەمە نیگەرانم دەکات.

- بەڵام تۆ کەسێکی خۆشەویستی، هەموو کەسێک خۆشی دەوێی..

- بەڵێ، من هەموو ئەرکێکی خانەوادەییم ئەنجام داوە، بەڵام دەترسم.

دەستیان بە چا خواردنەوە کرد، عوسمان، ژێراوژێر و بە بەزەییەوە تەمەشای دەکرد، تا کابرا دووبارە هاتەوە قسان وگوتی:

- ئەو ڕۆژەم جوان لە بیرە کە لە دایەرەدا دەستبەکار بووم، وا دەزانم دوێنێیە. ڕۆژێکە هەرگیز لەبیر ناچێت، وەکو شەوی چوونە پەردەیە. هەموو وردەکارییەکانیم لەبیرە، چۆن ئەو هەموو ساڵە بەم لەزوبەزییەوە ڕۆیی؟!

عوسمان، دڵی گیرا و لەبن لێوانەوە گوتی:

- بەڵێ وەکو زۆر شتی دیکە..

بزەیەکی بەڕوویدا دا، وەکو ئەوەی بیەوێ بەو بزەیە لاپەڕەیەکی تازە بکاتەوە و پرسی:

- ئەدی ئەرکی خانەوادەییت چۆنە؟

عوسمان، فشە ودرۆکانی خۆی بیرکەوتەوەو گوتی:

- هێشتا بارم سووک نەبووە.

نیگایەکی دۆستانەی عوسمانی کرد وگوتی:

- کە هاتیتە لای من گەنجێکی منداڵکار بوویت، کەچی ئێستا پیاوێکی تەواویت، ماوەیەکی کەمی دیکە.. بەهەرحاڵ با واز لەمە بێنین. گرینگ ئەوەیە زەمان ڕات نەفڕێنێ، ئاگات لەخۆت بێ. حەواست جەمبێ..

- ڕاستە، بەڵام ئایا ئەمە بەسە؟

- بەلای کەمەوە نابێ لە قیتارەکە بەجێ بمێنی..

- مەبەستت ژن هێنانە؟

- هەموو شتێک، هەمیشە تۆ لەحاڵی ئامادەباشیا دەبینم، بۆچی؟ و تاکەی؟

- ئیدی ئەمە تەبیعەتی ژیانە، ژیان وایە..

کابرا، دەستی ناڕەزایی هەڵتەکاند وگوتی:

- ئێمە هەمووومان بەجۆرێ باسی ژیان دەکەین، وەکو ئەوەی زۆرچاک ژیان بناسین، لەو سەری بێینەوە..

- جگەلەوە هیچ چارێکی دیکە نییە.

- ئەگەر خودای گەورە نەبووایە، ژیان جگە لە گەمەیەکی دۆڕاو و بێمانا هیچی دی نەدەبوو.

- خۆشبەختانە خودا هەیە، هەرخۆی دەزانێ چی دەکات..

پیرەمێرد لە کانگای دڵەوە گوتی:

- زۆر سوپاس بۆ خودا..

بێدەنگ بوون. قسەیان کرد، دووبارە بێدەنگ بوون، قسەیان کرد تا کاتی ڕۆیشتن هات. عوسمان هەستیکرد جارێکی دی نایبینێتەوە. هیچ شتێک جگە لەوەی کە کۆنە هاوکار بوون ئەم دووانەی بەیەکەوە نەدەبەستەوە. بەڵام عوسمان لەو ساتەدا، زۆری بەزەیی پێدا هاتەوە. پیرەمێرد، لەو کاتەدا کە تەوقەی خوداحافیزی لەگەڵیدا دەکرد گوتی:

- هیوادارم لەبیرم نەکەیت!

عوسمان، زۆر بەگەرمی و لە دڵەوە گوتی: - نە ، ئیشەڵڵا..

کابرا بە جۆرە تکایەکەوە گوتی: لە بیرکردن هاوتای مەرگە، خودی مەرگە.

- خودا تەمەن درێژەت بکات.

هیچ نیازێکی سەردانی نەبوو، ئەویش لە دڵسۆزییەوەو بەدڵ بۆ ماڵاوایی لێکردنی نەهاتبوو، بەڵکو ئەم کارەی لە ترسی ئەوەکرد کە نەبادا گلەیی لێبکرێ کە پیاوێکی سپڵە و پێنەزان و بێ ئەمەکە. بۆیە ویژدان و تەقوای ئاینی تەنگیان پێ هەڵچنی بوو. کەبەدەم ڕێگاوە دەڕۆیی هیچ شتێکی نەدەبینی و هەموو هۆش و گۆشی لەلای پلەی پێنجەم بوو کە دوای چەند ڕۆژێک بەتاڵ دەبوو.

بەینی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئیدارەدا خۆشبوو، بۆیە هیچ بەرهەڵست ولەمپەڕێکی گەورەی لە ڕێگەدا نەبوو.

لەهەمان مانگدا هەم بە پۆستی سەرۆکی بەشی ئەرشیڤخانە گوازرایەوەو هەم بۆ پلەی پێنجەم بەرز کرایەوە.

## ( ١٦ )

دوای سەبر وهەدارێکی زۆر، دیارییەکی پڕ بەهای بەدەست هێنا. ئەم بازە نوێیە، بازێکی ڕاستەقینە بوو. قورسییەکەی لەوەدا بوو کە سەرۆکی بەشی ئەرشیڤخانە دەبوایە بە خۆی نووسراوە گرینگەکان عەرزی جەنابی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی بکات، تا ڕێنماییان لەو وەربگرێت و بەوپەڕی نهێنی جێبەجێیان بکات. ئەنجام خودا لێی ڕازی بوو و دەرگای لێکردەوە کە بگاتە بارەگای بەرزی ئیداری. ئەمە دەرفەتێکی شاهانە بوو، هەلێکی زێڕین بوو، وای دەخواست هەموو بەهرەو توانا وئەزموون و ڕۆشنبیریی و دڵسۆزییەکی خۆی بۆ تەرخان بکات. ئەمە هەمان ئەو ژوورەیە کەلە مەیدان و گۆڕەپان دەچێت. ژوورێک کە لەمێژ بوو خەونی بەوەوە دەبینی کە لەوێندەرەوە حوکمڕانی بکات. خەونێک کە دەبوایە بە هەر نرخ و قوربانییەک بووە، بێتەدی، خەونێک کە تەنیا خەڵکانی شایستە وبە توانا قەدری دەزانن وشادمانی ولەزەتە بێ بەها و ڕەوتەنییەکانی دنیای بۆ دەکەنە قوربانی.

بەوردی چاوی بەدرێژی و پانی ژوورەکەدا گێڕا، ڕوانیە بن میچە سپی وسافەکە، چلچرا کریستاڵەکە، دیوارە کاغەز پۆشەکان، سۆپا جوان وبە قرمید ڕازاوەکە، کومبارە شینە سەرتاسەرییەکە، مێزی کۆبوونەوە کە پەردەیەکی کەسکی بەسەردا درابوو، لەو سەرەوە مێزێکی لاق ئەستووری چەماوە هەبوو، کە سەرەکەی شووشەیی بوو، جۆرەها توحفەی زیوینی وەکو جێگا کاغەز وجێگای شووشە مەرەکەب و قەڵەم وتەپڵەکی جگەرەو قوتووە جگەرەی دارینی دەسکاری خان الخلیلی، لەسەر ئەو مێزە دەبینران.

دەرفەتێک هاتە پێشەوە، تا بە دزییەوەو ژێراوژێر تەمەشای بەڕێوەبەرە بەختەوەر و شادمانەکە بکات، کەلە سەر کورسییە گەورەکەی دانیشتبوو. بەڕێوەبەر بە چاوە زیتەکانی سەیری ئەوی دەکرد. ڕدێنی تاشی بوو، تەڕبووشێکی سووری تۆخی لەسەر بوو، بۆنی لە خۆی دابوو، سمێڵێکی مامناوەندی ڕەشی هەبوو، سەرحاڵ وبە دەماغ و ساغ و سەلامەت دیار بوو، قەڵەوێکی ئاسایی بوو، بەژن و باڵای بە تەواوەتی دیار نەبوو. کابرایەکی ئەوەندە مەند و بە هەیبەت بوو، لەوە ناچوو بە ئاسانی دۆستایەتی لەگەڵدا بگیرێت.

ئێستا لەبەردەمیا وەستاوە، هەناسە وبۆنە خۆشەکەی ئەوی بەسەردا دێت. دەتوانی دەنگی نەبزی بژنەوێ، بیرەکانی بخوێنێتەوە، ئارەزووەکانی بزانێت و ئەمر

وفەرمانەکانی – پێش ئەوەی بیاندرکێنێ – جێبەجێ بکات، لەبەر ڕۆشنایی زەردەخەنە و بزەکانیا، ئاینده بخوێنێتەوە. خەون و خەیاڵی هەمیشەیی ئەوەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە جێگاکەی ئەو دانیشێت.

بەوپەڕی ئەدەب و ڕێزەوە کڕنۆشی بۆبرد وگوتی:

- قوربان بەیانیت باش.

چاوێکی هەڵبڕی ولەبن لێوانەوە سڵاوەکەی سەندەوە، عوسمان خۆی پێناساند وگوتی: - عوسمان بەیومی سەرۆکی بەشی ئەرشیڤخانە.

برۆ ڕاستەکانی هەڵبڕی، عوسمان بزەیەکی بەسەر برۆکانیەوە بینی، کە نەنیشتە سەر لێوی، عوسمان بۆ ناساندنی زیاتری خۆی، لەسەری ڕۆیی:

- قوربان من سەرۆکی تازەم.

- پاچڤەوانیشی وایە؟

دڵی بە توندی کەوتە لێدان وگوتی: - بەڵێ قوربان.

بەڕێوەبەری گشتی بە دەنگێکی نزم گوتی:- شێوازیکی باشت هەیە..

- ئەم ستایشەی ئێوە، شانازییەکی گەورەیە بۆ من..

- دەی باشە نووسراوی گرینگت پێیە؟

بە لێهاتوویەکی تایبەتییەوە، زەرفەکانی هەڵپچڕی ونووسراوەکانی خستە بەردەستی بەڕێوەبەری گشتی و بە وردی گوێی لە ڕێنمایی وئەمر ودەستوورەکانی گرت. دووبارە کڕنۆشی بۆ برد، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. بەدەم ڕێگای گەڕانەوەوە بۆ ئەرشیڤخانە، بیری لەوە دەکردەوە کە ژیانی حەمزە سویفی بەرەو سێبەر دەڕوات وزۆری پێناچێت کەلە تاریکیدا نقوم دەبێت، هەمان تاریکی کە سەعفان بەسیونی هەڵلوشی. ئیدی لەم سەعاتە بە دواوە، ئاییندەی لە دوای خوای گەورەوە لە دەستی جەنابی بەڕێوەبەری گشتیدایە. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- عوسمان ئاگات لەخۆ بێ، خاوەخاو نەکەی، دەبێ بە باز وبازان بڕۆیت.

هەروەها گوتی:

- عوسمان بەسیونی نیوەی خزمەتەکەی لەو پلەیەدا بەسەربرد، کە گەیاندییە خانەنشینی و بەوپلەیە خانەنشین بوو!

ئەو زۆر چاک دەزانێت کە ئیدارە دوو یارمەتیدەری هەیە. بەڵام بازدانی ئەو وەستاوەتە سەر حەمزە سویفی، بەوەوە بەندە، کە هەڵبەتە یا دەبێ بەرز ببێتەوە یا خانەنشین ببێت یان بمرێت!! لە خۆی تووڕە بوو، زۆرجار تووشی ئەم حاڵەتە دەبوو، لە خودا پاڕایەوە وگوتی:

- خودایا تۆبە، لێم ببوورە!

لە دڵی خۆیدا پرسی: - بۆچی بەم گەندەڵییە دروست بووین؟

زۆر بەکەمی لە تەبیعەتی خۆی ڕازی دەبوو، بەڵام ناچار ملی بۆ ئەو واقیعە دەداو قەناعەتی بەوە دێنا. کە لەم بەرو لەوبەری ڕێگا پیرۆزەکەیدا، شەپۆلێن خێر وشەڕ، لە ململانێ و پێکداداندان. هیچ شتێک ناتوانێت ئەو قودسیەتە کەم بکاتەوە تەنیا لاوازی وخەمساردی و ڕادەستبوون و قەناعەت کردن نەبێ. قەناعەتکردن بە خۆشی و دەسکەوتی ئاسان و زندە خەونان.

- خودای گەورە! لە گوناهم خۆشبە، من گەورەیی و نێوبانگم، کە ڤیان وئەشقی ئەوت خستوەتە دڵمەوە، خۆش دەوێ ئەی خاوەن شکۆ و جەلال..

لێبڕاوانە لەخۆی پرسی:

- چۆن جەنابی ڕێزدار بە سوود و بەهرەکانی خۆت ڕازی بکەیت؟.. ئەمە گرینگە.

چۆن وکەی بۆی دەلوێت، خزمەتی خۆی بەبێ کەچڕەوی و شەرمەزاری پێشکەش بکات؟ لە کاتێکدا ئەو خاوەن قەرزە نەک قەرزدار، وەکو ئەوەی لەگەڵ حەمزە سویفیدا کردی؟ لە چوارچێوەی کەرامەت و سەربەرزی و لە سنووری ئەتەکێتی فەرمی دەرنەچێت، بە هەمان ئەدەب و نەزاکەت وزمانە شیرینەکەی؟

- هەوڵ وتێکۆشانی من ئاپروومەندانەیە، نیازم شەریفە، بەڵام سۆز وئەندێشان تەنیا موڵکی خودایە..

ئەو باوەڕی وایە خودا بەشەری بۆ هێز وگەورەیی ئافراندووە. ژیان هێزە. پاراستنی ژیان هێزە. درێژەدان بە ژیان هێزە، تەنیا بە هێز وخەبتین دەگەیتە بەهەشتی خودا.

وەختایەک جەنابی بە سەعادەت بەهەجەت نووت، بەڕێوەبەری گشتی میداڵ و نیشانی " نیل " ی وەرگرت، دەرفەتێکی باش ڕەخسا. ئیدی وتارێکی پیرۆزبایی

نووسی، یەکێک لەو ڕۆژنامانەی کە کارە پاچڤەوانیەکانی بۆ دەنارد، وتارەکەی بۆ بڵاوکردەوە. لە وتارەکەیدا ستایشی دووربینی و جدییەت، ئاین، ئەخلاق وکارزانی وئایدیالیەتی ئەوی کردبوو، لە وتارەکەیدا گوتبووی ئەو نموونەی بەڕێوەبەرێکی نیشتمانپەروەرە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان گومانی ئەوەی لێدەکرا، کە مەحاڵە بتوانێ جێگەی بەڕێوەبەرە ئینگلیزەکە بگرێتەوە.

کاتێ بەریدی بۆ جەنابی بەڕێوەبەر بردو وەژوورکەوت، جەنابی با سەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی، جەنابعالی بۆ یەکەمجار بزەیەکی بەڕوویدا دا وپێی گوت:- سوپاستدەکەم عوسمانەفەندی..

عوسمان بەدەم کڕنۆشەوە گوتی: - سوپاس بۆ خوایە جەنابی با سەعادەت..

- بەڵام شێوازەکەت ئەوەندە جوانە بەغیلیت پێ دەبرێت.

ئیدی باوەڕی هێنا کەبەشەر تەنیا بە بادەی جەهەنەمی مەست وخومار نابێت. بەڵام مەستی بەردەوام نابێت. زۆرجار خومار بوونی بەدوادا دێت. وای خەیاڵ دەکرد کە چەرخی ڕۆژگار خێراتر دەسوورێتەوە. ئەنجامی ئەوەی دەگوترێ ئەمەیە کە زەمان بوونی نییە. گەڕەکی الحسینی تەنیا شوێنێکی ڕووت بوو. پلەی پێنجەم، لە ژیانی کابرایەکی میانە ساڵدا هیچ مەترسییەکی نییە. بۆ پیاوێک کە هەمیشە سەری بەرەو ئەستێرەی قوتبی بەرز دەگرت و خۆی لە ژوورە بچووکە پڕ لە کتێبەکەیدا زندانی دەکرد. باشترین خواردن بەلای ئەوەوە کەلەپاچە ( سەروپێ ) یان کەباب بوو لە بۆنە خۆشەکاندا. جگە لە شەرابی جەهەنەمی و قەدریە ڕەش. لە ژوورێکی ڕووت و ڕەجاڵدا، ئاگای لە هیچ لەزەت وخۆشییەکی دیکەی دنیادا نەبوو. عوسمان پێویستی بە گەرمییەکی ڕاستەقینەی مرۆڤانی هەبوو، پێویستی بە ژن و خانەوادە هەبوو، ئیدی بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کەبەتەنیا لە ژیاندا بسووتێ.

چەند پێویستی بە هاودەمێ بوو لەم گەردوونە پڕ گەردوونانەدا..

**( ١٧ )**

داوای لە داکی حوسنی کرد کە بچێتە دیدەنی. بەدەستی خۆی قاوەی لەسەر مەقەڵیە کحولیەکەی بۆ داکی حوسنی دروستکرد.

ژنەی تاین هەستیکرد، ئەم پیاوە لە نیگەرانیەکی شیریندایەو دەیەوێ، زەمینە خۆشبکات و قسەی دڵی خۆی بدرکێنێ، بۆیە گوتی:

- دڵم خەبەری داوە بۆ کارێک لە دووت ناردووم. خودا شایەدە دوێنێ خەوێکم بینی..

عوسمان، قسەکەی پڕیپری وگوتی:

- داکی حوسنی، واز لە خەون و ئەو شتانە بێنە. من ژنم دەوێ.

ڕوخساری داکی حوسنی گەشایەوە وهاواریکرد: - لەسەر خێرێ... بەخێر وخۆشی.

- هاوسەرێکی گونجاو ولەبارم دەوێ..

- چی زۆرە، هاوسەری لەبار زۆرە!

- داکی حوسنی، من هەندێک مەرجم هەن، باش لێم حاڵی ببە..

- کیژی عازەب، کچی تەڵاقدراو، بێوەژن، دەوڵەمەند و هەژارم لە بەردەست هەن..

عوسمان، بەدەنگێکی بنجبڕ گوتی:

- گەڕەکی خۆمان لە بیری خۆت دەربکە، سەرانسەری گەڕەکی خۆمان..

بە سەرسامی پرسی: - تۆ بەنیازی چیت کوڕی خۆم؟

- ژنێکم دەوێ لە خانەوادەیەکی خانەدان و ئەسڵزادە بێت.

- وەستا حەسونەی خاوەن ئاشەکەی شارەوانی دەناسیت؟

عوسمان، بە نیگەرانییەوە قسەکەی پڕیپری: - بیر لە گەڕەکەی خۆمان مەکەوە. بۆ خانەوادەیەکی ئەسڵزادە وگەورە بگەرێ..

- مەبەستت چییە؟

- یانی ماڵباتی خانەدان.. گەورە فەرمانبەران.. خاوەن دەسەڵات ودەستڕۆ.

ژنە حەپەسا، دەتگوت باسی دنیایەکی دیکەی بۆ دەکەن.

- پێدەچێ لەم ڕووەوە دەستەوسان بیت.

داکی حوسنی بە نا ئومێدییەوە گوتی: - بیرکردنەوەیەکی سەیرت هەیە کوڕەکەم..

- بەڵام..

- خۆت گوتەنی لەم ڕووەوە دەستەوسانم وکەسی وا شک نابەم، بەڵام داکی زەینەب دەناسم، ماڵی لە " الحليمه " یە و ئەو کارانە دەکات، بەڵکو ئەو بتوانێ کارێکمان بۆ بکات.

- بچۆ بۆلای. ئەگەر شێر بووی، پاداشتێکی باشت دەدەمێ، وەکو ئەوەی هەموو کارەکان خۆت کردبێتت..

داکی حوسنی پێکەنی وگوتی: - عوسمانەفەندی تۆ پیاوێکی دەست نوقاوی.

- ئەی خوانەناس، هەی بێ مروەت، بە گیانی دایکم تۆڵەت بۆ دەکەمەوە، نائومێدت ناکەم.

- سەرکەوتووبیت، خوا دەست بە باڵتەوە بگرێت.

- زەرووری نییە، کچی عازەب بێ، ئەگەر بێوەژن، یان تەڵاقدراو یان ئەگەر قەیرە کچیش بێت قەیناکات. جوانیم لا گرینگ نییە – بەڵام دەبێ بچێتە دڵەوە – هەورەها تەمەن و دارایيشم بەلاوە گرینگ نییە.

ژنە بە سەرسامییەوە سەری لەقاند. عوسمان گوتی:

- سەبارەت بە کار وپلە و پۆست وشادەتنامەش با لە وەزارەت تاقیب بکەن، بەڵام..

کەمێک بێدەنگ بوو و، ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

- بەڵام دەربارەی ئەسڵ وفەسڵ پرسیان، دەکرێبڵێی بابی بازرگان بوو، ئایا دەربارەی ئەم مەسەلەیە تاقیبی ورد دەکەن؟

- ئەدی چۆن، ڕەحمەت لە دایک و باوکت..

- بەهەرحاڵ، لەوەیە کەسایەتی خۆم شەفاعەتم بۆ بکات، با خۆمان تاقی بکەینەوە!

عوسمان، بەدەم چاوەڕوانییەوە ڕۆژانێکی ناخۆشی بەسەربرد. هەرجارێ دەچووە سوراغی داکی حوسنی، ئامۆژگاری دەکرد کە جارێ سەبر بکات. کەبیری لە سەدەمی دواکەوتنەکە دەکردەوە، دڵی دەگیراو دنیای لە بەرچاو تاریک دەبوو، هەزار و یەک بیری خراپی بە مێشکا دەهات، نەخێر کەوتە سەردانی نزرگەی حوسەین.

بەڕێکەوت لە هەمان ئەو ڕۆژانەدا، حەمزە سویفی بەڕێوەبەری ئیدارە، نەهاتە دەوام، عوسمان زانی کە بەڕێوەبەرەکەی گوشاری خوێنی بەرز بووەتەوەو لە ماڵەوە کەوتووە.. ئەمە جۆرە نیگەرانییەکی گشتی لێکەوتەوە، چونکە دایەرە لەم کاتەدا

مژووڵی ئەوە بوو، بودجەی گشتی ئامادە بکات، عوسمان چووە سەرینی وماوەیەکی زۆر بەلایەوە دانیشت و بەڕادەیەک خەم و پەژارەی خۆی بۆ دەربڕی کە کابرا هاتە زمان و کەوتە ستایشی و دوعای بۆ کرد کە خوا لە شەڕی زەمانە بەدووری بگرێت. عوسمان بەدەم دانیشتنەوە بیری کەوتەوە کە دیدەنی سەعفان بەسیونی نەکردووەو هیچ هەواڵێکی نازانێ، وەکو ئەوەی مردبێ. بە حەمزە سویفی گوت:

- ئیسراحەتی تەواو بکە، لە جێگە مەیە دەرێتا بە تەواوی چاکدەبیتەوە. خەمی کارەکەت نەبێ، من و هاوکاران لە خزمەتتداین.

کابرا سوپاسی کرد و بە نیگەرانی و لەبن لێوانەوە گوتی:

- پرۆژەی بودجەکە!

عوسمان، بە دڵنیاییەوە پێی گوت:

- بە پشتیوانی خوا ئامادە دەکرێت، هەمووان شاگردی تۆن و لە سایەی تۆدا فێری ئەوە بوون چی بکەن وچی نەکەن.

بەڵام لە وەزارەتخانەدا، قسە وباسێکی زۆر دەربارەی نەخۆشەکە و نەخۆشیەکەی داکەوت. دەیانگوت لەگینە حەمزە ناچاربێ خۆی خانەنشین بکات یان بەلای کەمەوە دەستبەرداری مەسئولییەتە سەرەکییەکانی ببێت. عوسمان بە هەستێکی تایبەتییەوە گوێی لەو قسانە دەگرت، هەرچەندە بە ڕواڵەت پێی ناخۆش بوو، بەڵام ژێراوژێر و لە دڵی خۆیا پێی خۆشبوون، ئەمە تەما و خەون وخولیاکانی هاڕوژاند. لەو بەینەدا بەڕێوەبەری گشتی دەستووری پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی بۆ ئامادەکردنی بودجە، دا وعوسمانی کرد بە بەرپرسیاری لیژنەکە. لەکەس شاراوە نەبوو کە بۆچی ئەوی هەڵبژاردبوو. هەڵبەتە هیچکەس نە گومانی لە توانا و کارامەیی عوسمان هەبوو و نە گومانی لە حیکمەت ودروستی پریارەکەی بەڕێوەبەری گشتی هەبوو. بەڵام هەندێ کەس گوتیان: باشە ئەگەر هەر بۆ پاراستنی ڕواڵەتش بوایە، وا باشتر نەبوو سەرۆکایەتی لیژنەکە بە یەکێک لە یاریدەدەرەکان بسپێردرێت؟! بەڵام عوسمان بێئەوەی گوێ بەو قسانە بدات، هەموو توانایەکی خۆی بۆ ئامادەکردنی بودجەکە تەرخانکرد تا بە بێ هیچ هەڵە و پەڵە و کەم وکۆرییەک تەواوی بکات. زۆر بە ڕێک وپێکی کارەکانی دابەشکرد، پەیگیری زانیاریە پێویستەکانی دایەرە جیاوازەکانی وەزارەتخانەکەی کرد. بەخۆیشی مەسئولییەتی ئامادەکردن ونووسینەوەی یەکجارەکی بودجەکەی لە ئەستۆگرت.

تەبیعەتی ئیشەکە وای دەخواست ڕۆژی یەک سەعات وهەندێجار دوو سەعات، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جەنابی بەڕێوەبەری گشتییەوە هەبێت ولەگەڵیدا کۆببێتەوە. ئەمە کردیە کارێک کە دۆستایەتی بکەوێتە نێوانیان ودۆستایەتی جێگەی پەیوەندی وەزیفە بگرێتەوە. ڕۆژێک کۆبوونەوەکەیان درێژەی کێشا وچوار سەعاتی خایاند، بەڕێوەبەری گشتی داوای قاوەی بۆکرد و خوڵکی جگەرەی کرد وعوسمانیش عوزرخوایی کرد، چونکە جگەرەکێش نەبوو.

ئیدی ڕۆژان بەو ئاوایە بوورین ودڵی بە خۆشی و شانازی وئومێدان ئاوەدان بووەوە. بەڕێوەبەری گشتی لە کارەکەی ڕازی بوو، بۆیە عوسمان هەستیکرد خواوەند لێی ڕازییە و بەخت و یەغباڵی دنیایی ڕووی تێکردووە. پێشەکییەکی زۆر عالی بۆ پرۆژەی بودجەکە ئامادە کرد کە بووە بایسی خۆشحاڵی وڕەزامەندی تایبەتی بەڕێوەبەری گشتی و ئیدی چوار مشقی لەسەر لووتکەی سەرکەوتن لێی دانیشت.

حەمزە سویفی، لە دوا ڕۆژی کاری لیژنەکەدا، بە ساغ و سەلامەتی بۆ دایەرە گەڕایەوەو لە نووسینگەکەی خۆیدا دەستبەکار بووەوە. عوسمان خۆشحاڵی خۆی نواند، دەست و مشتاقێکیگەرم و گۆڕی لەگەڵیدا کرد و دوعای تەمەن درێژی بۆ کرد، پێی گوت:

- دەتگوت شتێکمان گوم کردبوو، سوپاس بۆ خوا کە بە سەلامەتی گەڕایتەوە.

کابرا لێی پرسی: - پرۆژەی بودجەکە گەییە کوێ؟

- ئامادە وحازرە، پێشەکیشی بۆ نووسراوە، هەر دووکیان، پرۆژەکە و پێشەکییەکە، لە خزمەتی جەنابی با سەعادەتدان، خوا یار بێ سبەی یان دوو سبەی دەیبینی، ئەدی حاڵتان چۆنە؟

- سوپاس بۆ خودا، حەجامەتگیرییان بۆ کردم، ڕژێمێکی وردیان بۆ داناوم، ئیدی وەستا کەریم هەرخۆی حیسابە.

- بەڵێ وایە.. نەخۆشییەکەت هەورە هاوینەیەک بوو و زوو تێپەڕی.

لە ماوەی خزمەتی دوور ودرێژیا، ئەوەندەی دوو ڕوویی و دوالیزمی شەخسیەت وعەزابی ئەخلاقی بینی بوو، تەواو لۆس بووبوو، لەگەڵ جۆرەها بویەر و شۆکی چاوەڕوان کراو و نەکراودا ڕاهاتبوو، بۆ نموونە وەکو ئەم شۆکە. بێ موبالات و تەنانەت نائومێدیش، بوو بەبار بە سەر دڵییەوە. بۆیە کاتێ پلەی چوارەم لە ئیدارەی یاسایی خاڵی بوو، چیدی خۆی پێنەگیرا و هاتە زمان. ئەو بەوە ڕاهاتبوو کە بە کردار و خزمەتەکانی خۆی قسە بکات. بەڵێ خۆی پێنەگیرا و هاتە زمان، ئەمە یەکەمجاری

بوو به زمان بەرگری لەخۆی بکات. به حوکمی ئەو هاماج وکەشەی کەکار له نێوان ئەو و حەزرەتی موحتەرەم دا دروستی کردبوو، پێی گوت:

- ئەگەر جەنابی با سەعادەتتان ڕەزامەندی بفەرموون، حەزدەکەم له بەشی ئیدارەی قانوونیدا، مومارەسەی ڕۆشنبیرییه یاساییەکەی خۆم بکەم.

- هەرگیز، هەر باسی مەکە، ئیدارەی یاسایی، وەقفی خەڵکانی دەستڕۆ وخودان ئیمتیازی تایبەتیه. باشتر وایه خۆتی لێنەدەی..

ئاخ.. وەکو ئەو ژنه بوو که له مێژ بوو چاوەڕوانی دەکرد. پەست بوو، بەڵام به خاکەڕاییەوە گوتی: - ئەمر، ئەمری ئێوەیه قوربان!

بەرەو دەرگا ڕۆیی، بەڵام دەنگی کابرا له دواوە وە ئاگای هێنایەوە که گوتی:

- پێشنیازم کردووە پلەی سەرۆکی بەشی ئەرشیڤخانه له بوودجەی تازەدا، بۆ پله چوار بەرز بکرێتەوە.

به هەنگاوێکی هەڕا و بەرەو مێزەکەی بەڕێوەبەری گشتی گەڕایەوەو کڕنۆشێکی ئەوتۆی برد که چیوای نەمابوو سەری به قەراخ مێزەکەدا بکەوێت.

**( ١٨ )**

بێگومان بازێکی گەورەو سەرکەوتوو بوو. ئەگەر بەخت یاربێ وبەو خێراییه پروات لەگینه لەماوەی دوازده یان پازده ساڵدا به مراز بگات وساڵانێکی باشی به بەرەوە دەمێنێ. که بتوانێ به پۆستی بەڕێوەبەری گشتیەوە، دایەره گەورەکه بەڕێوه ببات. بەڵام کارەکەی داکی زەینەب، وادیاره سەری نەگرتووە، گومانی تیا نییه شکستی هێناوە.

- سەرۆکی بەشی ئەرشیڤخانه، بەبێ سەریەشه ڕەفزکرا، بەڕێوەبەرئیداره ڕەنگه قەبووڵ بکرێ، بەڵام بەڕێوەبەری گشتی هەرچەنده تەمەنێکی کەمیشی بمێنێ، به هیچ جۆرێ نایەته ڕەفزکردن!

زۆر هۆ هەبوون بۆ بیرکردنەوە له ژن هێنان. لەوانه: دەبووە یارمەتیدەری ڕێگای، له شەڕی تەنیایی ڕزگاری دەکرد، نیوەی ئیمانەکەی تەواو دەکرد، سەڵتی وزگورتیاتی به گوناح دەزانی.

قەدریه، ژیانی پەرێشانی هێور وئارام دەکردەوە، بەڵام کەش و هاماجی میهر وسۆز ومەحەبەتی مرۆڤانی بۆ دابین نەدەکرد. بەڵکو به پێچەوانەوە، لەگەڵ قەدریەدا

هەستی بە تاوان دەکرد. ئیدی تاقە دڵخۆشییەک کە بۆ عوسمان مابووەوە بریتی بوو لە کار، ڕۆشنبیریی وپاشەکەوت، کە زیاتر دەستی دەگرتەوەو ڕەزیلی دەکرد، بەخۆیی دەگوت:

- خەلیفەکانی پێغەمبەریش بەم جۆرە ژیانیان گوزەراندووە!

ڕۆژێک کەلە بەشی ئەرشیڤخانەدا خەریک و سەرقاڵی کارکردن بوو، لەناکاوا سەعفان بەسیونی لە بەردەم خۆیدا بینی، بەجۆرێ باریک و بنێس بووبوو لە تۆ وایە تاپۆیەکە ودەیەوێ ماڵاوایی لە ژیان بکات. چونکە کەمتەرخەمی دەرهەق بە سەعفان کردبوو و نەچووبووە دیدەنی، بە شەرمەزارییەوە لە بەری هەستا تا خێر هانینی بکات، داینیشاند و بە گەرم و گوڕییەکی ساختە و درۆوە گوتی:

- چاوم ڕوون، چەند بە دیتنت خۆشحاڵم!

پیرەمێرد، بە زەحمەتێکی زۆر خۆی جەم وجۆر کردەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:

- بە ڕاستی بیرم دەکردیت!

عوسمان، بە کەسەر وپەشیمانییەوە گوتی:

- نەعلەت لە کار، نەفرەت لە ماڵ و هەرکێیەک لە ماڵدایە، بە ڕاستی خەجاڵەتم هاوڕێی ئازیزم.

پیرەمێرد، بەدەم گلەییەوە گوتی: - عوسمان گیان، نەخۆشم..

- شوکر باش دیاریت، سەلامەت دەبی ئیشەڵڵا، داوای قاوەت بۆ بکەم؟

- ناتوانم هیچ شتێک بخۆم، هەموو شتێکم لێ قەدەغە کراوە..

- خودا شفات بۆ بنێرێت..

خۆی تووش کرد، نەیدەزانی چۆن کۆتایی بەم دیدارە خراپە بێنێ. سەعفان کەمێک بێدەنگ بوو، ئەوجا بە کەساسی و زەبوونییەوە گوتی: - زۆر پێویستم بە سێ جونەیهانە.

قسەکە لە ئەوکی گیراو پاشان لە سەری ڕۆیی:

- بەخۆت حاڵم دەبینی، بۆ دەرمانم دەوێ!

عوسمان ڕاچڵەکی، هەستیکرد مەترسی خەریکە هێرشی بۆ دێنێ، ئیدی وەکو یەکێک ڕاوەدوو بنرێ، بە دەنگی بەرز هاواریکرد:

- خەجاڵەت خۆم، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆ داوای شتێکم لێبکەیت و نەتوانم جێبەجێی بکەم، بە تایبەتی داوایەکی وەکو ئەمە، باوەڕ بکە بۆ من دزی کردن ئاسانترە لەوەی دەست بە ڕووتەوە بنەم!

کابرا، لیکاوەکەی دەمی قووت دا و بە نائومێدییەوە گوتی:

- یانی تاقە یەک جونەیهشت نییە بمدەیتێ؟!

- یانی باوەڕم پێناکەیت ئازیزترین ئازیز؟! بە زاتی خوا ئەگەر شەرم نەبوایە، ئەگەر شەرم نەبوایە..

کابرا، بە تەواوەتی نائومێد بوو. دەبیرەوە چوو. بە زەحمەتێکی زۆر ڕابوو وگوتی:

- من باوەڕت پێدەکەم. خودا ڕاوەستاوت بکات، خوا بە هانای هەمووومانەوە بێت.

چاوانی عوسمان، لە کاتێکا کە تەوقەی لەگەڵ ئەودا دەکرد تەڕی ڕوندک بوون، ڕوندکی ڕاستەقینە نەک درۆ. ڕوندک کە دەرهاوێشتەی ململانێیەکی پڕ عەزابی ناخی خۆی بوو. نزیک بوو دوای بکەوێ، لێ لە جێی خۆی نەجوڵا، وازی لێهێنا پڕوات، گەڕایەوە سەر مێزەکەی، لە دڵی خۆیدا گوتی: - چەند ناخۆشە!

و گوتی: - دەبوایە لە بەرد یان ئاسن دروستکرابایین تا بەرگەی ژیان بگرین..

هەروەها گوتی:

- ڕێگاکە زۆر دوور ودرێژە، من گیانم بەوەیە ژیانم بەلاوە پیرۆزە – نیعمەتی خوایە – ڕەتی ناکەمەوە!

هەمان هەفتە هەواڵی مردنی سەعفان بەسیونی بیست! هەرچەندە ئەم بویەرە چاوەڕوانکری بوو، بەڵا شۆکێکی توند بوو.

لە تاو ئازار، هاواری بەسەر خۆیدا کرد:

- ئاە و ناڵین بەسە، بەشی خۆت دەرد و ئازارت هەیە.

ئەم پرسیارەی کرد: من مایەی حەسوودیم، حەسوودیم پێدەبرێ، باشە من بەختەوەرم؟

هەروەها ئەم پرسیارەشی کرد: - بەختەوەری چییە؟

ئەوجا گوتی: بەختەوەری ڕاستیمان ئەمەیە کە خودا هەیە.

ئەوجا بە ڕژدییەوە گوتی: - یان دەبێ بژین یان دەبێ بمرین!

**( ١٩ )**

زەمان وەکو شمشێرە ئەگەر تۆ ئەو نەکوژی ئەو تۆ دەکوژێت. ئیدی وای لێهات لە زەمان کوژیدا تەواو قاڵ بووەوە، بەڵام ئاخۆ بەڕاستی لە شمشێری زەمان خەلەسی بوو؟! دوێنێ فەرمانبەرێکی تازەی گەنج هاتبوو بۆ لای تا لە بارەی مەسەلەیەکی تایبەتیەوە، ڕاوێژی پێبکات و بەمجۆرە دەستی بە قسان کرد:

- ببورە جەنابی سەرۆک، من بە چاوی باوکێک یان برا گەورەیەک سەیری تۆ دەکەم، بۆیە هاتووم بۆ لای تۆ!

قسەکانی ئەم فەرمانبەرە گەنجە، بەجۆرێ کاری تێکرد، وای وێنا کرد، دەیەوێ پێی ڕابوێرێت! وەکو باوکێک؟! لە ڕاستیا ئەگەر لە کاتی خۆیدا ژنی هێنابا، لەگین بوو ئێستا کورێکی هاوتەمەنی ئەوی هەبوایە. بۆ نا؟ وێرای ئەوەش هەرگیز درێغی لە زەمان کوژی نەکردبوو ونەدەکرد.

ڕۆژێک داکی حوسنی پێی گوت:

- ژنێکم بۆ دۆزیوەتەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەیە!

بە ئاشکرا ئەو هەواڵەی پێخۆش بوو. هەرچەندە بەڕێوەبەری قوتابخانە هاوسەرێکی گونجاو و پڕ بە حاڵ و ئەحواڵی ئێستایە، بەڵام ئەم عەوداڵی پلە وپۆستە، چ بکات، تەگبیری چییە؟

جڵەوی کونجکاوی خۆی پێنەگیراو لە پیرەژنی پرسی:

- پیرە؟

- لە تۆغیانی مێیاتیدایە.. ئەوپەڕی سی و پێنج ساڵ دەبێت..

- بێوەژنە یان تەڵاقدراوە؟

- پاکیزەیە، کیژی عازەبە، ڕێک وەکو هەوەڵ ڕۆژێ کە خودا خەڵقی کردووە، وەکو خۆت دەزانی، ئەو ئافرەتانە ڕێگەی شوو کردنیان پێنەدەدرا..

حەزیدەکرد بیدینێت. ئەوی لە دەڤەری سیدەدا بینی، ڕواڵەت و لەش و لاری خراپ نەبوو. وەکو چۆن پێشتر سەنیە هاڕوژاندبووی، ئەم ئافرەتەش هەست ونەستی بێدار کردەوەو هاڕوژاندی. بەوجۆرە کچەی بینی، پاشان زانی کە کچەکەش ئەوی بینیوە.

داکی حوسنی، لە دیداری دواتری عوسماندا، پێی گوت:

- بۆ تۆ چەقەنەیەکی تێناچێت..

ئیدی بەم قسەیەدا بۆی دەرکەوت، کە کیژێ بەگەنی کردووە. ئێستا ئەو مەمنوونە و ئامادەیە ماڵ و حاڵی بۆ ساز بکات و تەنیا مەسرەفێکی کەم بە زاوا بکات. پیرەژن گوتی:

- ئەوەی دەمێنێ ئەڵقەی نیشانەکردن و هەندێ زێڕ و وردەواڵەیە... بڵێم موبارەکە؟

- سەبرێک بکە با بیرێک بکەمەوە.

- تەنیا یەک مەرجی هەیە ئەویش ئەوەیە کە دەبێ پاشەکی مارەییەکەی سەد وپەنجا جونەی بێت..

هەموو شتێک باش وبەدڵی ئەو بوو. ئەگەر لە ژنهێنان بوایە وخوازیاری تەواوکردنی نیوەی دینەکەی بوایە، دەرفەتی لەوە گونجاوتری بۆ هەڵنەدەکەوت. ئەدی دنیاکەی چی؟!.. وێڕای ئەوەش لە گەرداوی بیر وهزریندا نقوم بوو، لەوە دەچوو بە سەدەمی هەڵکشانی تەمەنەوە بێ، بەهۆی ئەو ئیلهام وسەرۆ نادیارەوە بێ کەلە دنیای غەیبەوە بە سەریا ڕژا، بەهۆی ئەو شتانەوە بێ کە بە لایەوە مەخسەرە ئامێز وزاڵمانە بوو، بە سەدەمی ئەو گوڵانەوە بێ کە بۆنی نەکردن بە سەدەمی ئەو گۆرانیانەوە بێ کە بە گوێی نەگەیین. بەهۆی ڕژدی و ڕەزیلییەوە بێ. وێڕای ئەوەش بەخۆی گوت:

ئەمە چ بیرکردنەوەو دوو دڵییەکە؟ قسەی بەلاش.. خۆ دنیا ئاخر نایێت!

حەزیدەکرد پەیوەندییەکیان لە نێواندا دروست ببێت. بێ هیچ پیرۆزییەک!! بەڵام ڕەفز دەکرێ، ڕەفزێکی تووندتر لەو ڕەفزەی کە سەنیە کردی. قەبووڵ کردنیش وەکو وێنا دەکرێت دڵخۆشکەرە نییە. قەبووڵکردن بەلای کەمەوە ئەوە دەخوازێ کە شوقەیەک ئامادە بکات و ناو ماڵێک بکڕێ و ئاوەدانی بکاتەوە. ترسی لێنیشت ودڵی گوشرا. ئەنجام زۆر بە شێنەیی بە داکی حوسنی گوت: - نا، هەرگیز..

پیرەژن هاواریکرد: - تۆ لە دووی شتێکی تری..

- گوتم نەخێر.

- تۆ لەگەز ومەتەڵی، کورم.

عوسمان، بە ساردی پێکەنی.

- چیت دەوێ؟ حەزت لە ڕەگەزی ژن نییە؟

عوسمان، دووبارە پێکەنی.

- خودا بتبەخشێت..

پیرەژن گوتی: - دڵم بە حاڵتدەسووتێ کورم..

لە دڵی خۆیدا گوتی: مرۆڤ بە خەم پیرۆز دەبێت وخۆی بۆ شادمانی خوایی ئامادە دەکات.

**( ٢٠ )**

لە کاتێکا زۆر بێزارو پەست بوو، بووبوو نە نێچیری هەستێکی ڕەشبینانەی زۆر توند، کە پێشتر شتی وای بەو تۆخییە بەخۆوە نەبینی بوو، سەر وکەللەی ئونسیە ڕەمەزان پەیدا بوو. بەخۆی گوت " لە دەشت و بیابانێکی کاکی بە کاکیدا کە گڕ وبڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوە، وێڵ و سەرگەردانە " هیچی بە هیچ نەکردووە، شتێکی دەستنەکەوتووە بایەخێکی هەبێت. هیوا وئاوات دوور ودرێژە وتەمەن کورتەو، ڕابردوو هیچ نییە، وێڕای خەون و خولیا گەرم وگورەکانی، ئەو مرۆڤێکی بچووک و هیچە. شوێن ورەمزی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕێکی بەخشەنی وزیندانە. ئەو تاقە شەهیدی بنەماڵەکەیانە، شەهیدی زوڵم وزۆر، هیچ دۆست و بناژۆیەکی نییە، بە تەواوەتی لە هاوڕێیانی منداڵی خۆی داپڕاوە. هاوکارانێکی هەن کە ڕێزی دەگرن و بەغیلی پێدەبەن. بەڵام تاقە دۆست و برادەرێکی نییە. تاقە کەسێک کە هەندێجار بە خۆشییەوە هاونشینی دەکات، مجێورێکی مەزگەوتی " الحسینی "یە. تاقە لەزەت وخۆشی ڕۆمانسیانەی ژیانە وشک وبرینگەکەی ژیانی ژوورێکی ڕووت ورەجاڵ و ڕووسپیەکی نیمچە قولەڕەشە.

- مانای ئەم ژیانە چییە؟

ئەو بەڕاستی خۆی لە قەبەڵی ڕێگای پیرۆزی خودا کردووە، بەڵام سەعات بە سەعات زیاتر لە گوناحاندا غەرق دەبێت و دەلەوتێ. پێدەچێت وەکو پێویست وبە هەموو هێز وتوانای خۆیەوە مقاوەمەتی مەرگ نەکات.

- لە گەمەیەکی دۆڕاو دەچێت!

لەو توونە هەڵایساوەدا، لە کاتێکا ئەو لە جەهەنەمەکەیا هەڵدەپلکا، شنەیەکی نەرم وڤێنک، کە بۆنێکی تازەی لێدەهات، تازە بە هەموو مانایەک، بەسەر بەشی ئەرشیڤخانە وئیدارەی گشتیدا هات. یەکەم کچ بوو کە پەیوەندی بە ئیدارەوبەشی ئەرشیڤخانەوە دەکرد. ئەسمەرێکی بەژن وباڵا زراڤ، بەرگ وپۆشاک ساکار بوو. دیمەن و ڕواڵەتی کچەکە، عوسمانی پەشۆکاند، سۆزی بزواند، کچە لە بەردەم مێزەکەیدا وەستا وخۆی ناساند. عوسمان، تەمەشایەکی سەری ئەو فەرمانبەرانەی کرد کەلە بەینی دۆڵابەکانەوە دیار بوون و ئەوسا کچەی خولک کرد کە دانیشێت. فەرمانبەرەکان سەریان لەم هەڵوێستەی سورما بوو و باوەڕیان بە چاوی خۆیان نەدەکرد.

- بەخێر هاتی.

- سوپاس، من ناوم ئونسیە ڕەمەزانە.

- خۆشحاڵم، پێدەچێت زۆر بچووک بیت؟

- نەخێر، تەمەنم هەژدەساڵانە!

- زۆر چاکە.. شادەتنامەی چیت هەیە؟

- ئامادەیی، بەشی زانستی..

- ئافەرین، ئەدی چۆنە درێژەت بە خوێندن نەداوە؟

هەستی بەجۆرە پەشیمانییەک کرد کە ئەو پرسیارەی بەو کوت و پریە لەزار دەرپەڕی بوو. یەکەم ڕۆژی دەستبەکار بوونی خۆی، لە ژووری بەڕێوەبەری گشتیدا وەبیر هاتەوە، بەڵام کچەکە بە شەرمەوە بەرسڤی دایەوە: - زروف واداری کردم، نەتوانم لەوەی پتر درێژە بە خوێندن بدەم.

نەفرەتی لە زروف وهەل ومەرجان کرد، بەڵام دڵخۆشی دەردی خۆی بەوە دایەوە کە هەردووکیان لەو خەمە مێژووییەدا یەکسانن. ئەمە جۆرە سوکناییەکی بە ڕۆحی بەخشی و بە میهرەبانیەوە گوتی:

- تۆ، ڕابردووی خۆمم وەبیر دێنیتەوە، بەڵام ئەوەش بزانە من بە دەم کاری دایەرەوە، خوێندنی خۆمم تەواو کرد، هەموو دەرگا داخراوەکان لەبەردەم هیمەتی بەرزدا دەکرێنەوە.

خەم نیشتە سەر چاوانی کچەکە و گوتی: - بەڵام ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی بەد و بێ مرۆتدا دەژین.

کە بۆی دەرکەوت هزر وبیرێن شۆرشگێرانە، کە هەم لێیان بێ ئاگا بوو و هەم لە جانایاندا خۆی لە گێلی دەدا، بۆ ئەو مایەی هەڕەشەن، بە مکووڕییەوە گوتی:

- پشت بەخۆ بەستن، لە هێرشکردنە سەر کۆمەڵگە باشترە. خودا وەکو تاک ئەمرمان پێدەکات و وەکو تاک لێ پێچینەوەمان لە گەڵدا دەکات، ڕێگەی خۆت لە نێو ماهو زەردانداا، تاش و تاوێراندا بکەیەوە، زۆر باشترە لەوەی سواڵی سەدەقە لە کۆمەڵگە بکەیت. وادیارە تۆ بایەخ بە سیاسەت و بەو شتانەی کە ناویان ناوە بیرێن جڤاکی دەدەیت؟

- من باوەڕم بەو مەسەلانە هەیە.

- مانای وایە باوەڕت بە خۆت نییە، من خۆم جگە لە هیمەتو عەزیمەتی پتەوی خۆم و حیکمەتی نادیاری خوداوەند هیچی دی نازانم!

کیژێ، بزەیەکی کرد وهیچ قسەیەکی نەکرد، عوسمانیش بزەیەکی کرد وگوتی:

- دەتکەم بە بەرپرسی واریدە ( هاتوو ) ئەمە گونجاوترین کارە بۆ فەرمانبەری تازە..

- سوپاس قوربان.

- ئومێدەوارم کارێک بکەی کە ببیە جێگەی متمانە..

- هیوادارم، بتوانم بەدڵی تۆ بم..

- ئەگەر هاوکارەکانت، ناڕەحەتیان کردیت، یەکسەر ئاگادارم بکەوە.

- هیوادارم پێویستم بەم کارە نەبێت.

ئیدی بەفەرمانبەرێکی سپارد، تا کار وباری واریدەی فێربکات وبە پچرپچری گوتی:

- ژووری واریدە..

هەستیکرد، بەشی ئەرشیڤخانە، دەبوژێتەوەو بەرەو ژیانێکی ڕووناک هەنگاو دەنێت ولەمڕۆ بەدواوە، لەو ئەنگێزانە خاڵی نابێت کە دڵ وسۆز دەبزوێنن، هەوری بیرەوەرییە تاریکەکانی کەمێک ڕەوییەوەو لەجیاتی ئەوە سیدە، سەنیە و ئەسیلەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە و قەدریەی وەبیر هێنانەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی: هەمە جۆری وشیرینی وعەزابی دنیای ژنان کۆتایی نییە. حایرو حەیران پرسی:

- کامیان ئامانجە وکیهەیان وەسیلەیە: ژن یان پلە وپۆست؟!

هەروەها گوتی:

- پیاوانێکی زۆر بەبێ پلە و پۆست ژیاون، بەڵام کیهەیان بەبێ ژن ژیاوە؟

بەشەری هاوتەمەنی ئەو دووجار بیردەکاتەوە. ڕەنگە لە کتێبان بتۆرێ ولەکار بێزار ببێت، حورمان ورەزیلی تەنگی پێهەڵچنی ورابردوو بێرەحمانە دەستبەرداری نەیێت وبەرۆکی بەرنەدات. لە تەمەنی وەکو تەمەنی ئەودا مرۆڤ زیاتر پەنا وەبەر گۆشەگیری و تەنیایی و چاوەڕوانی دەبات، چاوەڕوانی پلە وپۆستێک کە گەیشتن پێی دژوارە. هەمووی دوێنێ بوو کە حەمزە سویفی بە پێکەنینەوە پێی گوت:

- ئەوە داوێکی سپیە لە سەرتا، ئەی پاشای ئامادەکاری بودجە ودارایی!

ڕاچلەکی، وەکو ئەوەی بەسەر تاوانەوانێکەوە گیرابێ ڕاچڵەکی وگوتی:

- ڕەنگە چاوت ڕێشکەوپێشکەی کردبێت جەنابی بەڕێوەبەر.

- با ئاوێنە لەبەینی من و تۆدا داوەر بێ، کەبۆ ماڵ چوویتەوە باش سەیری خۆت بکە..

ئەنجام کۆڵی دا وگوتی: - بەر لە وەختی خۆی هاتووە.

بەڕێوەبەری ئیدارە گوتی:

- یان دوایوەختی خۆی هاتووە، من کە پیری بەرۆکی گرتم، دە ساڵ لە ئێستای تۆ پچووکتر بووم..

بەڕێوەبەر دوای پێکەنینێکی دوورودرێژ گوتی:

- دوێنێ لەگەڵ هەندێک لە هاوکاراندا باسی تۆ هاتە گۆڕێ، بە سەرسامی دەمانپرسی چۆن دەژیت؟ گوتمان تۆ نە لە ڕێگەوبان نە لە چاخانە، نە لە ئاهەنگ و بۆنەێن تایبەتی دەرناکەوی، ئەدی لە کوێ کات بەسەر دەبەیت؟ هاوکاران گوتیان باشە ئەم پیاوە کە ژنی نییە، ئیدی بۆچی دەژی؟ هەروەها گوتیان گوێ بە هیچ شتێک لەو شتانە نادات کە خەڵکی گوێی پێدەدەن، دەبێ لەم دنیایەدا ئاواتی چ بێ؟!

بە خەمساردییەکەوە بزەیەکی بۆ کرد وگوتی:

- بە داخەوەم کە بیری ئێوەم مژوول کردووە..

- تۆ پیاوێکی بەتوانا وزیرەکیت، بەڵام مەندی، ئاواتت لەم دنیایەدا چییە؟

لە کاتێکا دڵی سەبارەت بەم گەمارۆی دادپرسییە بەتووندی لیی دەدا گوتی:

- حەمزە بەگ من مەند وگونگ نیم. من ئاڵۆز وسپرقایم نیم، من پیاوێکم ئاشقی ئەرک و وەزیفەکەی خۆمم و ڕوناکی چاوم پەرستن و عیبادەتی خوایە..

- هیوادارم وەڕزم نەکردبیت، گرینگ ئەوەیە ئینسان لەخۆی ڕازی بێت..

بەڵام ڕازی بوون لە کوێیە؟ کوا ڕازی بوون؟!

ئەوەتا پێشەنگی پیری، خەریکە سەری غەزوو دەکات، ژیانی سەرفرازیش وەکو ژیانی تورەهات دەقەتێت و بێهودە دەڕوات، بەڕاست چەندی بە بەرەوە ماوە؟!

**( ٢١ )**

ڕۆژێک حەمزەسویفی، لە گەنگەشەیەکدا، بەدەم کاری ڕۆژانەوە پێی گوت:

- ئارمانجی مرۆڤ لەم ژیانەدا، خۆشی و شادییە.

عوسمان، بە تەوسێکی پەنهانەوە گوتی:

- ئەگەر وا بوایە، خوای گەورە ڕێگەی نەدەدا، بابمان لە بەهەشت وەدەر بکەوێت..

- ئەدی بەڕای تۆ ئامانج لە ژیان چییە؟

بە شانازییەوە بەرسڤی دایەوە: - ڕێگای پیرۆز..

- ڕێگای پیرۆز چییە؟

- ڕێگای سەرفرازی، یان وەدیهاتنی خوایەتییە لەسەر زەوی!

حەمزە بە سەرسامی پرسی: - یانی خولیای حوکمڕانی دنیات لە سەردایە؟

- بەوجۆرەی کە تۆ دەیلێیت نا، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا مەڵبەندێکی خوایی هەیە.

کابرا بە سەرسامی تەمەشایەکی کردو – بە پەشیمانییەوە- لە دڵی خۆیدا گوتی:
- ڕەنگە بە شێتم بزانێت..

مقۆمقۆ داکەوت کە جەنابی ڕێزدار، بەهجەت نوور، بۆ وەزارەتخانەیەکی دی دەگوازرێتەوە، دڵی عوسمان کەوتە پەلەپەلێک خەریک بوو لە سینەیەوە بێتەدەرێ. مەگەر هەر خوا بزانێ بە چ زەحمەتێک متمانەی ئەوی بەدەست هێنابوو، ئێستا

چۆن متمانەی بەڕێوەبەری تازەو نەناس بەدەست بێنێ؟ بەڵام مقۆمقۆیەکە ڕاست دەرنەچوو. ڕۆژێک بەڕێوەبەری گشتی بەستەیەک کاغەزی دایە وگوتی: - ئەمە دەستنووسی پاچڤەی کتێبێکە دەربارەی خدیوی ئیسماعیل، بە شەش مانگ پاچڤەم کردووە!

عوسمان، بە وردی تەمەشایەکی کاغەزەکانی کرد، جەنابی ڕێزدار گوتی:

- حەزدەکەم بە شێوازەکەیدا بچیتەوە، شێوازی تۆ لە پاچڤەدا، بەڕاستی نایاب و دەگمەنە..

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئەو تەکلیفەی قەبووڵکرد، بەدڵ وبەگیان وبەوپەڕی جدی و وردی شانی دایەبەر کارەکە. لەماوەی یەک مانگدا، پاچڤەکەی بە ڕوونکردنەوەو تێبینی تەواوەوە بۆ جەنابی با سەعادەت گێڕایەوە. ئیدی بەم کارە ئەو خزمەتەی بە حەزرەتی ڕێزدار کرد، کە دەمێ بوو خەونی بەوەوە دەبینی پێشکەشی بکات، بەمە ڕەسیدی لای جەنابی بەڕێوەبەری گشتی بەرز بووەوە، ئەمە کردیە کارێک کە جەنابی با سەعادەت قەرزارباری ئەو بێت وئیدی ئەوە بوو لە هەر دیدارێکدا بزەیەکی بە ڕوویدا دەدا، کە تەنیا خەڵکانی نزیک ئەو مەرحەمەتەیان پێ دەبڕا وئەو ئاورەیان لێدەدرایەوە.

بەڵام وێڕای ئەمەش، نیگەرانی وناڕەحەتی وەکو قامچی چزەی لە پشتی هەڵدەستاند. ڕۆژگار بە خێرایی دەڕۆیی، بەرەو ئاوابوون دەچوو وئەو بە تاقی تەنیا، لەگەڵ خەون وخولیا پیرۆزەکانیا بەجێ دەما. پاش ئەوەی کاسەی سەبری لێوڕێژ بوو، ئۆقرەی لێ بڕا، بەرەو گەڕەکی التوفیقیە، بۆلای فاڵچی ڕۆیی. ژنەی فاڵچی نیوە میسری و نیوە فەرەنگی بوو. فینجانەکەی بەدەستەوە گرت و کەوتە خوێندنەوەی.

عوسمان کە بە دیقەتێکی شەرمامێزەوە تەمەشای ژنەی فاڵچی دەکرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت نابێت باوەڕی بەم قسە بۆش وبەتاڵ وبێهودانە هەبێت.

ژنەکە پێی گوت: - باری تەندروستیت باش نییە..

بێگومان باری تەندروستی باش بوو، بەڵام ڕەوش وحاڵی دەروونی باش نەبوو. بە هەرحاڵ ڕەنگە ڕاست بکات..

ژنەکە، هەمدیس گوتی: سەروەت وسامانێکی زۆر بەدەست دێنی، لێ بە ڕەنج و ماندوو بوونێکی زۆر.

ئەو لە دووی سەروەت وسامان نەبوو، لە سەروەت وسامانی کەم نەبوو، هەرچەندە ڕۆحی بەسەر قروشێکەوە دەردەچوو. ڕەنگە مەبەستی ژنەکە ئەو سەرمووچانە بێ کەلە دنیای غەیبا تەقدیر کراوەو ئەو ( عوسمان ) لە دوویەتی..

- تۆ دژمنێکت هەیە، بە ڕێگایەکا دەڕوات کە گەڕانەوەی بۆ نییە..

دژمنان زۆرن. خۆیان لە پشت بزەێن شیرین وقسەی خۆشەوە دەشارنەوە. یاریدەدەری سێیەم، دووەم وبەڕێوەبەری ئیدارەی لە پێشەوەن. هەموو ئەمانە دۆست - دژمنن، ئیدی بەگوێرەی ئیرادەی پاکی و دژواری ژیان.

- دوو ژن لە ژیانتدا هەن..

ئەو جارێ نەیتوانیوە یەک ژن بێنێ، بەڵام ئەمە جەزای کەسێکە کە واسواسە وای لێدەکات خۆی باوێتە باوەشی خورافاتەوە.

لە گەڕانەوەداو بەدەم ڕێگاوە " ئونسیە ڕەمەزان "ی بیرکەوتەوە. سەرحاڵ وشەنگوڵ وجوانە، نیعمەتی وەزیفە زوو لە هەژاراندا بەدیاردەکەوێ. ئەم سەرۆکی میهرەبانی ئەوە (ئونسیە). پەیوەندییەکی مرۆڤانی ناسک و پاکیان لە بەیندایە – تا ئێستا – نەیدەزانی چ ناوێک لەو پەیوەندییە بنێت. بەهەرحاڵ ناتوانێ بەشی ئەرشیف بەبێ بوونی ئەو نازەنینە وێنا بکات.

کاتێ بۆ ژوورەکەی خۆی زڤڕییەوە، داکی حوسنی بلەز خۆی گەیاندێ و بە گەرم و گوڕییەکی ئەوتۆوە کە بزەی خستەسەر لێوانی پێی گوت:

- ست ئەسیڵە خانم لای منە، ئەو..

- بەڕێوەبەرەکە؟

- بەڵێ، دەیەوێ لە هەندێ کار وباریدا، یارمەتی بدەیت.

یەکسەر تێگەیی کە ژنە بۆ ئەوە هاتووە بیخاتە داوی زوڵفی خۆیەوە. ئیدی جلەوی بۆ غەریزەی سەرکێشی خۆی شلکرد. بۆ یەکەمجار تەوقەی دەگەڵ ئەسیڵەدا کرد. تەنوورەیەکی شینی لەبەردا بوو کە سەرووی سینە وملی وگەردن وهەردوو باسکی لێوە دیاربوو وجوانی جەستەی بەرجەستە دەکرد، دیار نەبوو بە چ بیانوویەکەوە هاتبوو، بەڵام زیاتر بەو مەبەستە هاتبوو کە خۆی نیشانی عوسمان بدات. وەکو چۆن سەنیە وقەدریە بزواندبوویان، ئەسیڵەش بەو ئاوایە بزواندبووی. خێڵی ژنان هەموویان وەکو یەکن. تان وپۆی یەک شاڵن، شاوەت ئەنگێزن، بەڵام بە کەڵکی خواستن نایەن.

داکی حوسنی گوتی: من دەچم قاوەتان بۆ لێدەنەم..

پیرەژن، کەلە حەڵاڵ دەگەڕا، یەک تاکتیکی هەبوو، ئەوان لە سەر یەک قەنەفە ڕۆنیشتن، تەنیا یەک باڵنجیان لەبەیندا بوو. بە بیانووی ڕێکخستنی سمێڵیەوە سەری دانەواند ولەو ڕێگەیەوە چاوی پڕیە پا وپوزە سفتەکانی، جووتێ پێڵاوی پاژنە نزمی وەکو پاژنەی پێڵاوی پیاوانی لەپێدا بوو.

- مشەڕەفت کردین خانم، گەورەت کردین.

- مەمنوون گەورەیی خۆتانە.

ئەسیلە، دەستەکانی لە باوەشیا تێک ئاڵاندن وبە متمانەیەکی زۆرەوە کە نیشانەی ئەوە بوو توانای ئەوەی هەبوو، ڕووبەڕووی هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان ببێتەوە. گوتی:

- ببورە بێزەحمەت پرسیارێکم هەبوو.

- ببورە چ پرسیارێک؟

- من ئەرزەیەکم هەیە، موڵکایەتیەکەیان لێسەندوومەتەوە، وابزانم شارەزاییت لەم کارانەدا هەیە؟

- هەڵبەتە.

- ئەو جادەیەی کە قەرارە دروست بکرێت، زۆربەی ئەرزەکەی من دەبات، بەڵام تۆزێکی دەمێنێتەوە کەبە کەڵکی هیچ نایەت.

- پێموایە، ئەو کاتەی کە نرخی زەوییەکە دەقرسێنن، دەبێ ئەم حاڵەتە ڕەچاوبکرێ وقەرەبوو بکرێیتەوە.

- بەڵام وەکو دەزانیت، ئەم کارە زۆر ئاڵۆزە و سەریەشەی زۆری دەوێ!

- خەمت نەبێ، ئەم کارە بۆ من دابنە..

هەستیکرد ئافرەتێکی زۆر بە شەخسیەتە، بۆیە لە فریودانی نائومێد بوو. ئەم ئافرەتە ئامادەبوو بۆ شوو کردن، لە ڕاستیشدا هەر بۆ ئەوە هاتبوو، بەڵام پێدەچوو هەرگیز بە پەیوەندی حەرام و ناڕەوا قاییل نەبێت. داکی حوسنی گەڕایەوە، ئەوان بە بێدەنگی تەواوەوە کەوتنە قاوە خواردنەوە، ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە بە باشترینو گونجاوترین هاوسەر بۆ ئەو بێتە ژماردن، بەڵام ئەوە نییە کە ئەو ( عوسمان ) دەیەوێت. وێنەی ئونسیە ڕەمەزان لە ئاسمانەوە هاتە خوارەوەو لە نێوانیاندا دانیشت وئەسیلەی لە

بنج و بنەوانەوە سڕییەوە. لەوەتای ڕێگا کۆنەکەوە، دڵی بۆ هیچ ئافرەتێک لێی نەدابوو، بەڵام ئەم کیژە بچووکە دڵی بزواندووە. ئەعسابی هاڕووژاوی هێوربووەوە، دەروونی خۆی سافکردەوە، شنەیەکی خەیاڵی بەسەردا هات، باڵاترین هەست وسۆزی بوژاندەوە. وەختایەک ئافرەتەکە ڕۆیی، داکی حوسنی بینی، کە بە وردی تەمەشای ئەم دەکات، دەیویست لە ئەنجامی ئەو کارە دڵنیا بێ کە بەوپەڕی باوەڕەوە سەرپەرشتی دەکرد. پیرەژن، زەوجین و زوریەت خستنەوەو شایی و زەماوەندی دەپەرست و شوکرانەی خوای دەکرد بۆ ئەو پەڕجووی ئەشق و ڤیانەی دای هێناوە. وەختێ بێدەنگیەکەی عوسمان درێژەی کێشا، داکی حوسنی گوتی: - ها چ دەڵێی؟

- بۆچی؟

- مەگەر نەتبینی دەتگوت مانگی چواردەیە؟

عوسمان لە جێی خۆی نەجووڵا، قەبووڵی نەکرد دەستە میهرەبانەکانی بگوشێت. داکی حوسنی، بە پەستیەوە گوتی:

- پێشینیان گوتوویانە..

پێش ئەوەی داکی حوسنی پەندەکە تەواو بکات، ئەو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. حەیفێ، ئەگەر ژنێکی باشی بە نەسیب نەبێت هەرچی هەوڵی هەیە بە فیڕۆ دەڕوات وهەرچی ئاوات وهیوای هەیە لە نیوەی ڕێگادا لەدەستی دەدات. ژیانی بووە بە مایەی پرسیار وڕەخنەێن بێ شومار، زاری خەڵکی نایەتە گرتن، دەپرسن: بۆچی ژن نایەنێت و زوریەت ناخاتەوەو لەگەڵ کەسێکا ئولفەت ناگرێت وهاودەمێبۆ خۆی پەیدا ناکات؟ هەندێکی دی دەپرسن: چۆن لە خۆیا قەتیس ماوەو خۆی لە هەموو ئەو بویەرو ڕووداوانە گێل دەکات کەلە دەوروبەریا ڕوو دەدەن وهاوڵاتیانیان تا ڕادەی مەرگ لە زەواق ناوە؟ ئەو خەم وخولیایانەی مژوولیان دەکات وسەرودڵیان دەگرێت چین؟ ئەم شتانە کە لە گفت وگۆ گەرمەکانیاندا بەدیاردەکەون و لە کارکردنیان دەکەن، بەردەوام باسی منداڵ و زارۆکان، نەخۆشی وخۆراک وسیستەمی حوکمڕانی وکێشماکێشی چینایەتی وحیزبان وپەندی پێشینیان وقسەی نەستەق ونوکتە دەکەن. ئەوانە گوێ بە ژیانی ڕاستەقینە نادەن، لە ئەرک و کاری پیرۆزی خۆیان دەڕەڤن. دەترسن بەشداری پێشبڕکێی ترسناک، لەگەڵ زەمان وسەرفرازی و مەرگ و هاتنەدی ئیرادەی خوادا بکەن کەلە کەسانی ناشایستە پەنهانن.

ئونسیە ڕەمەزان هات تا لیست وخشتەی پۆستی مانگانەی نیشانبدات، بەیانی ڕۆژێکی پاییز بوو، هەوا خۆش بوو، ئۆخژنی لە دڵ و دەروون دەگێرا. خەمێکی خۆشی لە دڵ و دەروون دەگێرا. نیگای لە نێوان ئەو خشتەیەی کە پێیدا دەچووەو قامکی ئونسیەدا کە لە قەراخ مێزەکەدا داینابوون گواستەوە. وای هاتە بەرچاو کە شتێک لە نێو یەکێک لە دەستەکانیا دەجووڵێت و جوان جوان، وەکو ئەوەی وشەی نهێنی بێت، دەخزێت ونزیک دەبێتەوە. بێگومان قووتوویەکی بچووک بوو، پاش ئەوەی دڵنیا بوو کە عوسمان دیتوویەتی، بە ئاسپایی خستیە ژێر فایلەکەی سەر مێزەکەیەوە.

- ئەمە چییە؟

بە دەنگێکی نزمی پڕ بە پێستی جوڵەکە ئەو پرسیارەی کرد. فایلەکەی کەمێک بەرزکردەوە، قووتوویەکی کانزایی زیوکفتی بە ئەندازەی نیو دەستی بینی. دیسان پرسی: - ئەمە چییە؟

ئونسیە، سوور بووەوە، بە ئەسپایی گوتی: - دیارییەکی بچووکە..

- دیاری؟!.. بە چ بۆنەیەکەوە..؟

- بە بۆنەیەکی خۆشەوە..

حایر وحەپەساو گوتی: - بەڕاست؟

- لەبیرت نییە؟

هەرچەندە وەبیری هاتەوە، بەڵام خۆی لە گێلی دا وگوتی:

- چ بۆنەیەکە؟

- ئەمڕۆ ڕۆژی لە دایکبوونتە!

شەپۆلێکی شادی سەرمەستی کرد. ئەمڕۆ جەژنی لە دایکبوونیەتی یان بە وتەیەکی دروستتر بەرواری لە دایکبوونیەتی. بەڵام ڕۆژیکە وەکو هەر ڕۆژێکی دی، دێت ودەڕوات، زۆرجار بە چەند ڕۆژێک پێش هاتنی یان دوای ڕۆشتنی بە چەند ڕۆژێک یان لە هەمان ڕۆژی خۆیدا بیری دەکەوتەوە، بەڵام هیچ کارێکی تێنەدەکرد تەنیا ئەوە نەبێت زیاتر خەم لە ئایندە بخوات. قەت ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبوونی خۆی نەگێرابوو. ئەوجۆرە نەریت و سونەتەی نەدەزانی، ئەو نەریتە لە گەڕەکە کۆن وگەورەکەشیاندا باوی نەبوو، کەچی ئونسیە خەریکە داب ونەریتی تازە دێنێتە ئاراوە،

تەنانەت مانۆڕە پاکەکەشی لە بەرقەرارکردنی دۆستایەتی وتواناى داهێنەرانەی لە کردنەوەی دەرگاى ڕەحمەتدا تازەیە..

- ئەوەی ڕاستی بێ من گوێ بەم بۆنانە نادەم.

- شتێکی سەیرە.

- بۆچی مێشکی خۆت بەوەوە مژوول کردووە؟

- تەنیا سووکە پیرۆزباییەکە.

- بەڕاستی نازانم چۆن سوپاست بکەم.

- شایەنی نییە و پێویست بە سوپاس ناکات.

- تۆ چەند ناسک و بێ شێلە وبێلەی، بەڵام تۆ چۆن مێژووی لە دایکبوونی منت زانیوە؟

پێکەنی و ئەوجا وەکو ئەوەی شتێکی بیر بکەوێتەوە گوتی:

- ئەها.. بیرم چوو.. دۆسیەی خزمەتی ئیداریەکەمت دیتووەو، ساڵ ورۆژی تەمەنمت لەوێوە زانیوە؟!

- تەمەنی تۆ، تەمەنی پوختەیی وئەقڵانیەتە.

دەستی بۆلای ئونسیە ڕاکێشا وتەوقەیان کرد. دەستە ناسکەکەی کە دەتگوت حەریرە گوشی. بە درێژایی ئەم ماوەیە هزرێنی پڕ ئازار بەرۆکی بەر نەدا. ئەمیش، لە جەژنی لەدایکبوونی ئەودا، کەلە دۆسیەی دامەزراندنەکەیدا دەریدێنێ دیارییەکی باشتری بۆ دەکڕێت. هەرچەندە زۆر خۆشحاڵ بوو بەڵام پڕ بەدڵ حەزیدەکرد، شتێکی بۆ پیرۆزبایی هەڵبژاردایە کە پەیوەندی بە پارەوە نەبوایە. پارە خەرج کردنی لە گیان گران بوو، ئازاری دەدا، هاوسەنگی ژیانی دەشێواند. بەڵام زۆر گوێی بەوە نەدا. هەرچەندە بەرەو هەڵدێر دەڕۆیی، بەرەو نادیار دەفڕی، بەڵام دڵی پڕبوو لە شادی و مەحەبەت. دەستی گوشی، ئونسیەش بەدەم بزەیەکی هۆشیارانە و پڕ ڕەزامەندی وهاندەرانەوە، ئەوەی لێ قەبووڵ کرد. ئەدی دوای ئەوە؟ ئایا ئەمە لەگەڵ تاقە ڕێگاکەی ئەمدا تێک دەکاتەوە؟ ئەم هەر ڕووبەڕووی هەڵوێستێکی وردی ڕەوتەنی بارگاوی بە بۆنێکی جادووئامێز نییە، بەڵکو ڕوو بەڕووی نادیار وچارەنووس بووەتەوە. ئەو لە دەرگایەک دەدات کە لەو دیویەوە زەمان دەوەستێنن یان هەنگاوێک بۆ دواوەی

دەبەنەوە. دەنگێک دەهاتە گوێی کە لێکدالێکدا دەیگوت بگەڕێوە، دەنا تیا دەچیت، بەڵام نە گوێی و نەدڵی بەرسڤی ئەم بانگ وگازییەی نەدایەوە.

ڕۆژی دوایی، ئونسیە لە هەنبەریا وەستا، بە چاوێکەوە تەمەشای ئەمی دەکرد کە ڕەزامەندی و شیرینی لێدەباری. سەر وگەردنی گەرم ڕاهاتن. قامکەکانی بەرەو قامکێن ئونسیە کە بەسەر دۆسیەکەی نێوانیانەوە مات بووبوون، کشا. هەندێ دەستووری بێ سەروبەرو بێ مانای دایە ئونسیە. چاوەکانی بە پارێزەوە، شوێنەکەی پشکنی. سەری لە ڕوخساری ئونسیە نزیک کردەوەو دەمی ماچ کرد. بەدەم هەڵچوونەوە بۆسەر مێزەکەی خۆی زڤڕییەوە، ئازای دەلەرزی، دەسووتا، لە لایەکەوە مەست وخوماری شەرابی ژیان بوو و لە ئالیەکی دییەوە، لەزگ بوو لە نادیاران زیرە بکات.

## ( ٢٣ )

دیدارەکەیان کەمێک پێش عەسری ڕۆژی هەینی ڕوویدا. ئەم دیدارە زادەی جۆرە ڕادەست بوونێکی لە مقاوەمەت نەهاتگ بوو وبەو ئومێدەی لە دوا ئەنجامدا ڕزگار بێت. ئەو بەخۆی ناوی نابوو هەرەس و داڕوخان، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆری پێ خۆش بوو، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری، ئەو هیچ جێ ژووانێکی پێنەدەزانی، لەو ڕووەوە ئەزموونی نەبوو، ئیدی ئونسیە پێشنیازی کرد کە لە پارکی ئوزبەکیەدا، یەکدی بدینن، لێ عوسمان قەبووڵی نەکرد وگوتی: شوێنێکی کراوەیە ولە هەموو لایەکەوە دیار ولەبەرچاوە. بەڵام باخی گیانلەبەران، هەم دوورەو هەم چۆڵە، ئاوەدانی لە دەور نییە، سانسۆری لەسەر نییە، ترامەکانیش بەنێو کێڵگەو چۆڵەوانیەکاندا خەڵکی دەگوازنەوە. لە کاتەکانی پێش وەختی داخستنی باخی گیانلەبەراندا، بە دوو قۆڵی وشانبەشانی یەکدی پیاسەیان دەکردو، خۆشییان لە ژیانی (ڕاستەقینە) دەبینی. باخی گیانلەبەرانی تەنیا یەک جار ولە گەشت وسەیرانێکی قوتابخانەدا بینی بوو، ئیدی لەوە بەدواوە نەی بینی بوو. هیچ ئەزموونێکی دەربارەی دیدار وژوان نەبوو ونەیدەزانی دەبێ چ بڵێت و چ نەڵێت. چی بکات وچی نەکات. بەبێ دەنگی وخۆشی پیاسەیان دەکرد، بەڵام لە ناکاوا هەستێکی ناخۆش دایگرت، دەربارەی ئەوەی کە ئەم دیدارە، بویەرێکی نادروست و هەڵە بوو، هەق نەبوو بەو ئاسانییە مل بدات وقاییل ببێت. جا بۆ ئەوەی شپرزەیی و پەشۆکانی خۆی بشارێتەوە، شادمانی خۆی سەبارەت بە دیمەن و بەرجەوەنی درەختەکان، کۆپری و پردەکان، کێوەکان، جۆگا و دەریاچەکان، ئاژەڵ وگیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان دەربڕی. ئیدی گەییە ئەو قەناعەتەی کە هێشتا تاقە یەک قسەی بە سوودی نەکردووەو هەوڵدەدات دوای ئەوەی کار لە کار ترازا، خۆی بدزێتەوە و

پرەڤێ. ئونسیە شان بەشانی ئەو هەنگاوی دەنا، خەون و سەرفرازی لە چاوانی هەڵدەقوڵان، سەری بەرز، مەمکەکانی قوت، ڕواڵەتی ئەوەی دەنواند کەبەرەو خەون و خولیایانی بێ سنوور دەڕوات وجوانترین نهێنیانی ژیان دەڕژێتە ڕۆحییەوە. نیگایان لێکدی هەڵەنگوت، عوسمان، پرشنگی پاکی ونازی شیرین ودنیایەک مەیل وئارەزووی نادیاری لە چاوانی ئونسیەدا خوێندەوە. ئونسیە، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- هەرچەندە فەرمانبەرم، کەچی ناتوانم بە ئاسانی بۆ ئەم جۆرە دیدارانە بێمە دەرێ.

بە تۆنێکی باوکانەی کۆمیدییەوە گوتی:

- ئەم مەسەلەیەت لەبەر گران نەبێ گیانە..

- بەڵام ئەمە نائاسایی و بێ ڕێزییە..

- ئەمە پاچڤەیەکی نادروستی هەست وسۆزی دایکان وباوکانە، باوەڕ ناکەم تۆ باوەڕت بەوە هەبێت..

- بەڕاست؟!

ئونسیە، بەوپەڕی متماەوە پێکەنی و ئەوجا گوتی:

- ئەگەر دایکە زانیبای من دەمەوێ تۆ بدینم باوەڕ ناکەم ڕێی نەدابام.

عوسمان، بە نیگەرانییەوە گوتی: - ئەو نەیزانیوە؟

ئونسیە، دیسان پێکەنی، کەمێک بێدەنگ بوو، تا تف و لیکاوەکەی وشک بووەوە، ئەوجا گوتی: - دیدارەکەمان، وەکو قەرارمان بوو، نهێنیە.

- هەڵبەتە وایە گیانەکەم.

- ئەلهەقی من ئەمەم پێخۆش نییە..

دیارە کە ئونسیە حەزدەکات بە ئاشکرا کار بکات. ماناى ئەمەش ڕوون و خویایە... ئایا عوسمان کەوتبووە ژێر ڕەحمەتی ئونسیەوە؟ ئایا زروف و هەل و مەرجەکان عوسمان ناچاردەکەن مل بۆ ئەو شتە بدات کە لە بەرنامە ونەخشەیدا نییە؟ ئایا هەل ومەرجی وێرانی و هەرەس بە یەکجارەکی تاقە خەونە پیرۆز ودژوارەکەی لە بەین دەبات؟.. لە میانی خەیاڵە ترسناکەکانیەوە، تەحەدای نادیاری کرد، هەڕەشەی کوشتنی کرد. وەختایەک تەمەشای ئاسکە ئەسمەرەکەی دەکرد، کە قۆڵی بە قۆڵیا کتردبوو وبە شادییەکی ئەوتۆوە ڕێی دەکرد کە هەورێن ئاسمانی باخەکە پیرۆزباییان

لێدەکرد، لە بیر وهزرینەکانی خۆی تەریق بووەوە. بلەز خۆی هێور کردەوەو وازوازییەکانی خۆی ناشت، لەگەڵ ئاوات و ئارەزووە مکوورەکانیدا پێکهات، تا لە جوانیە پرشنگدارەکاندا بتوێتەوەو ئاگری هەڵایساوی ناخی بچێژێت، سەیری کرد مەچەکی لە جەستە نەرم و نۆڵەکەی ئونسیە دەخشێت، پرشنگی سیحر وجادوو لە شوێنە نادیارەکانی جەستەی ناسکییەوە هەڵدەقوڵێت، بە نیگایەکی دزانەی تاوان ئامێزەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی، ئەوجا گۆنا وگەردنی ماچ کرد، پاشان لێویان گەییە یەکدی. ئەوجا بە دەنگێک کە بۆ خۆشی ئاشنا نەبوو گوتی:

- ئونسیە تۆ زۆر جوانی.

ئونسیە بەشەرم و شادییەوە بزەیەکی بۆ کرد، عوسمان بە گەرمی گوتی:

- حەزدەکەم کە..

بێدەنگ بوو، لە کاتێکا هەناسە ڕکێی پێکەوتبوو، ئونسیە پرسی:

- ها؟

- دەڵێی لە ئەزەلەوە دەتناسم..

ئونسیە بزەیەکی ڕەزامەندانەی بۆ کرد، هەرچەندە چاوەکانی داوای زیاتریان دەکرد. عوسمان گوتی:

- ئێرە چەند جوانە! هەموو شتێک بە زمانی جوانیەکی ئاشکرا قسە دەکات..

- تۆ سروشتت خۆشدەوێ!

ئەم قسەیە بە جۆرێکی سەیر ومەخسەرەلە گوێیەکانی عوسمانا دەنگی دایەوە، چونکە زۆر لە واقیعەوە دوور بوو. گوتی:

- تۆ هەموو شتێکت لە لا جوان کردووم..

- زێدەڕۆیی مەکە، حەزدەکەی بە ئاشکرا شتێکت پێ بڵێم؟

- زۆر!

- پێدەچێت گوێ بە هیچ شتێک نەدەیت.

- بەڕاست؟.. جا باوەڕت بەو پێچوونە کردووە؟

- نازانم، بەڵام هەست دەکەم چەند مرۆڤێکی باشی، ئەوەندەش لەگەز ومەتەڵیت..

- واز لەمانە بێنە، تاقە حەقیقەتی بێ چەند وچوون ئەوەیە کە تۆ جوانیت..

- دوای ئەوە؟

- ئەوەی لە بەینماندایە دەبێ تا هەتا هەتایە بمێنێ، ئیدی چارەنووس هەرچییەک بێ!

- چارەنووس؟!

- ئایا شتێکی خراپت لە دۆسیەکەما دیتووە؟

- هەرگیز.

- تۆ جوانترین شتی لە ژیانما.

ئونسیە، بە هێوری وجۆرە ملکەچیەکەوە گوتی:

- هەروەها تۆش..

لە کاتێکا بە توندی ناو لەپی دەگوشی، جارێکی دی گۆنای ڕامووسی و لەبن لێوانەوە گوتی:

- تیا ماوم لە نێوان ئەوەی دەمەوێ وئەوەی دەیتوانم.

- یانی شتێکت دەوێ ونایتوانی؟

- دنیا پڕە لە ئاوات وئارەزووێن قەدەغە ومەحاڵ.

- باسی ئەو شتانەم بۆ بکە کە پەیوەندییان بە منەوە هەیە..

هەقی خۆیەتی، هێشتا تامی ماچەکانی ئونسیە لە دەما ماوە. ئاونگی ماچەکانی ئەوی بە لێوەوە دیارە، هێشتا باڵی لە باڵە ناسکەکانی دەخشێت. لە کاتێکا بە دوو قۆڵی و بە کەش وفشەوە هەنگاو دەنەن، دەگەنە ئاستی فیلێک، فیلەکە قورتمەکەی بەرز دەکاتەوەو بەوجۆرە سڵاویان لێدەکات.

- با ئەمە بەینی خۆمان ونهێنی بێ.

- بۆچی؟

- تا کەس گومانمان لێنەکات.

- جا بۆچی گومان دەکەن؟

- ئیدی خەڵکی وان.

- خۆ کارێکی خراپ ناکەین.

- بەڵام خەڵکی وان ئازیزەکەم.

به شادمانیەوە پێکەنی وپرسی: - یانی بۆ ئەوەت دەعوەتکردووم تا ئامۆژگاریم بکەیت مامۆستا؟

- بۆ ئەوەم دەعوەت کردوویت تا یەکدی بناسین و دڵنیا ببم کە هەق بە دڵمە.

- ئەدی ئەنجام چی بوو؟

- باوەڕم بەوە هێنا کە دڵ باشترین دەلیل ورێنوێنە!

بە درێژایی ڕێگا خۆی بە گیر هێنابوو کە بۆچیبە ڕاشکاوی خۆشەویستی خۆی بۆ ئاشکرا نەکرد؟ بۆچی داخوازی نەکرد و داوای لێنەکرد کە شووی پێبکات؟ گریمان ئونسیە، ژیانی ئەو بە تەواوەتی دەگۆڕێت ولە میحرابی ژیاندا قیبلەیەکی نوێی بۆ دەکاتەوە، ئایا ئەو لە ئەستێرەی قوتبی باشتر بەختەوەری ناکات؟!

**( ٢٤ )**

ئەسیلە حیجازی ( بەڕێوەبەری قوتابخانە ) بە بیانووی سۆراغی ئەنجامی هەوڵ وتەقەلاکانی عوسمان هات. داکی حوسنی ئەو خەبەرەی دایە وبۆ ژوورەکەی خۆی بانگکرد. عوسمان بەدەم کول وکۆڤانە جێگیرەکانی خۆیەوە دەینالاند، ئەمە جگە لەو خۆشەویستیە تازەیەی کە بەجۆرێ هێرشی بۆ هێنابوو، خەریک بوو شێت دەبوو. جا بۆ ئەوەی لە خودی خۆی، لە کێشماکێشە دەروونیەکانی خۆی هەڵێت، بە گەرمی پێشوازی لە هاتنەکەی ئەسیلە کرد، ئەگەرچی لەگین بوو ئەمە تووشی گەوجاتیەکی خراپی بکات. پێویستی بە هەلاتن هەبوو و قەدریەش هەموو ڕۆژێک لەبەردەستدا نەبوو. تەوقەی لەگەڵ خانمی بەڕێوەبەردا کرد، بەدەم دانیشتنەوە گوتی:

- کێشەکەت خەریکە چارەسەر دەبێت..

هەرزوو جوانیەکانی جەستەی، ئاوازە جەهەنمیەکەی لەسەر تەختی تەنوورە گوڵ گوڵییەکەی بەرجەستە کرد. ئەسیلە بەدەم نیگا کردنێکی دۆستانەوە لە عوسمانی پرسی:

- یانی دەبێ زۆر چاوەڕوان بکەم؟

داکی حوسنی وای بە باش زانی بە مەبەستی قاوە دروستکردن، بچێتە دەرەوە. لەم کاتەدا عوسمان بڕیارێکی شێتانەی بە مێشکا هات، بڕیاری ئەوەی مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوەو جەزرەبەیەکی چاوەڕوان نەکراو بوەشێنێ و گوێ بە هیچ ئاقیبەت و ئاکامێک نەدات. گوتی:

- نا، زۆر چاوەڕوان ناکەیت.

- بە فەزڵی تۆوە.

- ئەوەی ڕاستی بێ هەموو شتێک وەستاوەتە سەر توانا و تەحەموولی ئەعسابت.

- وادیارە دەبێت ماوەیەک چاوەڕوان بکەم؟

عوسمان بە دەنگ وتۆنێکی تەواو تازەوە، وەک ئەوەی بیەوێ بابەتێکی تازە بکاتەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتەکەی پێشووەوە نەبێت گوتی:

- حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە تۆم بە دڵە!

ئەسیلە، چاوەکانی داخست وگۆناکانی سوور بوونەوە. عوسمان گوتی:

- بە ڕاستمە ها، دڵبەندی پیاوێک بە ئافرەتێک، بە خۆت لەوە تێدەگەی..

ئەسیلە، هیچ قسەیەکی نەکرد، بەڵام پێدەچوو زۆر خۆشحاڵ بێ، لە یەکێک دەچوو لەبەر دەرگای بەهەشت بێ و بە تەما بێ لە ئان و ساتدا بچێتە ژوورەوە..

- بەڵام دەبێ وریا بی، دەمەوێ شتێکی دیکەشت پێ بڵێم کە ڕەنگە بە دڵت نەبێت..

ئەسیلە، نیگایەکی کونجکاوانەی کرد، عوسمان گوتی:

- بەڵام بیرکردنەوە لە زەماوەند وزەوجین مەحاڵە!

ئەسیلە، تەمەشایەکی کرد، تەواو دامرکایەوە، بووبە خۆڵەمێش، ئەوجا عوسمان بە گۆساخی و بێ بەزەییانە گوتی:

- هەزار ویەک هەنجەت وبیانووم هەیە، دنیا پڕە لە نهێنیان..

ئەسیلە، بە دەنگێکی نەخۆشین ئامێزەوە پرسی:

- چ شتێک واداری کردیت ئەوە بەمن بڵێیت؟

بە تۆنێکی بە ئەدەبانەوە، بەڵام بێ بەزەییانەترەوە گوتی:

- ئێمە نە منداڵین نە هەرزەکارین، ئیدی با بە ڕاشکاوی و وەکو ئینسانی گەورە قسان بکەین و بە ڕاشکاوی و جورئەتەوە تاقیبی شادمانیی و بەختەوەری خۆمان بکەین..

- لێت تێناگەم، هیچ شتێک تێناگەم.

- چاکە، من تۆم خۆشدەوێ، بەڵام هەتاهەتایە بە زوگورتیاتی دەمێنمەوە.

- بۆچی ئەمە بەمن دەڵێیت؟

- ئێ، بەڵکو لە ڕێگەی تۆوە گرێ کوێرەی ئەم ڕەوشە بکەمەوە. تۆ چارەسەرێکت لەلابێ.

ئەسیلە، بە تووڕەییەکی زۆرەوە گوتی:

- تۆ بە شێوازێکی نامرۆڤانی کەرامەتی من دەشکێنی..

- بمبورە، من لە تاو ئازارێکی بەترەف، بەم ڕاشکاویە قسەت لەگەڵدا دەکەم.

ئەسیلە، برۆکانی وێکهێنانەوەو بێدەنگ بوو، عوسمان گوتی:

- لەوەیە جورئەت و ڕاشکاوی شادمانی و بەختەوەرییەکی گەورەمان بۆ دابین بکات.

- مەبەستت چییە؟

- ئەوەی عەیانە چ پێویستی بە بەیانە؟ مانگی چواردە ئەنگوستی ناوێ.

- پێناچێ لە مەبەستت حاڵی بووبم..

بە ڕووداریيەکی ئەوتۆوە کە پێشتر شتی وای بە خۆیەوە نەبینی بوو گوتی: - پێویستە لە شوێنێکی ئەمین یەکدی بدینین.

ژنە هاواریکرد: - عوسمانەفەندی!

عوسمان، بەبێ موبالاتیەوە گوتی:

- پەناگە و ماوایەکی گونجاو و لەبار بۆ دووکەس کە پێویستیان بە ڤیان و تێکەڵاوبوونە..

ئەسیلە، بە تووڕەیی هەستا و گوتی: - یان تۆ لێرە دەڕۆیت یان من..

- من دەڕۆم، بەڵام بە چاوی کراوەو ئاقڵانە بیر لە مەسەلەکە بکەرەوە، ئەوەش لەبیر مەکە کە من پیاوێکی فەقیرم!!

**( ٢٥ )**

دیتنی داوێکی سپی کارێکی زەحمەت نەبوو. هەر ماوە نا ماوەیەک داوێکی سپی تازە، سەری بەرزدەکردەوە، ڕیتمێکی تازەی ژیانی ڕادەگەیاند، گەمەیەکی لە ناکاوی کوت وپڕ، نۆشداڕویەک کە مرۆڤ لە ناچاریا و بە نەبەدڵی، بەبێئەوەی حەزی لێبکات بیخواتەوە. ئەوجا خۆی لە هەنبەر چارەنووسە حەتمیە دواخراوەکەدا دەبینێتەوە. تەمەشایەکی سەراپای ژیان دەکات، کارەکانی بەسەر دەکاتەوە، بەروبومەکانی هەڵدەسەنگێنێ، بە پەستییەوە ڕووبەڕووی نادیارەکان دەبێتەوە، خۆی بۆ ململانێی زیاتر سازدەدات، مل بۆ شکست دەدات، بەڵام چاوەڕوان دەکات پەڕجووی پیرۆز ڕووبدات. هیچ ئومێدێک نییە بەو زووانە بەرزببێتەوەو پلە وپۆستی تازە وەربگرێ. پاشەکەوتەکەی بەرز دەبێتەوە، نیگەرانی زیاد دەکات، هەوڵ وکۆششی زۆرتر دەبێت، پەیوەندی دەگەڵ ئونسیەدا پتەوتر دەبێ، بەڵام بە پارێزەوە، بەڵام قەدریە شایستەی ئەوەیە بە هاورێی تەمەن ناو ببرێت. دوای هەر نوێژێک، ڕووی دەکردە خودا: - خودایا ژیان بەبێ تۆ چی دێنێ؟

بەڵام پێدەچێ خەڵکانی دی وەکو ئەو پەناو وەبەر خودا نەبەن.

ڕۆژێک زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، ئەسیلە حیجازی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، لەسەر خەت بوو: - سوپاسی هەولە بەردارەکەت دەکەم.

- بمبورە قوربان.

- حاڵت چۆنە؟

- زۆر باشم، سوپاس بۆ خوا.

- پێم خۆشە کە باشیت..

- سوپاس.

- خودا لە ئێمەت نەسەنێت.

- گەورەیی خۆتە، لە ئینسانیەتی خۆتە.

چەند چرکەیەک بە بێدەنگی ڕۆیی و ئەوجا ئەسیلە لەسەری ڕۆیی:

- بەڵام من گلەییەکم لێت هەیە.

- خودا نەکات.

- ئاخیر جار بە توورەیی بەجێم هێشتیت، لەبیرتە؟

- بەداخەوەم، ئەوە توورەبوونی هەڵنەدەگرت.

- لەو باوەڕەدایت؟

- بەڵێ.

- بەڵام دوای ئەوە تۆ لە منت نەپرسییەوە؟

- بە داخەوەم، ژمارە تەلەفۆنەکەتم نەدەزانی.

- بەڵام من ژمارە تەلەفۆنەکەی تۆمزانی.

- دووبارە بە داخەوەم.

- من بە ئومێدی ئەوە بووم کە بە وتەیەکی جوان، هەڵوێست و ڕەوشەکە هێور بکەیتەوە.

- من ئامادەم، ئامادەگی تەواوم هەیە.

- بەڕاست؟

- بە دڵنیایی.

- چۆن؟

- با لەسەر ئەوە ڕێک بکەوین!

ئەسیلە، بەدەم پێکەنینێکی پەنهانەوە گوتی:

- هێشتا هەر هەژار ونەداری؟

- ئیدی ئەوە قەدەرەو لە چارەم نووسراوە.

- خۆشبەختانە من پارە و پولێکی باشم هەیە.

- خودا بە زیادی بکات.

- یانی چاوەڕوانی لەوەش ئاشکراتر قسەت لەگەڵدا بکەم؟

- من تەواو ئامادەم!

- دەیسا زۆر باشە.. با هەر یەکەمان لەلای خۆیەوە، ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات.

ئەمە ڕادەست بوون نەبوو، بەڵکو هەرەسهێنان بوو. دەیتوانی واقیعی دوای ئەم هەڵوێست و ڕەوشە وێنا بکات. ژنێکی ناقساڵ کە بەرەو لێژگەی تەمەن دادەگەڕا، گرفتاری تەنیایی بوو، لەو پیرییە دەترسا کە لە بەردەمیدا بوو، نە گەنج بوو نە جوان بوو. ئیدی شەڕێکی لە بەردەمدا بوو نەی بینی بوو، بەڵام ئاکامە خەمناکەکانی ئەم شەڕەی دەبینی. چ بکات؟ لە ئونسیە دەترسا و لە ڕاستیا حەزی لە ئەسیڵە نەبوو، لە هەندێ دەمی نائومێدیدا خۆزی دەخواست کە دڵی بمرێت و ئارەزووی دابمرکێتەوە، تا دەروونی لە ڕێڕەوە سەخت ودژوارەکەیدا ئاسوودە بێت. بە نائومێدییەوە بەخۆی گوت:

- من نەهەقی ئەوانە ناگرم، کە بە شێتم دەزانن!

**(٢٦)**

کەی وچۆن خانوویەک بدۆزێتەوەو ناوماڵی بۆ بکڕێت و ئاوەدانی بکاتەوە؟ ئیدی دەستەوەستان وبێ ئەوەی هیچ کارێک بکات، ڕۆژی بەڕێدەکرد، مەسەلەکەی بە تەواوەتی پشت گوێ خست، تا ئەسیڵەی بینی، لەبەردەم مێزەکەیدا وەستاوە! بەدەم بزەیەکەوە پێشوازی کرد، هەڵبەتە لە دڵی خۆیدا نەفرەتی لێدەکرد. ئەسیڵە گوتی:

- لەم پڕکێشییەم ببورە..

بزەیەکی بێدەنگی کرد وهیچی نەگوت. ئەسیڵە دووبارە گوتی:

- نەمدەتوانی بە تەلەفۆن هەموو شتێکت تێبگەیەنم..

عوسمان، بە جدیەتێک کە دەگەڵ شوێنی کارەکەیدا بگونجێت گوتی:

- ئاشکرایە کە لەم ڕۆژانەدا کارم یەجگار زۆرەو نامپەرژێتە سەر هیچ.

- چیت کردووە؟

- هیچ.

- هەر هیچی هیچ؟

- ئەوەندەم کار هەبوو، دەرفەتی یەک خولەکیشم نەبووە، باوەڕم پێبکە..

ئافرەتی تاین بە جورئەتێکی نائومێدی ئامێزەوە قسەی دەکرد.

عوسمان خەریک بوو سەبری دەسواو ترسی زیادی دەکرد. ئەسیلە گوتی:

- من چاوەڕوانی ئەوە بووم لەم کارەدا جدیتر بیت..

- زۆر جدیم، بەڵام کاتم نییە، نامپەرژێ سەری خۆم بخورێنم.

- خانوویەک لە ( روض الفرج ) هەیە..

ئەسیلە، کاغەزێکی قەد و نوشتکراوی بۆ عوسمان درێژ کرد و لە سەری ڕۆیی:

- فەرموو ئەوە ئەدرەسەکەی، بەخۆت تەمەشای بکە و کەلوپەل و ناوماڵی بۆ بکڕەو موبیلەی بکە.

ئەوجا، بە تۆنێکی هاندەرانە و پاڕانەوە ئامێزەوە گوتی:

- هیوادارم بە دڵت بێ و پێ بە خێر بێ..

سەیری کرد، ئاگرێک بە گڕەگڕ لێی نزیک دەبێتەوە. دوای ئەوەی ئەسیلە، ڕۆیی و لەبەرچاوی دیار نەما، بیری لەو شەوە درێژانە کردەوە، کە دەچنەسەر هەزار ویەک شەوە، نەک لەو شەوانەی کە بە خوێندن وخوێندنەوەو پاچڤە وخزمەتی جەنابی ڕێزدار دەبرانە سەر، کەهەر لە سەرەتاوە کردبوونیە قوربانی ڕێگای گەورەیی وسەرفرازی و وەکو ڕەمزێکی لەبار بۆ ئاوات و ئارەزووە بی کۆتاییەکانی هەڵی بژاردبوو. هەستی کرد ئەم ئافرەتە لە ڕادەبەدەر متمانەی بە خۆیەتی، گەوجانە بەخۆی دەفشێ، بۆیە لێی سارد بووەوەو هیچ مەیلێکی لەسەری نەما. بەلایەوە خراپ نەبوو، جێگای قەدریەی بۆ بگرێتەوە، بەڵام عوسمان، هەستیدەکرد ئەم ژنە ئاگرێکە وبە گڕەگڕ لێی نزیک دەبێتەوەو دەیەوێ ئەو و ئاواتە پیرۆزەکانی هەڵلوشێ، ئەو ئاواتانەی کە بە ڕازی ئیرادە و ویستی خوای گەورەوە پەیوەستن. بەڵام عوسمان پێوە بوو ڕێگە بە هیچ هێزێک نەدات خۆی و ئاواتەکانی بکوژێت تەنیا مەرگ نەبێ، ئەویش بەو ئیحتوبارەی کە نهێنییەکە لە نهێنییەکانی خوا وەکو گەورەیی و سەرفرازیە ئیلهامبەخشەکەی، مادامێکی ئەو هاوسەرە نادیارەی کەلە مێژە لە دوویەتی، پێی قاییل نییە، ئیدی هەق نییە کۆڵ بدات و ڕادەستی گەدایی بێوەژنان و قەیرە کچان ببێت.

شەوێک، لە دەرگای ژوورەکەی درا، کاتێ ئەسیڵەی بینی بە شەرم وشپرزەییەوە خۆی دەخزاندە ژوورەوە، حەپەسا.

ئەسیڵە، بە پەشۆکاوی گوتی:

- بڕیارم دا بێم، لە دڵی خۆدا گوتم ئەگەر کەسێک دیتمی خۆم بە ژوورەکەی داکی حوسنیدا دەکەم، وەکو ئەوەی بۆ سەردانی ئەو هاتبم.

بە هانکەهانکەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشت، عوسمان بە مجامەلەوە گوتی:

- تەگبیرێکی چاکت کردووە..

- خۆ هاتنەکەمت پێ ناخۆش نییە. ناڕەحەتم نەکردوویت؟

لە کاتێکا ئۆخژن لە دڵ و دەروونی دەگەڕا، گوتی:

- بە پێچەوانەوە، زۆرم پێخۆشە، یانی تەسەور ناکەی چەندم پێخۆشە..

- داکی حوسنی زۆر زوو دەنوێت، پێت ناخۆش نییە ئەگەر پیرەژن بەمە بزانێت؟

- هەرگیز..

نیگایەکی دوور ودرێژی یەکتریان کرد، لەو دیو نیگاکانەوە ژنێکی بەدی کرد کەلە هەر خۆ پەسندییەک بەدوور بوو، ژنێکی ئاشقی ڕووت و بێ دەسەڵات بوو. ئەسڵیە، بە نەرمییەوە گوتی:

- چیت کرد؟

عوسمان، لەم کاتەدا وەخۆهاتەوە. خۆی لە هەر بابەتێک بوارد وهەموو هۆش و گۆشی هاتبووە سەر ژنێکی ڕادەست بوو. دوای ئەوەی وەخۆ هاتەوە، دەستە نەرم وساردەکەی گرت، چەند جارێک دەستی گوشی و پەیامە پەنهانەکانی خۆی بۆ نارد، ئەسڵیە، چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد، یان وای دەنواند کە چاوەڕوانی ئەمە نەبوو. ویستی دەستی لە نێو دەستی عوسمان دەربێنێ. عوسمان ڕێگەی نەدا، ئەسڵیە گوتی: - چیت کردووە؟

- پاشان گەنگەشەی ئەم بابەتە دەکەین..

-باشە بۆ هیچ پەیوەندییەکت پێمەوە نەکرد؟

خۆی بەلایدا دانەواندەوە، گۆنای ڕامووسـی و زاری لە پەنا گوێی نا و بە ئەسپایی گوتی:

- دوایی.. دوایی..

- من بۆ ئەمە هاتووم بۆ ئێرە.

- بە هەموو مەرامێکی خۆت دەگەی، بەڵام دوایی.

ئەسیڵە، ویستی قسان بکات، بەڵام عوسمان، دەمی لە نێو دەمی نا وبەدەم ماچێکی تەڕ ودرێژەوە، دەیگوت: - داویی..

یەکێک لە ئاوازە بێکۆتاییەکانی تەبیعەت، لە چوارچێوەی گۆرانیەکی پڕ چالاکی وشادییەکی پەڕجووئاسا دا بەرجەستە بوو. بەڵام هەر زوو، گۆرانیەکە بە ڕادەیەک دامرکایەوە، کە چووە خانەی عەدەمەوەو لە خەوێکی ئەبەدیدا غەرق بوو وبێدەنگیەکی گوماناوی و ئاسوودەییەکی سارد و سڕی پڕ کەسەری لەدوای خۆی بەجێهێشت.

لەسەر لا، لەسەر تەختە خەوەکە خەوت. لەم کاتەدا ئەسیڵە لەسەر قەنەفەکە هاتە خوارەوە، کراسەکەی ودڵۆپە ئارەقەکانی سەر تەوێڵ وگۆنا وگەردنی کەوتنە بەر ڕوناکی گڵۆپەکە. عوسمان ڕوانیە هیچ، هیچی نەدەویست، دەتگوت ئەوەی لە ژیانی پوچی دنیاییدا، لەو ویستراوە، بە زیادەوە ئەنجامی داوە. سووکە ئاوڕێکی لە ژنەی تاین دایەوە، بە تەواوەتی خۆی لێ نەبان کرد. دەتگوت شتێکی غەریبە ولە ناو جەرگەی شەوەوە، هاتووەتە دەرێ و هەرگیز ئەو بوونەوەرە جادووییە نییە کە ئەوی بەرەو ئاگر ڕاکێشا، شتێکی لاڵ، بێ مێژوو و بێ ئایندە بوو. لەدڵی خۆیدا گوتی گەمەی ئارەزوو، دوورەپەرێزی و گۆشەگیری، چ نییە جگە لە مەشق و ڕاهێنان لە سەر مەرگ و هەستانەوەو، تێگەیشتنی پێشوەختە، لە قەبووڵ کردنی کارەسات بە گەورەییەکی ئەوتۆ کە دەگەڵ نادیاردا بگونجێت، بەجۆرێک کە وا بنوێنێ ئەمە تەجاوزی خودی بێ کۆتاییە. پلەوپۆستی بەڕێوەبەری گشتی نیشانەیەکی دیکەیە، بەڵام تەجەلی ویست و ئیرادەیەکی بەرز و کۆڵنەدانە نەک نیشانەی ڕادەست بوونی شیرین! سوپاس بۆ خۆدا کە بە ساردیەکی ئاقڵانە وکوشندە خۆی پاراست. لێ هەنووکە ئەم ژنە بێ هیچ دوو دڵییەک مایلە بەلای ئەوەدا کە بۆ بابەتە گرنگەکەی خۆی بگەڕێتەوە، بەڵام بە شەرم و دوودڵییەوە.

ژنە، حەزدەکات کە عوسمان دەست پێبکات، کە نائومێد بوو، بە داماوی و کەسەرداری ڕوانیە عوسمانو لەبن لێوانەوە گوتی:

- ئێ؟

عوسمان، سەری لە غەریبی دەنگی ژنە ولەوەی وەکو میوانێکی ناوەخت تەنیایە پیرۆزەکەی شڵەقاندووە، سورما، هەستی بە بێزارییەکی ئەوتۆ لە ژنەی تاین کرد کە خەریک بوو دەبوو بە ڕق و نەفرەت. ئەم ژنە گەرەکیەتی ئەو بینایە پڕوخێنێ کە خشت لەسەر خشت ڕۆی دەنا، دەیویست ڕیسەکەی بکاتەوە بە خوری. ژنەی تاین پرسی:

- چیت گوت؟

توورەییەک کە ڕەگی دەچووەوە سەر گەڕەکەکەی، باڵی بە سەریدا کێشا و گوتی:- هیچ.

- بەڵام بێگومان شتێکت کردووە.. ؟

- هەرگیز.

- باشە سەیری خانووەکەت نەکردووە؟

- نەخێر.

ڕوخساری ژنە لە داخا ڕەش هەڵگەڕا وگوتی:

- ببورە.. یانی دەتەوێ پارەت بدەمێ؟

- نەخێر.

- ئەلهەقی من لێت تێناگەم..

- هەڵوێستم ڕوون و ئاشکرایە.

- مەبەستت چییە؟!.. تکایە عەزابم مەدە.

- بە تەما نیم هیچ شتێک بکەم..

ژنەی تاین بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی:

- وابزانم تۆ قاییل بوویت وکۆمەڵێک بەڵێنت دا..

- بەنیاز نیم هیچ شتێک بکەم..

- مەبەستت ئەوەیە ئێستا کاتت نییە..

- نە ئێستا کاتم هەیە و.. نە لە ئایندەدا دەمبێت..

ئەسیڵە، بە زەحمەت هەناسەیەکی هەڵکێشا وبە دەنگێکی کەوتوو گوتی:

- بۆم دەرکەوت کە هەستی تۆ لە گەڵ مندا جیاوازە..

عوسمان، بە ڕاشکاوی گوتی:

- هیچ خێرێک لە مندا نییە، ئەمە هەقیقەتە..

ئەسیڵە، وەکو ئەوەی خەنجەرێکی لێ بدرێت پاشەوپاش کشایەوە. بەپەلە فوستانەکەی لەبەرکرد. بەڵام شەکەت وماندوو دووبارە بەسەر قەنەفەکەدا کەوت، سەری بەسەر شانیا لار بووەوە، چاوانی نوقاندن، عوسمان وای وێنا دەکرد لە خۆبچێت. دڵی عوسمان بە توندی لێی دا، و لە سارد وسڕی و دڵڕەقیەکەیبێداری کردەوە. خۆ ئەگەر شتێکی چاوەڕوان نەکری ڕوویدابا، ئەوا ڕیسواییەکی ئەوتۆی بەسەر دەهات کە حەیای دەچوو. بەهەمووخۆشناوییەکییەوە، هێشتا ڕێگا زۆر دژوار وتاڵە، وای بە حاڵی ئەگەر تووشی ڕیسوایی و بەدناوییەک ببێت و بکەوێتە دەمی ڕۆژنامان؟! لەزگ بوو تێکڕای سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و، درۆیەکی تازە بدۆزێتەوە، بەڵام ئەسیڵە لە دواساتدا جوڵا، بە زەحمەت هەستا، بە ئارامی و کەسەرەوە بەرەو دەرگا ڕۆیی، ئەوجا لەچاو ون بوو. عوسمان لە کانگای دڵەوە هەناسەی ئۆخەی هەڵکێشا. لەم ساتەدا هەستا وچووە بەر پەنجەرەکە وڕوانییە گەڕەکە نیمچە تاریکەکە. تاپۆ وتارمایی ئەسیڵەی بینی کەلە دەرگاکەوە وەدەرکەوت. پاشان خۆی بەو کۆڵانەدا کرد کە دەچووە سەر گەڕەکی الجمالية. ئیدی زۆری نەبرد بە تەواوەتی لە تاریکیەکەدا توایەوە.

لە دڵی خۆیدا گوتی کەس نهێنییەکانی غەیب نازانێ، بۆیە کەس ناتوانێ حوکمی تەواو لە سەر کارەکانمان بدات. بەڵام دیاریکردنی ئامانجێک بۆ مرۆڤ، ڕێنوێنێکە لە تاریکیدا، هەروەها بیانوویەکە بۆ هەڤدژی و بەرخوردی شانس وبویەران، هەروەها لەوە دەچێ نموونەیەک بێ کە تەبیعەت و سروشت لە هەنگاوە بێ کۆتاییەکانیا نەخشەی دەکێشێت.

**( ٢٧ )**

بەڵام ئونسیە ڕەمەزانی خۆشدەوێ. پێویستە لەبەردەم ویژدانی خۆی ولەبەردەم خوادا دان بەوەدا بنێت. لە یادگاریەکانی سەر ڕێگا کۆن و کەونارەکەوە، هیچ کاتێک ئەم ئاوازە خۆشە لە دڵییەوە هەڵنەسابوو. بۆیە دەبێ لە ئونسیە بترسێت، لە هەر ئافرەتێکی سەررووی زەوی، زیاتر لێی بترسێت. ئونسیەش ئەوی خۆشدەوێ، ئەمە

خۆی لە خۆیدا مەترسیەکە زیاتر دەکات. هەڤژینێک پیاو نەباتە پێشەوە بۆ دواوەی دەگێڕێتەوە. ئەگەر لەوە دڵنیا بوایە کە تەنیا یەک هەنگاوی ماوە بۆ ئەوەی بگاتە پلە وپۆستی بەڕێوەبەری گشتی دوور نەبوو زەماوەند لەگەڵ ئونسیەدا بکات. بەڵام بەم حاڵەی ئێستایەوە، ژن هێنان، هیچ دادێکی نەدەدا و جگە لە سەریەشە و خەم و پەژارەی ڕۆژانە هیچی دیکەی لێنەدەدوورییەوە. خەم و سەریەشەیەک، کە توانای بەشەر لە شتێکدا خەرج دەکات، کەلە بنەڕەتدا بۆ ئەو شتە نەخوڵقاوە.

ڕۆژێک حوسێنەفەندی جەمیل، وەکو هەمیشە بەریدی بۆ هێنا، دوای ئەوەی عوسمان بەریدەکەی ئیمزا کرد وڕێنمایی دایە حوسەین، حوسەین لە ژوورەکە وەدەرنەکەوت. حوسەینەفەندی کارمەندێکی گەنجی ئەرشیڤخانە بوو کە پێنج ساڵی تەواو لەبەردەستی ئەمدا کاری کردبوو. بە فەرمانبەرێکی دڵسۆز وئیشکەر وخۆشڕەفتار ناسرابوو.

- حوسەینەفەندی چییە، هیچت دەوێ؟

حوسەینەفەندی، بە ئاشکرا شپرزە بوو، دەیویست شتێک لەگەڵ عوسماندا باس بکات، بەڵام چ شتێک؟

- چیتە؟.. کێشەی کارت هەیە؟

حوسەینەفەندی زیاتر لە عوسمان نزیک بووەوە، دەتگوت دەیەوێ ئەوانی دی گوێیان لە دەنگی نەبێت و، گوتی:

- شتێک هەیە قوربان، دەمەوێ پێتی بڵێم.

- ئەو شتە چیە کورم؟

- بە داخەوەم، من دەبێ قسە لەگەڵ تۆدا بکەم.

- دەی باشە.. گوێم لێتە.

کەمێک بێدەنگ بوو تا خۆی بۆ ئاخافتن ئامادە بکات، ئەوجا گوتی:

- شتەکە پەیوەندی بە خاتوو ئونسیە ڕەمەزانەوە هەیە.

پاشان بە خۆی گوت، گوێی لە ناوەکە نەبوو و یان گوێی لێی بوو و لێی تێنەگەیی، بە سەرسامی گوتی: - ئێ، بەردەوامبە.

- ئونسیە ڕەمەزان!

- هاوکارەکەت؟.. چیەتی؟

بەدەنگێک کە بە ئاستەم دەبیسترا:

- ڕاستت دەوێ من خۆشم دەوێت..

عوسمان ڕووی گرژ بوو و دڵی گیرا. بە ناڕەحەتییەوە پرسی:

- جا ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

- ویستم داخوازی بکەم..

- چاک دەکەی، بەڵام چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە؟

فەرمانبەرە گەنجەکە، بە خەمینییەوە گوتی:

- بەڵام جەنابت..

لاقی حوسەینەفەندی کەوتنە لەرزین. عوسمان نیگایەکی پرسیار ئامیزو ملکەچانەی کرد وگوتی:

- من چی؟

- جەنابت هەموو شتێک دەزانیت..

- چ شتێک، تکایە بیڵێ؟

- ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر تۆ نەبوایەی خوازگاریم دەکرد..

عوسمان دڵنیا بوو، کە تازە تیاچووە، هیچ شتێک بایەخی نییە. تەنانەت ژیانیش بایەخی نییە. لە حوسەینەفەندی پرسی:- ئەگەر من نەبوایەم؟

فەرمانبەرە گەنجەکە سەری دانەواند وگوتی:

- من هەموو شتەکانم دیتووە، چ لێرە لە دایەرە وچ لە دەرەوە!

بە گوڕ وتینێکی نائومێدانەوە ڕاپەڕی تاوەکو تاپای مردن بەرگری لە خۆی بکات. ئەوەندەی خەمی پۆست وپێگەی بوو، ئەوەندە خەمی لە دەستچوونی ئەشق وڤیانە لە دەست چووەکەی نەبوو. گوتی:

- تۆ گەنجێکی بەدگومانیت، چیت دیتووە؟ چیت دیتووە داماو؟ بەڵام ئاشقان هەروان! من هەمیشە وەکو کچێکی خۆم ڕەفتارم لەگەڵیدا کردووە، زۆر دەترسم بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی یان مەبەستت بووبێ، بە زمان ناویت زڕاندبێت!!

کورەی گەنج بەوپەڕی بێگەردی و بە خەمێکی فرەوە گوتی:

- من دەزانم کەی وچۆن خەمەکانی خۆم پەنهان دەکەم وناوبانگی ئەوانە بپارێزم کە خۆشم دەوێن!

عوسمان ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: - ئافەرین.. ئافەرین..

ئەوجا بەدەم شەپۆلێکی نیگەرانییەوە گوتی: - ڕەفتارێکی پیاوانەت کردووە، پیاو دەبێت وابێت..

بەهۆی ئەو پەرچەکردارەی کەلە سۆنگەی ئەو ڕەوشە چاوەڕوان نەکراوەوە نواندی، دڵی تێک هەڵهات. گوتی:

- خەڵکی وەکو تۆ شایستەی ئەوەیە بە ویساڵی خۆشەویستەکەی بگات..

کورە گەنجەکە، کە مایەی عەزابی ئەو بوو، ڕۆیی. هەرخۆی و خەمەکەی بە تەنیا مانەوە، خەم و پەژارەکەی بەرجەستە بوو و بوو بە ترس، بوو بە خودی قەدەر وچارەنووس. ئەم خەمە، خەمە کۆنەکانی شەوانی دوور ودرێژی وەیاد هێناوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر ژیان بە پێی شادی بێتە هەڵسەنگاندن، ئەوا ژیانی ئەم بێهودە بووە، بە فیڕۆ چووە. بۆچی گەورەیی وشکۆ ئەم هەموو زەحمەتەمان لێ باردەکات؟!

**( ٢٨ )**

داوای لە ئونسیە کرد کە بەیانی ڕۆژی هەینی لە دەشتی هەرەمدا یەکدی ببینن. عوسمان، بۆ ئەم دیدارە لە ڕادەبەدەر پارێزکاری کرد. بە پەنهانی کاغەزێکی دایە ئونسیە کە وەخت وچۆنیەتی چوون بۆ ئەوێندەری تیا دیاریکردبوو. عوسمان لە کاغەزەکەدا نووسیبووی کەدەبێ هەرکەسە و بەتەنیا بۆ ئەوێندەر بڕۆن. بەیانیەکی ڕۆژێکی زستانی وشک و سەرما بوو، بەڵام تیشکی هەتاو گەرمییەکی خۆشی پێ بەخشی بوو. بەدرێژایی ماوەکە بە خەمینییەکی ڕاستگۆیانەوە چاوەڕێی بوو، هەرچەندە قەناعەتی وابوو کە دەورێکی قورس و چەپەڵ دەبینێ. هەرکە یەکیان بینی، کچەی تاین، بە شێوەیەکی نائاسایی نیگەران بوو و، بە عوسمانی گوت:

- هەستم بە شتێکی نا ئاسایی کرد، بۆیە دڵم گیرا..

لە دڵی خۆیدا گوتی: ژن غەریزەیەکی سەیری هەیە، بەو غەریزەیە پەی بە کاروبارە دەروونیەکانی خۆی دەبات، پێویستی بە ئەقڵ نییە. خۆ ئەگەر هەر ئینسانێک ئەو غەریزەیەی بۆ زانینی نادیاران هەبوایە، تا ئێستا هیچ نادیارێک نەدەما. لە کاتێکا خەم زۆری بۆ دێنا گوتی: - ئەلهەقی مەسەلەکە پێویستی بە هزرین و بیرکردنەوە هەیە.

- چ مەسەلەیەکت مەبەستە؟

- پەیوەندییە پاکە پیرۆزەکەمان.

- چییەتی؟

- ڕەنگە سەرت لە بێدەنگی من سوڕمابێ، ئێمە گەنگەشەی هەموو شتێکمان کرد تەنیا جەوهەرو کرۆکی مەسەلەکە نەبێت، هەڵبەتە تۆ هەستت بەمە نەدەکرد کە من بە درێژایی هەموو ئەم ماوەیە لە چ سووتان و عەزابێکدا بووم..

ئونسیە، بە میهرەبانییەوە باسکی گرت وگوتی:

- من دان بەوەدا دەنەم کە دڵم خەریکە زیاتر دەگیرێت!

- منیش دان بەوەدا دەنەم کە پیاوێکی خۆپەرستم.

ئونسیە، بە مکووریەوە ئەو قسەیەی ڕەت کردەوەو گوتی:

- نەخێر، تۆ هەرگیز خۆپەرست نیت.

- من بە هەموو مانای خۆپەرستی، خۆپەرستم، هەربەهۆی خۆپەرستی خۆمەوە، تۆم هانداو تەفرەم دایت و ملمان بە بێکۆتاییەوە نا. هەرگیز لە خۆم خۆشنابم بۆ کارێک کە کردم.

- تۆ هیچ کارێکی نابەجا وخراپت نەکردووە!

- داکۆکی لە من مەکە، ڕەنگە زۆر جار لە خۆتت پرسی بێت: باشە ئەم پیاوە کەی قسە دەکات؟ چی لە من دەوێت؟ تاکەی یەکدی بدینین و بێ هێچ پێشڤەچوونێک لێکدی جیا ببینەوە؟ ئایا پێم ڕادەبوێرێ؟!

- هەرگیز لێت بە گومان نەبووم!

- من خۆم چەندین جار بیرم لەم مەسەلانە کردووەتەوە، بەڵام بۆچوونی خەیاڵی سەبارەت بە چەمک ومانای شادی، بەسەرما زاڵ بوو، بۆیە مەسەلەکەم، بەرلەوەی

ئالۆز بێت یەکلایی نەکردەوە، زۆرجار لێبڕام ڕاستیەکەت پێ بڵێم، کەچی لە ئەنجاما سارد بوومەوە..

بەدەنگێکی نائومێدانە لە عوسمانی پرسی:

- چ ڕاستیەکم پێ بڵێیت؟

- ئاخ.. بۆچی داوای زەماوەندم لێنەکردیت؟

وەختایەک گوێی لەو وشە دڵگیرە بوو، چاوەکانی تروکان، بە دلۆڤانیەوە ڕوانیە عوسمان، ئونسیە ڕووی لەو وەرگێڕا و ڕووی کردە نادیار، وەکو ئەوەی بە بێدەنگی نزای دوور خستنەوەی بەڵا بکات.

- هەڵبەتە ئەوەت لە خۆ پرسیوە، دەنا ژیان چ مانایەکی هەیە؟

ئونسیە، سەری داخست، دەتگوت ئارەزووی زانینی لەوە زیاتر دامرکایەوە، چونکە چاوەڕوانی هیچ کارێکی خێر نەبوو. بەڵام عوسمان لە سەری ڕۆیی وگوتی: - من نەخۆشم.

- نا..

ئونسیە، بە ترسێکی ڕاستگۆیانەوە ئەو وشەیەی لەزار دەرپەڕی، عوسمان گوتی: من بە کەڵکی ژن هێنان نایەم!

ئونسیە، بە حەپەساوی و ناباوەڕییەوە تەمەشای عوسمانی کرد. عوسمان لە سەری ڕۆیی:

- تۆ بە ڕواڵەتم فریو مەخۆ، نەخۆشییەکەی من لە دڵ یان سینەمدا نییە، بەڵام ڕێگرە لە ژن هێنان..

وەکو کۆست کەوتە سەری لەبەر خۆنا، لەم دەمەدا گوێی بە ئاهێکی هێندە تیژ زرینگایەوە، خەریک بوو دڵی بوەستێ. لەزگ بوو هەموو پابەندی وئەرکەکانی خۆی بن پێ بکات وبەسەر لاقیا بکەوێ ولاقی ماچ بکات و یەکسەر بۆلای مەلای ببات ومارەی بکات، بەڵام هێزەکەی دی ڕوو بەڕووی بووەوەو لەجێگای خۆی چەقاندی.

- مشووری خۆم خواردووە، درێغیم نەکردووە، چوومەتە لای زۆر دکتۆر. نائومێد نەبووم، خۆ ئەگەر ئەو حاڵەتە نەبوایە، لەمێژ بوو داوای زەماوەندم لێکردبوویت، بەڵام فایدەی نییە، خوا بەردار نییە لەوەی پتر بتبەستمەوە، دەنا بۆ هەتاهەتایە ئایندەت لەبەین دەبەم!

- ئاخر من چۆن بەبێ تۆ بژیم؟

- تۆ بچووکی، زامی دەورانی گەنجاتی زوو ساڕێژ دەبێت.

- باوەڕ ناکەم، ئەمە ڕمووزنە.

- نابێ لەوەی پتر لەسەر ئەم هەڵەیە بڕۆین.

- باوەڕ ناکەم..

- هەموو بەڵایەکی چاوەڕوان نەکری، باوەڕ نەکردەنییە، بەڵام ژیان هەندێجار بریتییە لە زنجیرەیەک بەڵای چاوەڕوان نەکری، بەڵام تۆ لە سەرتە تا کار لە کار نەترازاوەو دەرفەت لە دەست نەچووە ڕێگای خۆت بدۆزیتەوەو بگریت.

دەنگی گیراو، بە ترسەوە لە عوسمانی پرسی:

- چیت دەوێ؟

- واچاکە لەوەی پتر بەم ڕێگەیەدا نەڕۆین کە دەگاتە بنبەست!

- ناتوانم.

- ناچارین ئەم کارە بکەین، درێژەدان بەم ڕەوشە شێتاتیە..

عوسمان، خۆی لە تەمەشاکردنی ئونسیە دزییەوە. نەخشە وپلانەکەی خۆی بە تەواوی و سەرکەوتووانە ئەنجام دابوو. دوای جێبەجێکردنی نەخشە ترسناکەکەی، خۆی لە بۆشاییەکی ترسناک و تەنیایی و عەزابێکی پڕ ژاندا بینییەوە، خۆی لە دۆزەخی ڕیسوایی و شەرمەزاریدا، بەبێ ئیمان وهیچ سەلوایەک بینییەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی، هیچ ڕزگارییەک بەبێ شێتاتی نابێت، تەنیا شێتاتی جێگەی ئیمان وکوفر، سەرفرازی وشەرمەزاری، خۆشەویستی وخاپاندن وراستی و درۆی تێدا دەبێتەوە، بەڵام ئەقڵ چۆن بەرگەی ئەم ژیانە سەیرە دەگرێت؟ چۆن پرشنگی ستێران بدینی لە کاتێکا تا تەپڵی سەری لە قوڕ و سیاندا چەقیوە؟!

شەوێ تا ماوەیەکی زۆر لە یەکبینە وبێوچان گریا..

**( ٢٩ )**

پێدەچوو، لەودیو تاریکی هەورەکانەوە، ڕوناکییەک بەڕێوە بێ ولە ئان وساتدا هەڵبێت. بیستی کە ئونسیە ڕەمەزان لەلایەن حوسەین جەمیلەوە خوازگاری کراوە. بەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو و بە مژدەی ڕزگاربوونی دەزانی و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- هەنووکە دەتوانم، بە هەست ودڵێکی ساف و بێ خەم و خەیاڵ بۆ ئەشقی بابردوو و لەدەست چووی خۆم بگریم، دەتوانم خۆم لە هەر عەزایێک بەتاڵ بکەمەوەو لەم کارەدا پسپۆڕم..

لە هەموو ژیانیا تووشی کەسێک نەبووبوو کە بتوانێ بە ئەندازەی ئونسیە شادی بکات و خەم لە دڵی بەرێت. تەنانەت " سیدە "ش ئەو توانایەی نەبوو. جوان و زیرەک و پاک بوو، بەدڵ و بێ ڕیا عوسمانی خۆشدەویست. گەیی بووە ئەو باوەڕەی کە چەندیش بەختی یار بێ، ناتوانێ کەسێکی دیکەی وەکو ئونسیە بدۆزێتەوە، بەهەرحاڵ ئەمە بۆ ئەو سزایەکی دادپەروەرانە بوو.

ڕەوتی ڕۆژگار بویەر ورووداوێکی دیکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا، حەمزە سویفی نەهاتە دەوام، لە دایەرەدا مقۆمقۆ داکەوت کە دووبارە تووشی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن بووەو ڕەوشی لە جاری پێشوو خراترە. چوو بۆ عیادەتی. سەیری کرد ئەمجارە کڕ وکپ، یەک تەختە لە جێگادا ڕاکشاوە، تاپۆی ئەو دنیا بە نیگا لێڵەکانیەوە دیاربوو. زۆری پێناخۆش بوو کە بەو وەزع و حاڵەوە سویفی بینی، ڕەنگی مەرگی لێ نیشتبوو، ئەو مەرگەی لە کەمینی هەر کەسێکدایە وحیساب بۆ هیچ پلە و پۆستێک ناکات. پێی گوت: - هەربژی و سەلامەت بی ئەی مرۆڤە جوامێر ودڵاواکە..

بەڕێوەبەر بزەیەکی منەتبارانەی بەڕوویدا دا، بۆ باشترین وشە دەگەڕاکە وەڵامی ئەوی پێ بداتەوە:

- سوپاست دەکەم براگیان، تۆ چەند پیاوێکی شایستە و بە توانایت، ئەوەندەش مرۆڤێکی خانەدان و شەریفی.

- ئەم نەخۆشییە، هیچ نییە، هەورێکی ڕەوتەنییە زوو تێدەپەڕێت و پاشان دەگەڕێیتەوە سەر کارەکەت و لەسەر کورسییە گەورەکەت دادەنیشیت..

ڕوخساری کابرا گرژ بوو، تا جڵەوی ئەشکی خۆی بگرێت و بە عوسمانی گوت:

- نا، تەواو جارێکی دی ناگەڕێمەوە سەرکار.

بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- خودا نەکا.. ئەمە چ قسەیەکە.

- ئەوە ڕاستیەکەیە مامۆستا عوسمان.

- تۆ هەمیشە زێدەڕۆیی دەکەیت..

- ئەمە ڕاپۆری دکتۆرەکەیە، بە ڕاشکاوی پێی گوتم تەنیا بە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و بە پارێز لەم قەیرانە دەرباز دەبم، بەڵام دەبێت بە زووترین کات و یەکسەر دەستبەرداری کار ببم..

نیگەرانی بە سەر هەست وسۆزە هەڤدژەکانیا زاڵ بوو وگوتی:

- بەڵام ڕەحمەتی خوا زۆرە، پەڕجووی خودا بێ کۆتاییە..

- کارم بەلاوە گرینگ نییە، هەموو کچەکانم بە شوو داون. کوڕە پاشەبەرەکەشم لە دوا ساڵی کۆلیژی کشتوکاڵیدایە، وەکو دەبینی ئەرکی سەرشانی خۆم ئەنجام داوە، حاڵی حازر تەنیا پێویستم بە ئیسراحەت و ئاسوودەییە.

- خوا چی چاکە ئەوەت بۆ بکات.

سویفی، وێڕای شەکەتی و لاوازی خۆی بە شانازییەوە گوتی:

- سوپاس بۆ خوا، بەخۆت دەزانی لە وەزارەتخانەدا بە باشترین شێوە کاری خۆم کردووەو ئەرکی خۆشم سەبارەت بە ماڵ ومنداڵ بەجێ گەیاندووە. وەکو چۆن تا ئێستا ژیانم بە ئارامی بەسەر بردووە، لە ئێستاش بە دواوە، هەر بەو ئاوایە بەبێ سەر یەشە بەسەری دەبەم، دۆست و ئەحبابیشم زۆرن، ئیدی پیاو لەوەی پتر چی گەرەکە؟

- بێگومان تۆ وابوویت وزیاتریش بوویت، ئەی خاوەن فەزڵ و فەزیلەت.

- ئیدی هەمووان یەک لەدوای یەک دەڕۆین، سەعفان بەسیونی ڕەحمەتیت لەبیرە؟ کەس نامێنێ، هەمووومان لەم دنیایە دەرۆین، ئەوەی کە تا ئەبەد دەمێنێتەوە تەنیا کاری باشە.

- ڕاست ئەفەرمووی، قسەی جەنابتە..

ئەوجا نیگایەکی دوور ودرێژی کرد وگوتی:

- چی چاکە خودا ئەوەت بۆ بکات.

عوسمان زۆر خەمبار بوو، ماوەیەکی زۆر بەو خەمبارییە مایەوە. هەر بەو دەقەوە، ناخی پڕ بوو لە پەند وعیبرەت، ڕێک وەکو یەکێک کە تازە لە ناشتنی ئازیزێکی گەڕابێتەوە، بەڵام لە وەختی خۆیدا، وەخۆ هاتەوەو لەو حاڵە بێدار بووەوە. بەخۆی گوت:

- خەم وپەژارەی دنیا بۆ ئەوەیە ورەو هیمەت دەمەزەرد بکاتەوە نەک بیڕوخێنێ.

هەموو هۆش وگۆشی هاتەسەر ئەو پلە و پۆستەی کە بەو زووانە خاڵی دەبوو. کەس نەبوو شایەدی ئەوەی بۆ نەدات کە کابرایەکی بەتوانا وسەر ڕاست وباشە. تەنانەت لە هەر دوو یاریدەدەرەکەی ئیدارەش بەتواناتر بوو، بەڵام ئەوان یەکێکیان لە پلەی دووەم و ئەویتریان لە پلەی سێیەمدا بوو. خۆ ئەگەر پێوەر تەنیا کارامەیی و لێهاتوویی بووایە و ئینساف ڕەچاو بکرایە، ئەوا ئەم لە هەردووکیان شایستەتر بوو کە پۆستی بەڕێوەبەری ئیدارە وەربگرێ، بەڵام چۆن لە ناکاواو بە کەڕەتێ لە پلەی چوارەمەوە بۆ پلەی یەک باز بدات؟!

حەمزە سویفی، بە خواستی خۆی خانەنشین بوو. ئیدی گۆڕانکارییەکی زۆر لە پلە وپۆستە ئیدارییەکاندا، لە پلە هەشتەوە تا پلە یەک کرا، ئیسماعیل فایەق، لە پلەی هەشتەوە بەرز کرایەوەو کرا بە بەڕێوەبەر، " عوسمان بیومی " ش بۆ پلەی سێ بەرزکرایەوە، وکرا بە یاریدەدەری ئیدارە. ئیدی گوشاری خوێن، جۆرەها چارەنووسی بە هەر دوو باری ئەرێنی ونەرێنیدا گۆڕی. عوسمان بەم بەرزکردنەوەیە خۆشحاڵ بوو. بەڵام ئەم خۆشحاڵییە زۆری نەخایاند. ڕاستە حەمزە سویفی فەرمانبەرێکی بەتوانا وکارامە بوو، بەڵام کەس لە عوسمان شایستەتر نەبوو کە جێی ئەو بگرێتەوە، بە ڕاستی ئەوەی کۆمی-تراجیدی بوو ئەوە بوو کە کەسێکی وەکو ئیسماعیل فایەق ببێت بە بەڕێوەبەری ئیدارە. چوو بۆلای حەزرەتی باسەعادەتی بەڕێوەبەری گشتی تا سوپاسی بکات. عوسمان گومانی لەوە نەبوو، کەلە نێو هەموو فەرمانبەرەکاندا، ئەم خۆشەویسترین و نزیکترین فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەری گشتیەوە، و بەڕێوەبەری گشتی چ لە کاروباری ئیدارە و چ لە چالاکی تایبەتیدا بە هەمان ئەندازە بەو پشت ئەستوورە. تەوقەی دەگەڵ کرد و بە زمانێکی ڕەوان سوپاسی جەنابی باسەعادەتی کرد. بەڕێوەبەری گشتی پێی گوت:

- تۆ هەموو شتێک نازانیت، نووسینگەکەم پڕە لە نامە و ڕاسپاردەی وەزیر و یاریدەدەرانی وەزیر و گەورە پیاوان و پیاو ماقولان و نوێنەران..

بە وردی نیگای کرد وئەوجا لە سەری ڕۆیی:

- پێمگوتن هەرچیەکتان دەوێ، دەتاندەمێ، تەنیا پلەیەک نەبێ بۆ پیاوێک کە هەموو توانا و ئەخلاقێکی واسیتەکەی بێ.

بەزمان سوپاسی کرد وخەم و پەژارەکانی لە دڵیا پەنهان کرد، جەنابی ڕێزدار، دووبارە هاتەوە قسان و گوتی:

- چی بێ لە تۆ نهێنی، ئیسماعیل فایەق لاواز وجاهیلە.

عوسمان بە پەستی و نەبە دڵییەوە گوتی: - قوربان گومان لەوەدا نییە..

- ئیدی بارەکە دەکەوێتە سەرشانی تۆ، هەرچەندە تۆ یاریدەدەری دووەمی ئیدارەیت..

- من هەمیشە لە خزمەت دام..

بەهجەت نوور بە کەسەرەوە گوتی:

- چ کارێکم پێدەکرا؟.. بەخۆت دەزانی خزمی یاریدەدەرە.

- تۆ هیچ گلەییەکت لە سەر نییە قوربان..

- بەهەرحاڵ، پلە وپۆستی تازەت موبارەک بێت، هیوادارم چارەنووست بەجۆرێ بێت، کە بە تەواوی، بێ هیچ کێماسییەک بەمافی خۆت بگەیت..

بەجۆرە ڕەزامەندییەکەوە لەلای بەڕێوەبەری گشتی گەڕایەوە، بەڵام پەستیەکەی سات بە سات زیاتر دەبوو، ئیدی شادی وخۆشی بەرزبوونەوەکەی لەبیر چووەوە. هەمووانی، بێئەوەی کەس ببوێرێ، بە نەفرەت کرد. بە خەمینییەوە گوتی:

- گوزەر و بوورینی تەمەن لە هەموو پلە وپۆستێک خێراترە!

دوعاخوازی لە فەرمانبەرانی بەشی ئەرشیف کرد، تەوقەی لەگەڵ یەک بە یەکیاندا کرد، هەرهەموویان پیرۆزبایی بەرزبوونەوەکەیان لێکرد. وەختێک ئونسیە هات بۆ تەوقەکردن لە گەڵیا، عوسمان – بەدەم گەرداوێک لە کێشماکێشی هەڤدژەوە – بینی  کە سکی بە ئاستەمێک بەرز بووەتەوەو شادمانی پێوە دیارە! شووی کردبوو وسکی هەبوو، بێگومان حوسەینی مێردی، بە گوێزانەوەی عوسمان بۆ ئیدارە زۆر خۆشحاڵ دەبێت. ئیدی بە عینوانی یاریدەدەری دووەم لە ئیدارە دەستبەکار بوو، بەڵام هەستێکی لا دروست بوو کە لەوانەی دەوروبەری گەورەترە. هەستیکرد لە ئیدارەدا لەهەمووان پتر جێگەی باوەڕ ومتمانەیە. ئەو لە کاروباری ئیدارە و دارایی و بودجەدا، سەرچاوەی هەوەڵ وئاخیرە، قسە هەر قسەی ئەوە، ئەمە جگە لەوەی دەرچووی مافناسی وئابووری بوو، خودان ڕۆشنبیرییەکی گشتی و زمانزانێکی بێ هەڤڕک بوو. لەخۆی پرسی:

- باشە ئەم توانا وبەهرانە لە ئاستی لەزگینی بورین وگوزەری تەمەندا، یان لە ئاستی نەخۆشییەکی لەناکاوا، چ بایەخێکیان هەیە؟!

بۆی دەرکەوت کە یاریدەدری یەکەم و بەڕێوەبەر لە ڕووی تەمەنەوە لەو بچووکترن، لەوەش دڵنیابوو کە پۆست و پلەکان، مەگەر بە پەڕجوو، یان بە سەدەمی مەرگێکی مفاجاتەوە، یان دەعمێکی سەر ڕێگاوە، خاڵی ببن!

- خودایا، لەم بیرکردنەوەو خۆزیا خوازیانەم ببوورە..

هەم یاریدەدەری یەکەم وهەم بەڕێوەبەری ئیدارە هەردووکیان لە گوێزی ساغ ساغتر بوون، ورەبەرز ودڵخۆش بوون، ئەقڵ داخراو و گەوج بوون، هەستی دەکرد، جگە لەو پلە و پۆستەی دابوویە چاو، هیچ شتێکی دیکە ئەو قوربانیەی نەدەهێنا کە تەمەن و بەختەوەری و ئاسوودەیی دەروونی خۆی لەسەر دانابوو. پێدەچوو هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئێستا هەستی بەوە نەکردبێ کە پێویستی بە هەڤژینێکی بەهێز وپشتیوانە، هەستیدەکرد، پێویستە پێش ئەوەی خزمەتی ئیداری تەواو ببێت یان نەخۆشییەکی کوت وپڕ یان مەرگ بەرۆکی بگرێت، ژنێک بۆخۆی هەڵبژێرێت. بۆیە پاش ئەوەی خودا بۆ پلەی سێیەمی بەرز کردەوەو بوو بە یاریدەدەری ئیداری، داوای لە داکی حوسنی کرد، کە جارێکی دی قسە لەگەڵ داکی زەینەبدا بکات، بەڵکو هەوڵێکی بۆ بدات، لەو ڕۆژانەدا کاتێ دەیویست بۆ گەڕەکی الدرب و بۆلای قەدریە بڕوات، زۆر لە جاران بە پارێزترەوە دەڕۆیی. هەندێجار جل وبەرگی شارەوانی لەبەر دەکرد تا کەس نەیناسێتەوەو هەندێجاریش بە دیزداشە وعەبایەکی شرۆڵەوە دەڕۆیی بۆلای قەدریە، بەجۆرێ خۆی دەگۆڕی کە قەدریەش، گوێی لە دەنگی نەبوایە نەیدەناسییەوە. جارێک کە زانی ئەمە عوسمانە، بەجۆرێ لە قاقای پێکەنینی دا، کەبە عەمراتی قاقای وای لێنەدابوو، لە عوسمانی پرسی: - لەکاری حکوومەتی دەریان کردوویت؟!

تەمەنی قەدریە بەرەبەرە سەرەولێژ دەبووەوە، قەڵەوتر وشەهوەت ئەنگێزتر بووبوو، پەیوەندی نێوانیان تۆختر بوو، جۆرە ئولفەت ومرۆڤانیەکی بەخۆوە گرتبوو. هەموو جۆرە قۆناغێکی لەگەڵدا جەڕباندبوو، هەر لە ئارەزووی سێکسییەوە، تا بێزاری و لەبەرچاو کەوتن و تا گەییە ئالوودە بوون و خووپێگرتن.

قەدریە و ژوورە ڕووت و ڕەجاڵەکەی و شەرابە جەهەنەمیەکە، بووبوون بە تەواوکەری گیانی بەگیانی ژیانی و فەرامۆشی وسوکنایی بەخشی دەروونی، ئەمانە ئاسوودەیی ورامان و نائومێدیان پێدەبەخشی و بەرەو ڕووبە ڕووبوونەوەی ژیانی پڕ سەخت و دژواریان دەبرد. عوسمان، گوێی بە هەڵوێستی بێ لایەنانەی دۆستەکەی و ڕەفتارێن تەوهین ئامێزی وێ نەدەدا. بۆیە لەو کاتانەشدا کە – لە گەڵ قەدریە دا – دەبوو، لە تەنیاییە پیرۆزەکەی خۆی مەحرووم نەدەبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- سەیرە، من تا گەییومەتە ئەم تەمەنە جگە لەیەکجار، ئاشقێنیم لە گەڵ ژنێکی ئاساییدا نەجەڕباندووە!

ئەوسا ئەسیڵەی وەبیرهاتەوە، ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە ئاشقێنیەکەی لەگەڵ ئەسیڵەدا، ئەزموونێکی ئاشقانە نەبوو، بەڵکو تاوانێک بوو. هەروەها گوتی:

- هاوژینی دروست و مرۆڤانیش هەیە.

ئەوجا ئاهێکی قووڵتری هەڵکێشا: - هەروەها خوداش هەیە کە ئەو ئەسڵ و سەرچاوەی هەموو شتێکە.

ئەوجا، ئاهێکی قووڵ وقووڵتری هەڵکێشا:

- کە ئیمە لە کاتی خێر وشەڕدا وەبیری دێنینەوەو ناوی دەبەین!

**( ٣٠ )**

هەرچەندە داکی حوسنی، ژنێکی بە ورەو خۆڕاگر بوو، بەڵام بەرەبەرە نیشانانی بێ توانایی و پیری لێدەرکەوت. بینایی بە ڕادەیەک کزبوو کەبە زەحمەت بەردەم خۆی دەبینی، یەکێک لە لاقەکانی دەلەنگی، بە داردەست دەڕۆیی، کلکی کۆنە گەسکێکی کردبوو بە دار عاسا. عوسمان بە تەواوەتی لە داکی زەینەب نائومێد بوو وبە توورەیی بەخۆی گوت:

- ئەوانەی زۆر باسی ململانێی چینایەتی دەکەن نەهەقیان نییە!

ئیدی داکی حوسنی، بەکەڵکی کارە گەورەکەی نەدەهات، دووچاری جۆرە خرفییەک بووبوو. ڕۆژێک ژنێکی بۆ عوسمان پێشنیازکرد، بەڵام بیری نەمابوو کە ئەو ژنە لەمێژ بوو، چوو بووە بەر دلۆڤانی خودا.

جارێک عوسمان – پشتی نوێژی هەینی – لە کلوپی میسری ڕۆنیشتبوو، ئەسیڵەی بینی کە لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بەوێدا تێدەپەڕی. لە یەکەم نیگاوە ناسییەوە. تەواو گۆڕابوو. لە دڵی خۆیدا پێی ناخۆش بوو. ڕوخساری وەکو تۆپێکی کون، تەپی بوو بەسەر یەکا، شەقڵی مێیاتی بە ڕوخسارییەوە نەمابوو، دەموچاوی بە جۆرێ بەسەر یەکدا تەپی بوو، هیچ دیار نەبوو کە مێیە یان نێر. بە هەنگاوی هەڕا وشێواوەوە ڕێی دەکرد، کلۆڵی وداڕوخانی پێوە دیاربوو. شتێک پێی گوت، مەرگ بە سەر سەری ئەو ژنەوە دەسوورێتەوەو تەواو تەنگی پێهەڵچنیوەو خەریکە لەمیش نزیک دەبێتەوە. ئەو ڕۆژە هەستیکرد کە ئەو زەمانە ڕۆیی کە خەونی بە گەورەیی و نەمرییەوە دەبینی، بە باڵی خەیاڵ بەرەو گەورەیی ونەمری دەفڕی، ئەو تەم ومژە

شیرین وخۆشانە ڕەوینەوە، حەقیقەتە ئەبەدی و بەرزەکەی بە هەموو دژوارییەکیەوە بۆ دەرکەوت. ئاخۆ ئەسیلە هێشتا ئەوی لەبیر ماوە؟ مەحاڵە ئەوی لە بیر بچێتەوە، بە هەموو قورسی و بێوەفایی و خۆپەرستیەکەوە، لەناخی ئەو ژنەدا بنی ناوەتەوەو ڕق ونەفرەتی لەلا دروستکردووە. بەڵام هاوڕێیانی منداڵی ئەو بۆ خۆ مومارەسەی بچووکی خۆیان دەکرد وزوریەت لە سەر زوریەت دەخەنەوە و قاقای پێکەنینیان دنیا تەژی دەکات.

ڕۆیی، هەموو هەست وسۆزە پاک وبێگەردەکانی دەورانی منداڵی و خەیاڵاتە سەرکێشەکان، گوم بوون، گۆریان گوم بوو، کەوتنە ژێر گڵەوە، ڕێک وەکو گەڕەکی الحسینی، کە جەوهەرو ڕواڵەتی گۆڕابوو، زۆر خانووی گەڕەکی ناڤبری وێران بوون، ڕوخان، خانوو وئاوەدانی بچووکیان لە جێگادا دروست کرانەوە، مەیدانێک بۆ وەستانی کەران دروست کرا. گەلێک لە خەڵکی گەڕەک چوون بۆ کوشتارگە. هەموو شتێک گۆڕا، ئاو و کارەبا گەییە ماڵەکان، ڕادیو، تا پاسێکی شەو، بە دەنگی بەرز لە ماڵانەوە هەر قسەی دەکرد و نەیدەبڕییەوە. عەبا وپەچەی ژنانیش کەم دەبوونەوە، تەنانەت خێر وشەڕیش تازە دەبوونەوەو فۆرم وشێوەی تازەیان وەردەگرت. هەموو ئەو بویەرانە ڕوویان دەداو ئەو هێشتا لە پلەی سێیەمدا چەقی بوو وتەمەنیشی هەڵدەکشا، ئایا ئەمە پاداشتی هەوڵی جدی و دڵسۆزی وفیداکاری گەورە بوو لە کارا؟ ئایا ئەوانە نازانن، یان نەیاندەزانی ئەو کەسێکی کارامەیە ولە ڕێگەی زانست وکارەوە ئەو پسپۆری و شارەزاییە زۆرەی پەیدا کردووە؟ و ئەگەر یاداشتە فەرمی وتێبینیەکانی دەربارەی بودجە وئامۆژگاریە بێ نەزیرەکانی لەمەڕ کارگێریو عەماران و کڕینی کەلوپەلان، لە کتێبکێکدا کۆ بکرێنەوە، دەبنە ئینسایکلوپیدیایەک لە واری کاروباری حکوومەتایەتیدا؟ ئیدی ئەم پسپۆرییە درەخشانەی ئەو لە پۆستی یاریدەدەری دووەمی ئیدارەدا، وەکو گڵۆپێکی کارەبایی، بە وزەی پێنج سەد شەمالک وابوو کە لە ئاودەستی مزگەوتێکی گوندیدا هەڵواسرابێ! لە دڵی خۆیدا گوتی: فەرمانبەر، چەمک وناوەڕۆکێکی گونگ و ئاڵۆزە، کە هێشتا بە دروستی فێمنەکراوە. فەرمانبەری لە مێژووی میسردا، دەزگاو دامەزراوەیەکی پیرۆزە وەکو پەرستگە. فەرمانبەری میسری کۆنترین فەرمانبەرە لە مێژووی شارستانیەتدا. ئەگەر لە وڵاتانی دیدا، جەنگاوەر یان سیاسەتوان، یان بازرگان یان سەنعەتکار یان دەریاوان بە نموونەی باڵا دابنرێت، ئەوا لە میسردا، فەرمانبەر بە نموونەی باڵا دەژمێردرێت. یەکەمین ئامۆژگاری ئەخلاقی لە مێژوودا، وەسێت وئامۆژگاری باوکێکی فەرمانبەری خانەنشین بووە بۆ کورە تازە فەرمانبەرەکەی. خودی فیرعەونیش، تەنیا فەرمانبەرێک بووەو لە لایەن خواوەندانی ئاسمانەوە دانراوە تا لە ڕێگای ڕێسا وسرووتە ئاینییەکان وڕێنماییە کارگێری و دارایی و ڕێکخراوەییەکانەوە حوکمی دەشت و دۆڵ بکات.

دەشت و دۆڵەکەی مە، دەشت و دۆڵی جوتیارانی باشە کە سەریان بۆ زەوی باش دادەنوێنن، بەڵام کە دەچنە سلکی فەرمانبەرییەوە، هەنگێ سەر بەرزدەکەنەوە، چاو دەبڕنە ئەو پلە و پەیژانەی کە تا بەر دەرگای خواوەندانی ئاسمان دەڕۆن. فەرمانبەری، خزمەتە بە خەڵکی. هەقی بەهرە وتواناییە، ئەرکی ویژدانی زندووە، کەرامەتی خودی بەشەرییە وعیبادەتی خوادی ئافرێنەری توانا و شایستەیی و ویژدان و کەرامەتە.

ڕۆژێک بە مەبەستی تەفتیش چوو بۆئەرشیڤخانە. لەوێ ئونسیەی بینی، ئونسیە ژنێک بوو، هەم لە ژنایەتی وهەم لەکاری فەرمانبەریشدا، تەواو پوختە و قاڵ بووبووەوە، مێردەکەی بۆ وەزارەتی مەعاریف نەقڵ بووبوو، ئەم بە شایستەگییەوە شوێنەکەی ئەوی پڕکردبووەوەو سەرپەرشتی فایل و نووسراوەکانی دەکرد. عوسمان کە تەوقەی لەگەڵدا کرد، خۆی پێنەگیراو گوتی: - ڕۆژگار..

ئونسیە، بە فەدیکارییەکی ڕاستگۆیانەوە بزەیەکی بۆ کرد.

عوسمان دووبارە هاتە قسان وگوتی:

- خۆشحاڵی، ئیشەڵڵا؟

- سوپاس بۆ خوا.

عوسمان، دوای دوو دڵییەک وبە ڕژدییەکەوە کە نەیتوانی جڵەوی بگرێت، گوتی:- خۆشبەختانە، شتان لە بیر دەکەین.

ئونسیە، بە میهرەبانی ودۆستانە گوتی:- نە هیچ شتێک لە بیر دەکرێ و نە هیچ شتێک دەمێنێت!

ماوەیەکی زۆر بیری لە قسەکەی ئونسیە کردەوە. لە ئەرشیڤخانەکە وەدەرکەوتو بەدەم ڕێوە بە خۆی دەگوت: - ئونسیە کاتی خۆی چەندم خۆشدەویستی.

کەبۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە، نامەیەکی بەسەر مێزەکەیەوە بینی کەلە ئیدارەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە هاتبوو، بە فۆرمەکەیدا زانی کە هەواڵی مەرگی فەرمانبەرێک یان کەسێکی نزیکی ئەوی تێدایە.

خوێندییەوە: " ئەم بەیانییە، ئیسماعیل بەگی فایەق، بەڕێوەبەری ئیدارە، چووە بەر دلۆڤانی خودا ولە..جەنازەکەی بەڕێ دەکرێ... " هتد..

دیسان نامەکەی خوێندەوە. چەند جارێک ناوەکەی دووبارە کردەوە. مەحاڵە. تا دوێنێش بەوپەڕی سەلامەتی وچالاکییەوە کاری خۆی دەکرد. خۆ ئەم بەیانییە لە نووسینگەکەی ئەودا قاوەی بەیانی لەگەڵدا خواردبووەوە. کابرا بەدەم قاوە خواردنەوەکەوە، باسی خەم وخولیا هەمیشەییەکانی دەکرد ودەیگوت:

- وڵات بێخاوەنە، شەپۆلێک بیر وهزر وبیرێن هەڤدژ ودژ بەیەک وڵاتی گرتووەتەوە..

عوسمان بزەیەکی کرد وهیچی نەگوت. ئیسماعیل گوتی:

- هەرکەسێک دەگریت، خۆی بە پەیامبەری عینایەتی خوایی دەزانێت.

سەری لەقاند وئەوجا پرسی:

- بە چ ئەقڵێک حیساب و کیتابی کۆتایی ئامادە بکەین؟

عوسمان بە هێمنیەکی تەوسامێزەوە گوتی: - بە ئەقڵی من!

کابرا بە دەنگی بەرز قاقایەکی لێدا. باوەڕی بە توانا و شایستەیی ژێردەستەکەی هەبوو و بە پرپرەی پشتی ئیدارەکەی دەزانی. نە خۆشەویستی ونە دژایەتیان لە بەیندا نەبوو. خودایە ئەم پیاوە چۆن مرد؟! چوو بۆ لای یاریدەدەری یەکەم، کە پەیوەندییەکی زۆر خۆشی دەگەڵ ڕەحمەتیدا هەبوو و لێی پرسی:

- ئایا ئاگات لەم مسیبەتە هەیە؟

یاریدەدەری یەکەم بە حەپەساوی بەرسڤی دایەوە:

- بەیانی خەریکی تێشت خواردن بوو، ئەوجا لە پڕ هەستی بە ماندوویەتیەکی کوت وپڕ کرد، ئەوسا هەستا تا کەمێک لە سەر تەختەکە ڕابکێشێت، کە ژنەکەی چوو بوو بە لایەوە تا بزانێت چییەتی، سارد بووبووەوە!

ئەوەی سوکنایی بە دڵمان دەدات ئەمەیە کە مەرگ بە دیاردەیەکی لۆژیکی بزانین، و دڵنیابین کە ئەرکی خۆی لە میانی پێشەکی و ئەنجامانەوە، مومارەسە دەکات. بەڵام زۆرجار، بێ هیچ ئاگادار کردنەوەیەک ولە ناکاوا وەکو بوومەلەرزە، بە سەرماندا دەدات. ئیسماعیل تا دوا هەناسە، هیچ عەیبێکی نەبوو، لەوپەڕی چالاکی وشەنگولیدا بوو. ئەوەی بۆ ئەو هاتە پێشێ، لەگینە بۆ هەر کەسێکی دیکەش بێتە پێشێ، وانییە؟ ئیدی ئەوە ژیانە، نە ساغڵەمی وسەلامەتی نە بەهرەو کارامەیی، نە زانست، هیچیان زەمانەتی ژیان ناکەن. ترس عوسمانی لە ناخەوە هەژاند.

- باشترین پێناسەی ژیان ئەمەیە کە هیچ نییە..

بەڵام ئایا شتێکی تازە ڕوویداوە کە ئەم ئاگای لێ نەبووبێ؟

نەخێر. بەڵام بیستن وەکو دیتن نییە، ئەوەی دەبیستێ وەکو ئەوە نییە کە دەبینێ. ئیدی ئەم ترسەی هەر ڕۆژێ یا ڕۆژ وتاقێک بەردەوام دەبێت، لەوکاتانەدا سەرکەوتن و ناکامی، بردنەوەو دۆڕان، قازانج و زەرەر، شادی و خەم یەکسان دەبن و مانای شتەکان ئاوا دەبن.

- ئەو هەموو هەوڵ و ڕەنجەی بە درێژایی تەمەن داوتە بایەخی چییە وبەچی دەچێت؟

ئەم ترس و واسواسەیە، لە کاتی بەڕێکردنی جەنازەکە ولە کاتی ماتەمەکەشدا، هەر بەری نەدا، تەنانەت قسە جۆراوجۆرەکانی فەرمانبەرەکانیش لە کاتی پرسەکەدا، ترس ودوو دڵییەکەیان نەڕەواندەوە. بەڵام مەمنوونی خوا بوو کە هێشتا لە ژیاندایە و نەمردووە.

- قارمانیەتی ڕاستەقینە چییە؟... قارەمانیەتی ئەوەیە، وێڕای ئەوەی هەموو ئەو شتانە دەزانین، کە بێوچان کار بکەین.

خێرا ئەو بیرەی لە مێشکی خۆی تاراندکە نەبادا پلە و پۆستی بەڕێوەبەر بۆ ئەو نەبێ و بۆ کەسێکی دیکە بێت. یاریدەدەری یەکەم کاندیدی پۆستێک بوو لە دادگا، ئیدی ڕێگا دیار بوو، ئەویش ئەوە بوو کە بەرز بکرێتەوە بۆ پلەی دووەم و پاشان بکرێ بە جێگری بەڕێوەبەری ئیدارە و دوای ساڵێک لەوکارە، خۆبەخۆ، شایستەی ئەوە دەبێ کە پۆستی ناقبری وەربگرێت. ئیدی دڵنیا بوو لەوەی کە ئەم ئاواتەی دێتەدیو هیچ هەڤڕکێکی نییە و هیچ کۆسپێکی لەبەردەم نییە. بەڵام قەراری دامەزراندنی مدیر ئیدارەیەکی تازە کە لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنەوە گوازرابووەوە، غافڵگیری کرد.

**( ٣١ )**

نا.. نا.. نا.

بەهیچ کلۆجێ شتی وای بەبیرا نەهاتبوو. ڕقی لە جەنابی با سەعادەت، بەهجەت نوور هەڵگرت و هەزار ویەک نەفرەتی لێکرد. دەبوایە ئەو داکۆکی لێبکردایە. نەفرەت ولەعنەت لە هەر هەموویان.. یانی پێیان وایە دەبێ بە هەموو تەمەنی خۆی کار بۆ خەڵکی دی بکات؟ئەم بەڕێوەبەرە تازەیە کێیە؟ ئەم عەبدۆڵلا وەجدییە کێیە؟ چۆن وەکو ژێر دەست خۆی بناسێنێ؟ شەرم لە خۆی دەکات. بە هەر ڕاڕەو وداڵانێکی

وەزارەتخانەکەدا دەڕوات شەرم و شەرمەزاری لێی نابێتەوە، خەڵکانێکی زۆریش پێی باخۆش دەبن.

بەهجەت نوور ناردی بە دوویدا وپێی گوت:

- مامۆستا عوسمان من زۆر بە داخەوەم.

بە ڕاشکاوی گوتی:

- ئەمە نائومێدیە لە ژیانی باشتر..

- نا..نا، ئەمە خزمی وەزیرە!

- من بەغیلی بە فەرمانبەرانی تەمەڵ دەبەم.

- دووبارە دەیڵێمەوە کە بە داخەوەم. حەزدەکەم ئەوەشت پێ بڵێم کە جەنابی یاریدەدەری وەزیریش زۆری پێناخۆشە..

خولەکێک وەستا وئەوجا گوتی: - خەفەت مەخۆ، هەمووومان بە کۆی دەنگ قاییلین، هەر کە یاریدەدەری یەکەم کەلەم مانگەدا نەقڵ دەبێت، ڕۆیی، یەکسەر بەرزبکرێیتەوە بۆ پلەوپۆستی یاریدەدەری یەکەم..

فایدەی نییە. پلەوپۆستی بەلاوە گرینگ نییە، تەنیا هۆیەکە بۆ گەیشتن بە ئاوات وئارەزووە دێرینەکەی کە هەموو تەمەنی خۆی بۆ تەرخانکردبوو. بەڕێوەبەری تازە لە تەمەنی چل ساڵیدایە، گەنجێکە، هەر چل ساڵ یان کەمیک زیاتر دەبێت. ئەگەر هەموو شتێک ئاسایی بڕوات، ئەوا ئەو بە عینوانی یاریدەدەری ئیدارە، یان ئەوپەڕی، ئەگەر پەڕجوو ڕووبدات، بە عینوانی بەڕێوەبەری ئیدارە، خانەنشین دەبێت. خەونی ژیانی ئاوا بوو و مەحاڵە بیگاتێ. ڕابردوو، دوای ئەوەی ئاکامێکی ڕەشی لێکەوتەوە مرد. خۆزگە وەکو بابی ژیانی بە سەر عەرەبانەوەو بە عەرەبانەڕانی بردبایەتە سەر. بۆ یەکەمجار لە ژیانیا نائومێدی هێرشی بۆ هێنا. کۆتایی تەمەنی زۆر لە گەوهەری ئاوات و ئارەزووەکەی نزیکتر هاتە بەرچاوی. بیرێکی تازە، بە تین و تاوێکی ئەوتۆوە بەسەریا زاڵبوو، کە پێشتر شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو. ئەویش بیرۆکەی ژن هێنان بوو. لەمڕۆ بە دواوە نە دەبوو دوای بخات. دوا خستنی هیچ فایدەیەکی نەبوو. هەرچەندە بە بۆچوونی خۆی باشترین و گونجاوترین ساڵانی تەمەنی بۆ ئاشقێنی و زەوجین بە سەر چووبوو. چەند پێویستی بە هەڤژین و سۆزێکی ڕاستەقینە هەبوو، بە شەریکێکی ئەمین، بەگەرمی ماڵ، بە زوریەت، بە پەیوەندی مرۆڤانی، بە دڵ ودەست و زمان، بە پەناگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە عەزاب، بە مەتاڵێک دژی مەرگ، بە

فریاڕەسێک لە ون بوونی ڕزگاربکات، بە میحرابێکی گونجاو بۆ ئیمان، بە وێستگەیەکی ئاسوودە کە لە خەونێن ئاڵۆز وبێ سەروبەری ڕزگاربکات، بە ئاگربەستێک لەگەڵ ڕژدی و ڕەزیلی و حورمان و ترس و وەهمدا.

- ژن ژیانە. تەنانەت مردنیش لە باوەشی ژنا هەقە.

پەنای بۆ داکی زەینەب نەبرد، داکی " حوسنی " ش کە پیری کەنەفتی کردبوو، ئیدی هیچی لە دەست نەدەهات. بەڵام کیژێکی گەنج کە تازە بۆ ئیدارە هاتبوو وئیحسان ئیبراهیمی ناو بوو، سەرنجی ڕاکێشابوو، بێ دوودڵی خۆی لێ نزیک کردەوە. چونکە ئەمجارەیان ژنخواز بوو و دەیویست هەرچی زووترە ژن بێنێ. هەر شەوێکی بە تەنیایی دەبردەسەر، زیاتر بێتاقەت و ناڕەحەت دەبوو، دەتگوت ئارەزووی ژنهێنان، ڕۆژبەڕۆژ بەبێ ئەوەی بە خۆی بزانێت لە ناخیا نەشو نمای دەکرد تا لە پڕا وەکو گڕکان تەقییەوە. ئیحسان بە دروستی لەم نزیک بوونەوەیەی عوسمان حاڵی نەدەبوو، بەدووری دەزانی کە پیاوێک بەو تەمەنەوە ئاشقێنی لەگەڵدا بکات؟ چ بکات، هیچ ئەشق وخۆشەویستییەکی وەکو سەردەمانی سیدە و ئونسیەی شک نەدەبرد. ئارەزووە گەرم وگورەکەی ڕۆژانی سەنیە وئەسیلە دامرکابووەوە.

ڕۆژێک ئیحسان بە کاری ئیدارە هاتە ژوورەکەی، عوسمان ئەمەی بە هەلزانی و لێی پرسی:

- ببورە ئیحسان خانم، دەتوانم پرسیارێکی هەندێک سەیرت لێبکەم؟

- هەڵبەتە جەنابی بەگ.

سووکە هەڵوەستەیەکی کرد وئەوجا پرسی: - تۆ دەزگیرانداری؟

دەم وچاوی سوور بووەوە، بۆ یەکەمجار بە دیدێکی ژنانەوە نەک بە دیدی فەرمانبەرێکەوە، تەمەشایەکی کرد وبەرسڤی دایەوە:

- بەڵێ ئەزبەنی.

هەستی بە نائومیدی کرد، بەڵام گوتی:

- ببورە، ئەدی ئەڵقەت لە دەستدا نابینم.

- مەبەستم ئەوەیە داخوازی کراوم.

بەقووڵی دەبیرەوە چوو وئەوجا گوتی:

- من داوایەکم هەیە، بەڵام دەبێ لە بەینی خۆمان دەرنەچێت؟

- قوربان؟

- دەتوانی ژنێکم بۆ بدۆزیتەوە؟

بە پەشۆکانەوە لە فکران ڕاچوو، ئەوجا بە پارێزەوە گوتی:

- هەموو ئەو خزم و ناسیاوانەی من دەیانناسم لە تەمەنی مندان و لایەق بەتۆ نین!

- ئەمە پاچڤەیەکی جوان و ناسکی ئەم وتەیەیە: " تۆ لایەق بەوان نیت " ە.

لە نائومێدی خۆیدا، بەردەوام بوو وگوتی:

- باشە کەسێکی وەکو من و لە تەمەنی مندا بۆی نییە ژن بێنێت؟

- بۆنا؟ بۆ هەر تەمەنێک، ژنی گونجاو هەیە!

- سوپاس، ببورە کە وەختم گرتیت.

- هیوادارم بتوانم خزمەتێکت بکەم..

پاش ڕۆیشتنی ئیحسان تەواو تووڕە بوو. تەسەوری دەکرد کە دەبوا کیژێ بەخۆی بە مەمنوونیەوە قابیل بوایە شووی پێبکات یان یەکێک لە خزم یان ناسیاوەکانی بۆ هێنابا ڕەدایێ. ئیدی وەکو ئەو شتە کۆنانەی ناو عەمارانی لێهاتبوو، کە ساڵانە لەکاتی پاککردنەوەی ماڵان و عەماراندا، دەردەهێنرێن و بۆ فرۆشتن هەڕاج دەکرێن. پێدەچوو ئەگەر بە ئاواتە دێرینەکەیشیا بگەشتبا وببوایە بە بەڕێوەبەری گشتی هەر شانسی ژن هێنانی نەبوایە. ئیدی قامچی ڕۆژگارو زەمان ئاگری لە سەر پشتی دەکردەوەو ئەویش تواناى ڕاکردنی نەمابوو. ڕۆژبەڕۆژ بیرۆکەی زەوجین پتر زۆری بۆ دێنا، بە ڕادەیەک زۆری بۆ دێنا کە خەریک بوو دەکەوتە سەرووی خولیا و کەڵکەڵەی پلەوپۆستەوە. ئیحسان هیچ جوابێکی لێ نەگێرایەوە. خەریک بوو شێت دەبوو، ئیدی لە ڕێگاوبان ولە نێو پاساندا، کەوتە چاوپرکێ وچاوبازی دەگەڵ ژناندا، چونکە لەو ڕووەوە بێ ئەزموون بوو، هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا، تا ناچار بوو دەست لەم کارە هەڵبگرێت و بەخۆی گوت:

- تەمەن چەند زوو دەڕوات، چەند بێهودە دەڕوات!

بە پەستیەوە پرسی، باشە چ شتێک ئەم ژن هێنانەی وا لێ قورس کردووە، خۆ دەستبەرداری هەموو مەرجە قورسەکانی جارانیش بووە، ئێستا وەکو دەڵێن بە

دۆش دەیژەنێ، ئەدی بۆ ژنی لێ چووەتە قاتی. ڕاستە تەمەن کۆسپە، بەڵام هەموو شتێک نییە. ئەوانە تاقیبی دەکەن و هەر زوو هەموو شتێک لە بارەی ئەسڵ و فەسڵییەوە دەزانن، ئەمەش حەقیقەتێکی نەنگینی دیکەیە.

ئەو لە ڕاستیا پیرەمێردێکی ڕووتەی بێ ئەسڵ و فەسڵە، خودا دەزانێ جگە لەو شتانە چیتری لە پاشملە دەگوترێ. هەڵبەتە پیاوێکی بە توانا و بەهرەمەندی وەکو ئەو دەبێتە مایەی حەسوودی و بەغیلی کەسانی دی. هەمیشە هەستی دەکرد کەلەم دنیایەدا هیچ دۆستێکی ڕاستەقینە و دڵسۆزی نییە و ئەو بابایەکی تەنیایە و لە سەرووی لاوازیی بەشەرییەوەیە!

شەوێ – وەکو خووی هەمیشەیی – بەرەو ژوورە ڕووت ورەجالەکە، بەرەو لای قەدریەی بەکێش کرد. بە بێزارییەوە بەخۆی گوت: خۆش ئەوەیە کە بەشی من لەم دنیایەدا پۆستی یاریدەدەری ئیدارەو ڕووسپیەکی نیمچە قولە! قەدریە بە پێکەنینەوە پێی گوت: - بۆ یەکەمجارە دوو جام شەراب دەخۆیتەوە، چیە، خۆ قیامەت ڕانەبووە؟

بەڵام قیامەت ڕابووبوو، هەستی بە سەرەگێژکەیەکی سەیر دەکرد. بەبێ هیچ بۆنەیەک بە قەدریەی گوت:

- قەدریە، دڵنیابە کە من پیاوێکی ئیماندارم.

قەدریە قژە زبرەکەی بە دەستەسڕێکی قرمز بەست وگوتی:

- لە خودا بەزیاد بێ..

- ئەگەر باوەڕم بەوە نەبایە کە دنیا پیرۆزە و ئافەریدەی دەستیخودایە، بە ژیانی چوارپێیان ڕازی دەبووم..

قەدریە، نیگایەکی گەوجانەی کردو گوتی:

- بە تەمان، بێ کارمان بکەن، نەفرەتی خودایان لێبێ..

عوسمان بێئەوەی گوی بە قسەکەی قەدریە بدات، لەسەری ڕۆیی:

- سوبحانەڵڵا..

قەدریە قسەکەی پێبری: - پریاریان داوە، بێ کارمان بکەن، ئەم ئیشەمان لێ قەدەغە بکەن.

- چۆن؟ چیت گوت؟

- ئەو قسە و دەنگۆیانەت نەبیستووە کە گوایە لەشفرۆشی قەدەغە دەکرێت؟

نە، ئەو لە ڕۆژنامە وبڵاڤۆکاندا تەنیا لاپەڕەی مەرگ وکاروباری ئیداری دەخوێنێتەوە. بە نیگەرانییەوە پرسی: - بەڕاستت؟!

- خەڵکیان لێ ئاگادار کردوینەتەوە.

- هەواڵێکی سەیرە..

- بەڵێنیان داوینەتێ، هەرکەسێ کاری بوێ، کاری بۆ بدۆزنەوە، جا چ کارێک؟ بە نەفرەتی دنیا و قیامەت بن، وەکو ئەوەی کە هەموو شتێکیان چاک کردبێت و هیچ نەمابێت تەنیا ئێمە نەبێت؟!

- ڕەنگە هەر قسە بێ، ئەم وڵاتە ڕوخێ بە سەر قسەی بێکرداردا دەڕوخێت..

- ئەزبەنی بە فەرمی تەبلیغیان کردووین..

بە ناڕەحەتی وترسەوە پرسی: - ئەمە کەی؟

- بەر لە کۆتایی ئەمساڵ..

بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا، دەنگی هەرا وزەنا و عەربەدەی عەربەدەچیان گەڕەک و بانی پڕکرد، وێنای هەر بەڵا وبویەرێکی دەکرد، بەڵام هەرگیز ئەم بەڵایەی بە بیر وخەیاڵدا نەهاتبوو. بە کەسەروە گوتی: - ئەگەر وابێ، هەموو شوێنێک دەبێت بە ڕووسپی خانە.. ڕووسپی خانان لە هەموو شوێنێک بڵاودەبنەوە.

- هەروەها نەخۆشی.

- هەزاران کچی خەڵکی ڕوو دەکەنە فەساد و گەندەڵی.

- چی بەو کەسانە بڵێین کە کاریان نییە؟

عوسمان، ئاهێکی هەڵکێشا و لە قەدریەی پرسی: - ئەدی بەنیازی چیت؟ بڕیاری چیت داوە؟

- بەهەرحاڵ، بەوە ڕازی نابم، لە خەستەخانەیەکدا ببم بە پێشخزمەت و فەڕاش.

- دەتوانم ئەدرەسی ماڵەکەت بزانم؟

- لەژێر چاودێری تووندا دەبین.

هەستی بە نائومێدییەکی زۆر کرد ولە قەدریەی پرسی:

- بیرێکت لە ئایندەی خۆت نەکردووەتەوە؟

قەدریە بە متمانەوەگوتی: - شوو دەکەم، هیچ چارێکم نییە تەنیا شوو کردن نەبێت..

ئەو قسەیە ڕای چڵەکاند، جامی سێیەمی تەژی کرد و لێی پرسی:

- خوازگارت هەیە؟

- دۆزینەوەی خوازگار ئاسانە، چی زۆرە خوازگار زۆرە!

- بەڵام چۆن؟

بە کەش وفشەوە گوتی:

- پێنج سەد جونەیهم هەیە، دەتوانم بە سەد وپەنجای خانوویەک تەرتیب بکەم وباقیەکەی پاشەکەوت دەکەم. یانی بەو ڕەوشەوە زۆرکەس بە مەمنوونیەوە پێم ڕازی نابن؟

- کارێکی ئاقڵانەیە..

قەدریە بەدەم پێکەنینەوە گوتی: - ئەگەر پیاوێکی باشت پێ شک هات ئاگادارم بکەوە..

نیوەشەو بوو، عوسمان کە خەریک بوو بە دزییەوەو لە تاریکیەکەدا ڕێی دەکرد، تووشی کابرایەکی مەستی مەست بوو کە خەریک بوو دەڕشایەوە، لە ڕادەبەدەر دڵی تێک هەڵهات و قێزی لە هەموو شتێک بووەوە. هەستی بە تەنیایی، سەرگەردانی و نائومێدی کرد، کەوتە بیری خۆکوژی. بێ هیچ بیرکردنەوەیەک ڕێگای خۆی گۆڕی. بە شێنەیی بۆ گەڕەکی الدرب گەڕایەوە، تووشی قەدریە بوو کەلە پلیکانەکانەوە دادەگەڕا تا بۆ لانەکەی خۆی بڕوات. دەستی گرت و گوتی: - قەدریە پیاوێکی گونجاوم بۆ دۆزیتەوە..

ڕوخساری قەدریەی لە تاریکیەکەدا نەبینی، بەڵام بە خەیاڵ باندۆری قسەکەی خۆی بەرجەستە کرد و لەسەری ڕۆیی:

- با هەر ئێستا بزەوجین!

ڕۆژی دوایی یەکسەر زەماوەندیان کرد، بە پێچەوانەی تەسەری عوسمانەوە، ژنە سەری لە بڕیارەکەی وی نەسوڕما. نیگایەکی قووڵی کرد تا لە ڕاستی و دروستی بڕیارەکەی دڵنیا ببێت. وەختایەک لە ڕاستی و دروستی بڕیارەکەی دڵنیا بوو، سەری ڕەزامەندی بۆ دانەواند. لە دڵی خۆیدا گوتی ڕەنگە لەبەر پێنج سەد جونەیهەکە ئەو " عوسمان " بە براوە بزانێت! بە پەلە بە ژنەی گوت: - با هەر ئێستا بچین بۆ مەحزەرو بۆ لای مەلا.

ژنە لە خۆشیا و بەدەم پێکەنینەوە گوتی: - جارێ وەخۆ بێرەوەو چاوەڕوان بکە تا خۆر هەڵدێ.

شەوی لە ماڵە بچووکەکەی ئەودا، لە کۆڵانی الشماشرجی ڕۆژ کردەوە. بەیانی بە قەدریەی گوت: - با جارێ ماڵە تازەکەمان تەرتیب بکەین، ئەوسا زەماوەند دەکەین.

لێ قەدریە هەر دوو پێی لێکردە تاکێ کەوشەوەو پێی گوت:

- نا، یەکەمجار زەماوەند دەکەین و پاشان ماڵەکەمان ئامادە دەکەین.

مارەبڕیان بۆ ماڵەوە هێنا. بۆ مارەبڕینەکە پێویستیان بە دوو شایەد هەبوو، دەستیان نەکەوت، بە ناچاری دووان لەو گەوادانەیان هێنا کەلەگەڵ قەدریەدا کاریان دەکرد. ڕێورەسمەکە زۆر بە سادەیی بەڕێوە چوو، عوسمان لەو ماوەیەدا گێژو وێژ، حایر و حەیران هەر تەمەشای دەکرد. چی ڕووی دەدا؟! نیگەرانییەکی خراپ سەرودڵی گرت. نیگەرانییەکی ترس ئامێز، خۆزی دەخواست لە دنیای غەیبەوە بویەرێک ڕووبدات و بێت وهەوری ئەو کابووس و مێردەزمە بە ئازارە ڕابماڵێ کە ئەم پێوەی دەتلایەوە. دوای ئەوە پێلێک لە ڕادەست بوونی نەنگین ڕایماڵی. وەختایەک ناو و کارەکەی خۆی گوت، ژنەی تاین وهەردوو گەوادەکە حەپەسان. لە دڵی خۆیدا گوتی: ئێستا ئەمنیش وەکو خەڵکانی دی بە شێتی لە قەڵەم دەدەن. ڕەنگە ئینساف وا بخوازی – لەمڕۆوە – ئیعتراف بکات کە – شێتە – چونکە ژنێکی پیری نیمچە قولەڕەشی خواستووە کە بەقەد مانگایەکی قەڵەو دەبێت و نیو سەدەیە کاری لەشفرۆشی دەکات. بەوجۆرە ئاوات و ئارەزووەکەی کە شێتانە لە خەمی وەدیهاتنیدا بوو، هاتەدی و بوو بە مێرد وخاوەن ژن، هەروەها قەدریەش کە – دۆستی دەورانی گەنجیبوو– بوو بە هاوسەری، چ کارێکی بەخۆی کرد؟! و گوتی: - من دەبێ دەست بە ژیانێکی نوێ بکەم..

لەبەر ئەوەی کاتی خۆی چووبووە سەردانی حەمزە سویفی لە گەرەکی روض الفرج، ئەو گەڕەکەی بینی بوو، ئیدی گەڕەکی ناقبری بەدڵ بوو، لەوێندەر خانوویەکی بەکرێ گرت کە بریتی بوو لە سێ ژوور وهۆڵێک. دوای ئەوەی قەدریەی

بە ناوی ڕەچاوکردنی پۆشتەییەوە، وادار بە حیجاب کردن کرد، بە دوو قۆڵی کەوتنە ئامادەکردنی کەلوپەلی ناوماڵ. دیارە حیجاب پۆشیەکە تەنیا ڕواڵەت بوو، دەنا لە ڕاستیدا لە ترسی ئەوە بوو نەبا یەکێک لە کۆنە مشتەرییەکان تووشی ببێت و قسەوباسێکی دوابخرێ. ژوورێکیان بۆ نووستن و دووەمیان بۆ نانخواردن و سێیەمیان بۆ کتێبخانە وپێشوازی میوانان تەرخان کرد. ئیدی جلکی هەم بۆخۆی و هەم بۆ قەدریە کڕی، ڕادیۆ وکەلوپەلی پێویستیان کڕی. قەدریە وعوسمان یەکی سەرو سەد جونەیهیان بۆ ئامادەکردنی ماڵەکەیان تەرخان کرد. بە حوکمی ئەو چروکی ورژدیەی سواری سەری بووبوو، ڕۆژی گەیاندبوو بەم ڕۆژە، ئیدی سیاسەتی خۆی سەبارەت بە ( پارە و پول ) گۆڕی. هەرکاتێ پێویستی بکردایە، بە ناچاری وبە نەبەدڵی پارەی خەرج دەکردو دەیویست بەو ڕەفتارە دەردی پولەکیەتەکەی خۆی بشارێتەوە. ئارەزوویەکی سەیری لەلا دروست بووبوو، کە تەمەتوع بەو خۆشیانەی ژیانەوە بکات کە بەردەوام لە خۆی حەرام کردبوون. بە دڵی پڕەوە دوعاخوازی لە داکی حوسنی کرد، پیرەژن سەری لەم قەرارەی عوسمان سوڕما و بەدەم گریانەوە گوتی:

- زاگە وزێدی خۆت بەجێ مەهێڵە. هیچ خێرێک لەم کارەدا نییە.

بەڵام عوسمان، بەبێ هیچ داخ وکەسەرێک گەڕەکەکەی خۆی بەجێهێشت، بیرۆکەی ئەوەی کە قەدریە بۆ گەڕەکی الحسینی بێنێ، بیرۆکەیەکی دروست وپەسند نەبوو، گەڕەکی الحسینی بە مەڵبەندی بەڵا، نەبوونی، سەرگەردانی و بیرەوەریانی خەمناک دەزانی. هەرچی داخ وکەسەر و کول و کۆڤانێکی دیارو پەنهانی هەبوو، هەرهەمووی لە خۆشییە بەردەستەکاندا غەرق کرد. تۆڵەی مەحرومەیەتی خۆی دەکردەوە، بە مکوورییەوە، ئەوەی وەبیر خۆی دێنایەوەو قەناعەتی بەخۆی دەکرد کە قەدریە تاقە ژنە کە ئەم بەڕاستی و لەدڵەوە خۆشی ویستووە، ئەگینا چۆن ئەو تەمەنە درێژەی لە گەڵیدا بەسەر دەبرد؟! ئەوەتا هەر ئەو قەردیەیە هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ کەلە ناوەندە تازەکەدا دەوری کەیبانوویەکی سەلار وسەنگین ببینێ، ناوەند وگەڕەکێک، کە بارکردن لە گەڕەکی " الدرب "ەوە بۆ ئەوێندەر، بە بازێکی خەیاڵی دێتە ژماردن. خودا خودای بوو، ئەو چاوانەی کە قەدریەیان دەناسی، نەی بینن. بۆیە ئامۆژگاری کرد وپێی گوت:

- تێکەڵی دراوسێکان مەبە.

قەدریە لێی پرسی: - بۆچی؟

- ئەخلاقی خەڵکی جوان نییە!

دەترسا ناکۆکییەک بکەوێتە نێوان قەدریە ویەکێک لە ژنانی دراوسێیانەوەو قەدریە خۆی لەبیر بکات و ئەو گڕکانی جنێوەی لە ناخیا مت بووە لە ناکاوا بتەقێتەوە. هەڵبەتە عوسمان ئەوەشی لەبەرچاو بوو کە قەدریە ڕاستگۆیانە هەوڵ بۆ بەختەوەر کردنی ئەو دەدات. ڕژدە لە سەر ئەوەیکە لە ژیانی تازەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت. بە تێپەڕبوونی ڕۆژان، ئیدی لە ژیانی تازەی دڵنیا بوو، ملی بۆ واقیع دا، هەروەها بەو گەرم وگوڕی و ئاسوودەیی و نەزم و زاکونی و پاک وخاوێنییە خۆشحاڵ بوو کە قەدریە بۆی دابینکردبوو. بە بێ هیچ نیگەرانی وناڕەحەتیەک، بە کەماڵی ئیسراحەت نوێژی خۆی دەکرد، هەستیدەکرد بە هۆی ئەوەوە کە نەک هەر ڕۆحێکی گومڕا و سەرگەردان بەلکو دوو ڕۆحی ڕزگار کردووە، سات بەسات لە خودا نزیکتر دەبێتەوە.

گەییە ئەو باوەڕ وقەناعەتەی کە ژیانی دنیایی بەو قیسمەتەوە کە بۆی ڕابووەوە، تەواو بووەو، کاتی ئەو هاتووە بیر لە ئاخیرەتی خۆی بکاتەوە. بەخۆی گوت: - دەبێ گۆڕێک بۆ خۆم ئامادە بکەم!

شیرەتی بە چەند کەسێکی شارەزا کرد ولە ڕێگەی ئەوانەوە زەوییەکی لە ناوچەی الخفیرکڕی ، دەستی بە بونیادنانی قەبرێکی گونجاو کرد. زۆرجار لەگەڵ ئەندازیارێکی بەشی ئەندازەی وەزارەتدا، دەچووە سەردانی کارەکە. جارێک ئەندازیارەکە لێی پرسی:

- باشە خانەوادەکەتان گۆڕستانێکی کۆنیان نییە؟

بەوپەڕی متمانەوە گوتی:

- ئەو گۆڕستانە زۆر کۆنە وپڕە لە گۆڕێن باب وباپیران، ئیدی پێویستی وا دەخوازێ ئەم گۆڕستانە دروست بکەم..

ئەندازیارەکە گوتی: - گۆڕێن کۆن لەکوێ و هی ئێستا لە کوێ، جیاوازییان زۆرە، گۆڕی تازە بونیادێکی مودێرن وجوانی هەیە..

- من گوێ بە ماڵ وحاڵی ئەم دنیا نادەم، ئەو خانووە کرێیەی کە تیایدام سەرو زیادە، بەڵام هەبوونی گۆڕ زۆر پێویستە، دەنا مرۆڤ کەرامەتی نامێنێ و ئابڕووی دەچێت..

کابرای ئەندازیار پێکەنی و گوتی: - لە هندستان، مردووان دەسووتێنن..

عوسمان، بە پەستیەوە گوتی: - پەنا بە خودا..

یارۆی ئەندازیار دووبارە پێکەنی وگوتی:

- ڕاوبۆچوونی منت دەوێ؟ ئاگر، کەرامەتی جەنازە لە خاک باشتر دەپارێزێت، قەت بیرت لە ڕزین و داوەشینی جەنازە لە ناو قەبرا کردووەتەوە؟ دەزانی چۆن دەڕزێ و شی دەبێتەوە؟

بە پەستیەوە گوتی: - نەخێر، هەرگیز پێویست بە زانینی ئەوە نییە!

کەمێک دەبیرەوە چوو، ئەوجا لە ئەندازیارەکەی پرسی:

- ئەرێ ئاو دەستێکیش دروست نەکەین؟

- لە غیابی تۆدا، بەشێوەیەکی قیزەون بەکار دەهێنرێت!

- بەڵام ئەگەردارێک یان لاولاوێک پروێنرێ خراپ نییە..

- ئەمە باشە، دەتوانرێ لە دەرێرا ئاو بدرێت.

دروستکردنی گۆڕەکە تەواو بوو، عوسمان بۆ وەرگرتنی گۆڕەکە ودانی باقی ئەو پارەیەی لە سەری مابوو، بۆ گۆڕستانەکە ڕۆیی. بە ڕەزامەندییەوە تەمەشای گۆڕەکەی کرد. زۆری بەدڵ بوو. دەرکەی قەبرەکە واز بوو، نەردەوانەکە تا خواری خوارەوەو تا سەر گۆڕیچکەکە دیار بوو، تیشکی هەتاو لە گۆڕیچکەکەی دەداو ڕوناکی دەکردەوە. کەمێک دانەوییەوە، تا تەمەشایەکی ئەرزە تەختە تازەکە بکات کە لە ڕوناکی وپاک و خاوێنیدا غەرق بووبوو، لەم ساتەدا هەستی بە ئاسوودەیی و دڵنیاییەکی غەریبی چاوەنۆر نەکراو کرد. ئیدی ماڵە ئەبەدەییەکەی تەواو بوو، ئێسک و پروسکەکەی وەکو ئێسک و پروسکی داک و بابی ون نابن. بە پێچەوانەی پێشبینیەکانی خۆیەوە، هەستێکی نەرمی غەریب لە ناخی ناخیەوە هەڵقوڵا، کە لە بن لێوانەوەو بە چپە داوای لێدەکرد وەکو ئاسکێک لە سەر ئەرزە تەخت وپاک ورووناکەکە پاڵ بکەوێ تا ئارامییەکی بێ وێنە بچەڕێنێ کە لە ژیانیا بە قسمەتی نەبووبوو، تا تەمەتوع بە ئارامییەکەوە بکات کەلە ژیانی پڕ خەم و خەیاڵی، جەنجاڵ وئاگرینی خۆیدا، بۆ ساتێکیش هەستی پێنەکردبوو. گازییەکی نادیار، کەلەو ساتەدا حەزی دەکرد بە گوێی بکات ودەست لە هەموو خەم وخولیاکانی ژیان بشوات، بانگی دەکرد. ئەم هەست وسۆزە نادیارە بەرۆکی بەرنەدا تا ئەو کاتەی لە گۆڕستانەکە وەدەرکەوت و بەرەو شار، پەل بووەوە. چەندی حەزدەکرد، داک وبابی بۆ گۆڕە تازەکە بگوازێتەوە تا لەو ڕووەوە بە تەواوەتی ئاسوودەو ئەرخایەن بێت. بەڵام لەمێژ بوو پەی بەوە بردبوو کە ئەو کارە کردەنی نییە، چونکە هەر گۆڕێکی بەخێر وسەدەقە پڕ دەبێت لە جەستەی خەڵکی و نایەنە ناسینەوەو جیاکردنەوە. سەبارەت بە حیکمەتی ئەو کارەی کە کردی بەخۆی گوت:

- بێگومان ژیانی ئەمڕۆم لە ژیانی دوێنێم باشترە..

ئەمە بەو مانایە نییە کە لە ڕێگای خوداو ئیرادەی ئەبەدی خودا لایداوە، ئەگەرچی بە ئاشکرا سارد بوونەوەی پێوە دیارە..

**( ٣٣ )**

با ڕۆژان تێپەڕن.

هەرچۆنێ بێ، بوو بە خودان خێزان وخاوەن قەبری خۆی، جۆرەها خواردنی تازەی وەکو سەروپێ و پڵاو بەنیسک و پاقلە وفەلافل و نیسکێنەی جەڕباند کە پێشتر نەیخواردبوون، بۆی دەرکەوت پارە بۆ خەرج کردنە، تەنیا بۆ ئەوە نییە لە قاسەی پۆستدا، حەپس بکرێت.

بەهەرحاڵ، ئایا ڕۆژانی بە یەکهاوی وبێهودە نەبردەسەر؟ ئایا بە یەکجارەکی دەستبەرداری ئاوات و ئارەزووەکانی نەبووبوو؟!

ئیدی لە ناوجەرگەی ڕەوتی ڕۆژگارەوە شەپۆلێکی بەرز وترسناک کەهەرگیز چاوەڕوان نەدەکرا، بەرز بووەوە. شەپۆلێک کە چارەنووس وبەخت و شانسەکانی گۆڕی ودنیای لە نوێ خوڵقاندەوە. ڕۆژێک وەزارەت بڕیاری دا کە بەهجەت نوور، بەڕێوەبەری گشتی، بە یاریدەدەری وەزیر دابمەزرێنێت. ئیدی بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە، بۆ یەکەمجار پۆستی بەڕێوەبەری گشتی خاڵی بوو. ئیدی خەڵک بۆماوەی دوو هەفتە لە دڵەڕاوکێی تەواودا بوون تا ئەوە بوو، عەبدوڵڵا وەجدی بەڕێوەبەری ئیدارە، بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بەرزکرایەوە و ئیدی بوو بە جەنابی ڕێزدار، جەنابی ڕێزدار بە هەموو شان وشەوکەتێکەوە. ئیدی دڵێک کە ماوەیەکی زۆر بوو نووستبوو، بێدار بووەوەو کەوتە لێدان. عوسمان گوتی:

- من تاقە کاندیدی ( فەرمی ) و (ئاساییم ) ئاخۆ ئەمانە بەنیازی چین؟!

چەند هەفتەیەک بووری، بەڵام ئەو دەستبەرداری هەقی خۆی نەبوو، قسەی دەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی و یاریدەدەری وەزارەتیش کرد. یەکێک پێی گوت: - پۆستی بەڕێوەبەری ئیدارە، لە پۆستە هەستیارەکانە.

عوسمان، لە مەبەستی پرسی، ئەویش بەرسقی دایەوە:

- تەنیا شادەتنامە وکارامەیی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە ڕەچاوناکرێت، بەڵکو پێگەی کۆمەڵایەتیش حیساب دەکرێت..

عوسمان، بە تووڕەیی هاواریکرد:

- ئەو مەرجە تەنیا بۆ یاریدەدەر یان وەزیرە، بەڵام بەڕێوەبەری ئیدارەو بەڕێوەبەری گشتی، لە ڕۆڵەی گەل حەرام ناکرێت، لە ڕەمەکی مەردم حەرام ناکرێت. ئیدی ئەمە لەوەتای کارمەندانی ئینگلیز وازیان لەو پۆستانە هێناوە بووە بە داب و نەریت..

ئەم خەمەی زۆری نەخایاند ولە هەمان هەیڤدا، بەرزکرایەوە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری ئیدارە. پاشان بە خۆشحاڵییەوە یادی ئەو ڕۆژەی دەکردەوەودەیگوت: - لە چاو تروکانێکا پەڕجوو ڕووی دا!

هەروەها گوتی: - ئیدی هیچ لەمپەڕێکم بۆ مدیر عامی لەبەردەما نەمابوو!

بەڵام ئەم پەڕجووە چۆن ڕووی دا؟ بەخۆی ولە دڵی خۆیدا وای وێنا دەکرد، پێش ئەوەی تاقە کەسێک لە تابوورەکەی پێش ئەو، بجووڵێت، ئەو خانەنشین دەکرێت، بەڵام گۆڕانکارییەک لە وەزارەتدا ڕووی دا، لەم گۆڕانکارییەدا، یاریدەدەری وەزیر کرا بە وەزیر وئەوسا کۆمەڵێک گۆڕانکاری خۆش وکوت وپڕی بەدووودا هات. بەهجەت نووری یاریدەدەری وەزیر پێی گوت: - وێرای ناڕەزایی زۆر، هەر بەرزم کردیتەوە..

عوسمان، سوپاسی کرد، منەتباری خۆی دەربڕی، بەڵام بە کەسەرەوە پرسی:

- ناڕەزایی لەپای چی؟

یاریدەدەری وەزیر گوتی:

- تەمەنی تۆ لە سەرووی تەمەنی یاسایی کاری حکوومەتیەوەیە، بۆیە نابێ هۆی ئەو شتە نەزانی، کە لێی دەپرسیت..

بەهەرحاڵ دڵی کرایەوەو بەهەمان گەرم وگوڕی هەوەڵجارەوە شانی دایەبەر کار وبەڵێنی بە خودای خۆی دا کەلە ماوەی سەرۆکایەتی کردنی ئیدارەدا، مێژوویەکی دەگمەنی پڕ لە زانست و زیرەکی وڕێنمایی زندوو تۆمار بکات و، بۆ هەمووانی بسەلمێنێ کە فەرمانبەری، کارێکی پیرۆز و خزمەتێکی مرۆڤانی وعیبادەتە بە هەموو مانای عیبادەت. لەیەکەم ڕۆژەوە بڕیاری داڕاستگۆیانە هاوکاری لە گەڵ عەبدوڵڵا وەجدی دا بکات، چونکە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیدا، یەکێکە لە سرووتە عیبادیەکان لە کاردا، چونکە قەراری دابوو هەرگیز خیانەت لە ئەرکی وەزیفی خۆیدا نەکات، بۆیە لێبڕا، بە توانا وکارامەیی وئەزموونی خۆی، قەرەبووی لاوازیەکانی بکاتەوە، هەر خزمەتێکی پێویست بێ، درێغی نەکات، بەڵکو ئەمە دنیایە ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەروبوومی ئەوە بدورێتەوە کە دای دەچێنێ. بەخۆی گوت:

- ڕاستە عەبدوڵڵا وەجدی، هێشتا گەنجە، بەڵام سەردەمی پەڕجووان دووبارە گەڕاوەتەوە!

بەڵام لە ڕاستیا عوسمان تەنیا چاوی لە پەڕجووان نەبوو، تەنیا بەتەمای پەڕجووان نەبوو! بەڵکو بە بایەخێکی زۆرەوە دەیڕوانیە قەڵەویەکەی عەبدوڵڵا وەجدی و بە خۆشحاڵییەکی پەنهانەوە، پەیگیری ئەو قسە وباسانەی دەکرد کە گوایە عەبدوڵڵا کابرایەکی نەوسن و زۆرخۆر ومەی نۆشێکی بەترەفە. عوسمان، بەردەوام لە دڵی خۆیدا دەیگوت:

- خەڵکانی وەکو ئەم پیاوە تووشی جۆرەها نەخۆشی دەبن!

نەهەقی نەبوو، بۆ نا؟ ئەو سەرباری هەندێک سووکە ساتمە و ڕەت بردن، پیاوێکی ئیماندار بوو و بە موریدی حوسەین دەژمێردرا و خودا دەستبەرداری نەدەبوو. گوتی:

- ئایا مرۆڤ لە ڕۆژی پەسلانێ، دەتوانێ جگە لە خەون وخولیا ڕەسەن وکارە پیرۆزەکانی و پێشکەوتنە پایەدارەکانی و تۆماری ئەو خزمەتانەی بە دەوڵەت و خەڵکی کردووە، شتێکی باشتر پێشکەش بکات؟!

هەروەها گوتی:

- وڵات پەرستگەی خودایە لەسەر زەویو بە ئەندازەی ئەو کارەی بۆ وڵاتی دەکەین، پێگەمان لە دنیا ولە قیامەت دیاریدەکرێت..

بەڵام ئەو لە ژیانی هاوسەریدا سەرکەوتوو نەبوو، وێڕای ئەوەی دڵخۆشی خۆی دەدایەوەو بە درۆوە پاکانەی بۆ خۆی دەکرد ودەستبەرداری ئاوات وخولیاکانی نەدەبوو، بەڵام هەر لە سەریەشەکانی ژیان بەدوور نەبوو. ڕۆژێک بە قەدریەی گوت:

- قەدریە تۆ، تۆ زۆر دەخۆیتەوە.

قەدریە بە سەرسامی نیگایەکی کرد وگوتی:

- ئەمە وتنی ناوێ، شتێکی کۆنە، تازە نییە..

بە تکاوە گوتی: - هەمیشە دەبێ ئومێدی ئەوەمان هەبێ کەبەسەر خووە خراپەکانماندا زاڵ بین.

- پێویست بەو زەحمەتە ناکات..

عوسمان دیسان گوتی:

- من ئومێدەوارم تۆ ڕۆژوو بگریت ونوێژ بکەیت، چونکە ئێمەمانان پێویستیمان بە ڕەزامەندی خودا هەیە.

قەدریە بە پەستی ونەبەدڵییەوە گوتی:

- من باوەڕم بە خودا هەیە و دەزانم کە بەخشندە و دلۆڤانە..

- تۆ خانمێکی بەڕێزیت، خانمی سەلار و بەڕێز هەموو شەوێک خۆی مەست و خومار ناکات.

- پێم بڵێ بزانم خانمی بەڕێز چۆن هەموو شەوێک خۆی مەست بکات؟!

- نابێ بە هیچ جۆرێ بخواتەوە ومەست ببێت.

بەدەنگێکی بەرز و بێزارکەر پێکەنی، بەڵام هەر زوو چارەی دا بە یەکداو بە نائومێدییەوە گوتی:

- بەتەما مەبە!

- مەبەستت چییە؟

- بەتەمای نە کوڕ بە نە کچ، کاتی ئەوە بەسەر چووە.

هەستیکرد کەلەمبارەیەوە هاوخەمی ئەوە، بەڵام گوتی:

- بەهەرحاڵ دەرفەتێکی زۆرمان لە بەردەمە کە بە ئارامی و خۆشی بژین.

قەدریە، فشە هەوڵێکی بۆ تەرک کردنی بادە دا، بەڵام چونکە بە جدی نەبوو، لەسەر عادەتەکەی خۆی بەردەوام بوو. بەڵام وەختێ عوسمان، لە جاران زیاتر لە کارەکانیا غەرق بوو، قەدریە هەستی بە تەنیاییەکی ترسناک کردو بۆ پڕکردنەوەی تەنیاییەکەی زیاتر سەری کردە بادە و دنیای ئالوودە بوون. عوسمان جارێک پارچە ئەفیونێکی بەدەستیەوە بینی، کابرا سەراسیمە بوو و هاواریکرد:

- نا..

قەدریەش بە دەنگی بەرز هاواریکرد: - تۆ هەقی ئەمەت نەبێ!

عوسمان، بە ئەفسوسەوە گوتی: - لە کەیەوە؟

- لە سەردەمی سەروەرمان نوحەوە.

- بەڵام..

- ئەمە لە مردن بەهێزترە..

- بەڵام ئەمە و مردن یەک شتن.

قەدریە بە تەوسەوە گوتی:

- جا چییە.. با یەک شت بن..

ترسی لێنیشت. چی بەخۆی کرد؟ چ فشە بەختەوەرییەک فریوی دابوو؟ چۆن فریای خۆی بکەوێت؟ بیرکردنەوە لە جیابوونەوە فایدەی نییە، چونکە ئەم کارە دەیخاتە شەڕێکی گەرمەوە کە ڕەنگە تیاچوونی ئەمی پێوەبێ. لە قەدریەی پرسی: - ئەوەت لە کوێ دەستدەکەوێت؟

قەدریە، هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە. عوسمان دووبارە گوتی:

- دەچیت بۆلای گەجەر وگوجەر وگومانلێکراوەکانی جاران، دەزانی ئەم کارە چەند خەتەرە؟..

- ئەوەندەش شتەکە گەورە مەکە..

- قەدریە، کەمێ بیر بکەوە، ئەگەر ژیانی خۆت نەگۆڕی ماڵوێران دەبین..

خۆی گورج کردەوە کە بەرگری لە ناوبانگ و ئایندەی خۆی بکات. بە نیمچە شەڕەوە قەدریەی بۆ ئاسایشگەیەکی دەروونی و ئەقڵی، لە حەلوان برد، چەند مانگێک لەوێندەری دانا تا بە تەواوەتی لە ئالوودە بوون ڕزگار بوو. وای وێنا کرد کە تەواو قەدریە بووە بە ژنێکی دیکە. ئیدی قەدریە خووی دایەخواردن، خواردن بوو بە تاقە سەلوای ژیانی. کەوتە نەوسنی و زیادەخۆری، هەر زوو کاریگەری ئەم نەوسنی وزیادەخۆریەی لێ بەدیار کەوت، ڕۆژبەڕۆژ قەڵەو وقەڵەوتر دەبوو، بە ڕادەیەک قەڵەو بوو کە خەڵکی هەم بەزەییان پێدا دەهاتەوە و هەم گاڵتەیان پێدەهات. عوسمان زۆر خەمی قەدریەی بوو، بە چاوێک کاری دەکرد و بە چاوێک چاودێری دەکرد. بە خەمینییەوە دەیگوت:

- ئەو تاقە لەزەت وخۆشییەشم لە دەست دا کە شەوانی حەیوانی لێم دەبینی. ئێستا لە هەموو شتێک بووەتەوە. بە ڕووت و قووتی زاتە سەرەتایی و نەگبەتەکەی خۆی دەنوێنێ، زات و خودێکی دوور لە ئەخلاق، لە دین، لە ئەقڵ و لە زەوق..

دید وبۆچوونی هەندێ لە هاوکارەکانی ئەوانەی متووی سیاسەت و هزرێن جۆراوجۆر بوون – وەیاد هێنایەوە کە ئەم جۆرە دیاردانەیان بۆ کۆمەڵگە و ململانێی چینایەتی دەگەڕاندەوە. بەڵام ڕەوشی خۆشی وەبیر هاتەوە: باشە ئەویش وەکو قەدریە، بە هەژاری و نەداری و نەبوونی گەورە نەبووە؟ با، بەڵام ئەو لە کاتی گونجاوا، ڕازی پیرۆزی لە خودی لاوازی خۆیدا کەشفکرد، هەروەها حیکمەتی جاویدانەی خودای کەشفکرد.ئیدی بە گەورەیی و عەزابێکەوە کە شایستەی مرۆڤی ئافەریدەی خودا بێت، ڕێگای خۆی گرتەبەر. بۆیە هەستی بە هیچ سۆز ودلۆڤانیەک دەرهەق بە قەدریە نەکرد. جارێکی دیکە بەخۆی گوت: - چیم بەخۆم کرد؟

دەی، ژیانی هاوسەری، حەیوانی، بە بێ خۆشەویستی ڕاستەقینە یان پەیوەندی ڕۆحی یان ئومێدی زوریەت خستنەوە یان هاوڕێتیەکی مرۆڤانی چ مانایەکی هەیە؟! وێڕای ئەمەش بەخۆی گوت:

- هەندێک وەخۆ وەرەوە، خەفەت مەخۆ، ئەو هەموو خەفەتە لەخۆت بارمەکە. تۆ عوسمانەکەی جاران نیت، بەرگەی ئەو هەموو خەفەتە ناگریت. بەڵێ گۆڕانێکی تازە بەڕێوەیە، وەکو شنەبا هێدی و ئارامە، بەڵام وەکو ڕێوی فریبۆکە، ئەم گۆڕانە، تەمەن و زەمانە..

کەمێک دەبیرەوە چوو، ئەوجا گوتی:

- لە سایەی ئەوداو بە فەزڵی ئەو هەموو شتێک بەدەست دێنین و بەهۆی ئەوەوە هەموو شتێک لەدەست دەدەین، جگە لە خوای گەورە هیچ شتێک نامێنێ!

**( ٣٤ )**

ئیدی سەرکەوتنی بە تەواوەتی لە بیرکرد. خۆشی و شادییان ڕەوینەوەو هەوری خەم و پەژارە ئاسمانی سەر ودڵی گرت. سەرۆکایەتی ئیدارەی لەلا بوو بە عادەت و خوویەکی ڕۆتینی و دەبوایە بە خێرایی دەربازی بکات، بە خێراییەک کە دەگەڵ ئەو تەمەنەدا کە بە بەرییەوە مابوو تێک بکاتەوە. دەنا مودەتی خزمەتەکەی تەواو دەبوو وئەو هێشتا گەدا ئاسا لە بەر دەرگای ژوورە شینەکەدا وەستاوە. خەون و خولیاکانی لە بەرزەفڕی نەکەوتوون و زەوجینیش ئەو بەندەرە ئارامە نەبوو کە ئەو دەیویست.

- خودایا من هەوڵدەدەم ڕێنوێنی بکەم، تۆش قوەتم بدە.

بەڵام هەوڵەکانی بە فیڕۆ دەچوون. جاران قەدریە لە ناو جەرگەی کلۆڵی وداماویدا دەژیا و هەستی پێنەدەکرد، مەی و ئەفیونی بە پەناگایەکی چاک دەزانی. بەڵام ئەمڕۆ لە بێداریەکی نەفرەت ئەنگێزاو بە چاوێن کراوەو ترساوەوە، بە بێ ئارامی،

بەبێ ڤیان و بەبێ منداڵ و زوریەت لە خەمی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدایە کە تێی کەوتووە. عوسمان بە خۆی گوت:

- کەله الدرب بوو، بۆ من هەم سەرچاوەی ئارامی و هەم سەرچاوەی لەزەت بوو. بەڵام هەنووکە و لەم ماڵە گەرم وخۆشەدا، بۆم بووە بە دۆزەخ.

هەروەها گوتی:

- ئەگەر هەر یەکەمان بە ڕێی خۆدا ڕۆیشتباین، لەوەبوو پەڕجووی بەختەوەری ڕووی دابا. کوا تەنیاییەکەی جارانی من؟ لە کوێیە؟!

ڕۆژێک کە لە سەر کار گەڕایەوە، بینی چاوانی قەدریە بە جۆرێکی سەیر وکۆمیدی سوور بوونەتەوە. بە ترسەوە گوتی:

- چییە گەڕاویتەوە سەر بادەنۆشی؟

بە ملکەچیەوە سەری دانەواند وگوتی:

- بەڵێ، سوپاس بۆ خودا!

عوسمان ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- ئەم بایە لەم کونەوە بێت، بەم زووانە دەگەڕێیتەوە سەر ئەفیونیش.

قەدریە بە تۆنێکی تەوسامێز گوتی: - شوکر گەڕاومەتەوە..

عوسمان بە توندی پرسی: - ئەدی تەگبیر؟! چارە؟!

قەدریە بە هێمنی گوتی: هەموو شتێک باش دەبێت. دوێشەو خەوم بە دایکمەوە بینی!

- خەریکە بە تەواوەتی لێت نائومێد دەبم.

- زۆر چاک دەکەیت.

عوسمان، سەیری کرد قەدریە، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە دنیای خەیاڵی خۆیدا دەتوێتەوەو بە تەواوەتی دوورە پەرێزی لەم دەکات. تا ڕادەیەک بەمە ئاسوودە بوو. قەدریە خەریک بوو سەربەخۆیی خۆی وەردەگرت و لە دنیای خۆیدا دەژیا وئەویش ( عوسمان ) بۆ تەنیاییەکەی خۆی دەگەڕێتەوە. عوسمان، بە دڵێکی نیگەرانەوە قەراری دا کە ئەمجارە ڕێگە لە داڕوخان و هەرەسی قەدریە نەگرێت. ڕوویکردە خوای خۆی وگوتی:

- خودایا لەم بیر وهزرانەم ببورە، ئەم بیرانەشم وەکو ژیان دڵڕەقن، بەشێکن لە ژیان..

لە کاتێکا خەریک بوو لەو دۆزەخەدا دەسووتا، ڕازیە عەبدولخالق بە سکرتێری ئەو دامەزرا. بەڕێوەبەری خزمەتگوزاران، داوای لێکردبوو، کەسێکی گونجاو بۆ سکرتاریەتی خۆی هەڵبژێرێت.

بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری پێی گوت:

- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە سکرتێرێک بۆ خۆت هەڵبژێریت، بەڵکو بۆت هەیە خزمێکی متمانە پێکراوی خۆت دابنەیت..

ئایا ئەم پیاوە هیچ شتێک دەربارەی ئەسڵ و فەسڵی نازانێت؟

بە درێژایی ساڵانی خزمەتەکەی ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو، کە فەرمانبەران چەند لە تاقیب کردنی نهێنیان وبڵاوکردنەوەی ڕیسواییاندا، بلیمەت وکارامەن، گومان لەوەدا نەبوو، کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی " عەرەبانچیەتی " ئەو لە کەس شاراوە نییە. بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری گوتی: - ئیدی بەخۆت سەرپشک بە.

بەڕێوەبەری خزمەتگوزاران، بەدەم پانکردنەوەوە(ماستاو ساردکردنەوە) گوتی:

- تۆ نموونەی پاکی و نەفس بەرزیت جەنابی بەڕێوەبەر.

بەیانی ڕۆژی دواتر، خۆی بە ژوورەکەیدا کرد وسڵاوی لێکرد وگوتی:

- من " ڕازیە عەبدولخالق "م، من سکرتێری جەنابی بەڕیزتانم، هەڵبەتە ئەگەر ڕازی ببیت.

عوسمان. هەستی بە خۆشحاڵی کرد وگوتی:

- بەخێر هاتی، لە کام بەشەوە هاتوویت؟

- خزمەتگوزاران.

- زۆرچاکە ئاستی خوێندەواریت؟

- بەکالوریۆسی ئاداب بەشی مێژوو..

- زۆرچاکە..

ویستی پرسیاری تەمەنی لێبکات بەڵام ژێوان بووەوە. وای قرساند کە بیست وپێنج ساڵە. کچێکی شووش و بەژن زراڤ و بەرچاوی بوو. قژەی ڕەشەکەی خەرمانەی

دابوو، لە تۆ وایە ئاڕایشگەر زۆر بە سادەیی وجوانی ڕێکی خستبوو، بەم لاو ئەولای ڕوخسارە درێژکۆلە ئەسمەرەکەیدا هاتبووە خوارەوەو جوانییەکی بەرچاوی پێ بەخشی بوو، چاوە چکۆلەو وریاکانی پرشنگی جوانیان لێ دەبووەوە. دوو ددانە گەورەکەی پێشەوەی- کە ڕەنگە بە عەیب بژمێردرێ- جوانیەکی تایبەتی بەدەم و زاری بەخشی بوو. کەوتە ژێر باندۆری جوانیەکەی و لە دڵی خۆیدا گوتی:

- نەفرەتی خودا لە هەڵبژاردنە سەرکەوتووەکەی بەڕێوەبەری خزمەتگوزاران..

هەروەها بەخۆی گوت: - من لەم دۆزەخەدا پێویستم بە چەترێکە..

لە یەکەم نیگاوە، بە ئاسوودەیی وخۆشی وئارەزوویەکی پەنهانەوە دڵی لێی چوو. بە تێپەڕبوونی ڕۆژان زیاتر دڵبەندی بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانی کە ڕازیە بێ داک و بابە و دەگەڵ پورێکی پیر وقەیرەیدا دەژی. خولیا و ئاواتە قووڵەکانی، ئەوی ( عوسمان ) لەبەردەم ویژدانیا ڕیسوا کرد، خەون و ئارەزووەکانی کەشفکرد و لە قاودا، بەڵام لەوە دوورتر بوو- تەنانەت بە بیرکردنەوەش – بیر لە کارێکی گەوجانە بکاتەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: - ئەوەندەم بەسە هەموو بەیانیەک چاوانم بە دیتنی ڕوخساری ئەو زاخاو بدەم.

ئەدەب، میهرەبانی وجوانی نیگاکردنە ناسکەکەی، هێندەی دی عوسمانی کەمەندکێش کرد. بەڵام ئەمەی بەوە لێکدایەوە کە ئەمە ئەرکی هەر سکرتێرێکە بەرانبەر بە بەڕێوەبەرەکەی، وخۆ ئەم ئەرکە، بەرانبەر بە بەڕێوەبەرێک کەلە تەمەنی بابیدا بێ زۆر قورستر دەبێت. بەڵام بۆ ڕازیە چی تێدەچێت ئەگەر عوسمان زیاد لە پێویست بە خۆیەوە مژوول بکات؟ چی تێدەچێت کە ژیانی پڕ لە بۆنی خۆش بکات. عوسمان بەخۆی گوت:

- هەندێجار ژیانی ئەو کەسەی کە ژیانی بە جدی گرتووە، لە گەڵ ژیانی ئەو کەسەدا، کە ژیانی ببە فشقیات گرتووە و دنیای داوەتە بەر کلکان یەکسان دەبێت.

ڕووی کردە خوا وپاڕایەوە: - خودایا من چاوم لە بەخشش و ڕەحمەتی تۆیە.

عوسمان، بە بایەخەوە چاودێری کارەکانی ڕازیەی دەکرد، ئەوە بوو ڕۆژێک لێی پرسی: - کارکردنت لە ئۆفیسەکەی مندا لەبەر گران نییە؟

ڕازیە بە گەرمی بەرسڤی دایەوە: - نەخێر من کارکردنم پێخۆشە، حەزم لە کارکردنە!

- منیش کە یەکەمجار هاتمە ئێرە وابووم، ئێستاش وام. حەزدەکەم مژدەی ئەوەشت بدەمێ کە ئەم جۆرە کارکردنە بە فیڕۆ ناڕوات..

- بەڵام دەڵێن..

قسەکەی ڕازیەی پڕی وگوتی:

- دەزانم چ دەڵێن، نکوڵی لێناکەم، واسیتە... خزم خزمێنە... حیزب حیزبێنە وهەموو ئەو دیاردانە و خراپتر لەو دیاردانەش هەیە. بەڵام توانا و شایستەگی بەهایەکە، کە ناکرێ ڕەچاو نەکرێت، تەنانەت ئەوانەش بە نەهەق پۆستی گەورەیان وەرگرتووە، ناچارن بۆ شاردنەوەی ناشایستەیی خۆیان، پەنا وەبەر ئەوانە بەرن کە بە حەقیقەت شایستە وبە توانان.

لە کاتێکا ژێراوژێر دڵبەندی جوانییەکەی بوو، بزەیەکی کرد وگوتی:

- من ڕێگای خۆم بە پشتیوانی خودای گەورەو کاری خۆم کردەوە.

- ئەم بابەتە لە هەموو شوێنێک باسدەکرێت.

دەبێ چ شتێکی دیکەی لە بارەوە بگوترێ؟!تۆ بڵێی ئەوە بووبێتە بایسی ئەوەی کە داکی زەینەب هیچ جوابێکی بەخێری بۆ نەیەنێتەوە! بەڵام ئەمڕۆ ئیدی ئەو شتانە هیچ بایەخێکیان نییە. بە ڕازیەی گوت:

- حەزدەکەم بە ڕاشکاوی ئەوەت پێی بڵێم کە من بە ڕاستی لە کارەکانت ڕازیم!

ڕازیە، بەدەم بزەیەکی شادییەوە گوتی: - سوپاسی ئەم هاندانەت دەکەم، مەمنوونم، لە گەورەیی خۆتە!

هیچ جەوێک لەوە پاکتر وسافتر نابێ، جەوێکی پاک وپڕ لە ئومید و ئومێدواری، شادییەکی پیرۆز لە دڵ دەچۆڕێ. ئاشق لەم خاڵەوە دەست بەکار دەبێت، ئەوسا دێتە سەر زەوجینی سەرکەوتوو، و دۆستایەتی گیانی بەگیانی. بەوجۆرە ئەگەری ئەوە هەیە سەرگەردانان لە هەندێ هەلومەرج و زرووفدا تووشی شادی ببن. جاوی واش هەیە ئەگەر شوێن گونجاو بێ کات گونجاو نییە یان بە پێچەوانەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە بەختەوەری هەیە، بەڵام ڕێگای گەیشتن هەمیشە هەر هەموار نییە. یەکێک لە گەمەکانی نێوان ئەمە و ئەوەدا، بەخت یان بێهودەیی خۆی نیشاندەدات، بەخت یان نەگبەتی دەور دەبینێت. بەڵام نابێ دەوری هەڵەش لەبیر بکرێت – هەڵە - ؟ کە سیدە و ئەسیلە وئونسیە لە بیربکات.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هەمیشە بەخۆی دەگوت:

- ئەی دڵم وریا بە.

ئیدی بە گوێرەی خوو وعادەت، وای لێهات سەبارەت بە ڕازیە هەم لێی دەترساو هەم خۆشی دەویست. ئیدی خۆی دایە دەم ڕەوتی ڕۆژگارەوە، تا چارەنووسێکی نادیار، ئایندەی دیاری بکات.

**( ٣٥ )**

ڕۆژانی بە دەم کارکردنەوە لە ئیدارەو، تەحەموولی خەم و پەژارە لە ماڵەوەو، تاسە وشەوقی هەڵقوڵای دڵەوە، تێ دەپەڕین. پێدەچوو کە بوون وگەردوون وەستابێت وعەبدوڵلا وەجدی، لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتیدا، وەکو هەرەمە گەورەکە، لەجێی خۆی چەقی بێت. عوسمان بە خەمبارییەوە گوتی:

- تروسکەی تیا بەدی ناکرێ.

ئەمجارەیان پەڕجوو کێوەچوو؟! ئەوا سەری پاک سپی بوو، تاک وتەرا داوی ڕەش لە قژیا ماوە. چاوی کزبوون و پەنای وەبەر چاویلکە بردووە، کۆئەندامی هەرسی وەکو جاران کارناکات، بۆ یەکەمجار لە ژیانیا کەوتە بەکارهێنانی دەرمان، ئەوەندە لە پشت مێزەوە دانیشتبوو وهیچ جۆرە وەرزشێکی نەدەکرد، پشتی کۆمابووەوە. لە دڵی خۆدا دەیگوت: - شوکر بۆ خودا هێشتا بە گوڕم.. بەردەوام وبە شێوەیەکی نا ئاسایی لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆی دەکرد ودەیگوت: - نا، نا، هێشتا باشم!

لەم سەروبەندەدا، کتێبێکی سەبارەت بە یاسای فەرمانبەران دانا بە شەرح وشرۆڤەیەکی تەواوەوە. کتێبەکە لەناو فەرمانبەراندا دەنگدانەوەیەکی باشی پەیدا کرد. هەرچەندە تەمەنی هەڵکشابوو، بەڵام بە گوڕ و تینێکی زۆر باشەوە، لە سەر کار وپاچڤە بەردەوام بوو، چونکە حەزی لە کار وپاچڤە هەبوو و، دەیویست لە مۆتەکەی ژیانی هاوسەری ولە سۆز سۆزداری ئەڤینداری کە خۆی بە جۆرە بێ ئەقڵی و ملهۆرییەکی دەزانی، هەڵێت. لە دڵی خۆیدا گوتی:

- دەبێ دان بەوەدا بنەم، کە تاقە بەختەوەری من لە دنیادا، ئەوەیە کە بەریدی بەیانیانم بۆ دەهێنن تا تەمەشای بکەم!

سڵاو ورۆژباش، گرژینەوە بە ڕووی یەکا، تەعلیقی بەرژەوەندی ئامیز، شۆخیێن پەنهان، ستایش و تاریف کردنی داهێنانی قژەکەی، یان پێڵاوەکانی یان بلوزەکەی.

عوسمان جارێک کە تاریفی تەسریحەکەی دەکرد، ڕازیە گوتی:

- دەمەوێ قژم کورت بکەمەوە..

عوسمان، بە ناڕەزاییەوە گوتی:

- نەکەی، کاری وا نەکەیت.

ڕازیە، کە ئەو ناڕەزاییە گەرمەی عوسمانی بینی، هەڵبەتە ناڕەزاییەک دەربارەی شتێک کە پەیوەندی بە کاروبارە ئیدارییەکەوە نەبوو، بزەیەکی کرد: - بەڵام..

عوسمان قسەکەی پێبڕی:- دەست لە قژت نەدەی با هەر وابێ.

- بەڵام مۆدە..

- من سەر لە مۆد و مۆدبازی دەرناکەم، بەڵام ئاوام حەز لێیە..!

ڕوخساری ڕازییە سوور بووەوە. عوسمان، زۆر بە وردی ڕوانیە ڕازیە، هیچ شوێنەوارێکی ناڕەحەتی لە سیمایدا بەدی نەکرد. ویستی سوود لەو دەرس وپەندانە وەربگرێت کەلە ساتە خۆشەکانی ڕابردوویدا فێریان بووبوو، بۆیە بەیانییەک کە ڕازییە بەریدی بۆ هێنا، عوسمان ئەو هەلەی قۆستەوە وقووتوویەکی بچووک و جوانی پێشکەش کرد، ڕازیە حەپەسا وپرسی: - ئەمە چییە؟

- شتێکی بچووکە بۆ بۆنەیەکی گەورە..

- بەڵام.. چۆنت زانی..؟

- بەشی سەد ساڵ ئەزموونم لە هەگبەدایە..

- بەڕاستی ئەمڕۆ، ڕۆژی لە دایک بوونمە.

- بەڵێ..

- بەڵام..چەند کەسێکی بەڕێز ودڵاوایت.. ئەلهەقی من شایستە نیم..

- ئەلهەقی تۆ ئەوەندەی جوان و کاریگەری ئەوەندە قسەزان نیت..

- سوپاست دەکەم ، منەتباری تۆم.

- منیش خۆشحاڵم.

عوسمان ئاهێکی هەڵکێشا و خۆی جەم وجۆر کرد. ئەوجا بێ هیچ سڵکردنەوەو دوو دڵییەک، بە تەواوەتی ملی بۆ سۆزەکانی دا وبەدەم هەڵچوونێکی ترسناکی سۆزداریەوە گوتی: - چار چییە؟.. ئەشقە ئیدی..

ڕازیە چاوی داخست، ئیعترافەکەی ئەوی بە جۆرە قەدەرێکی شیرین وخۆش وەرگرت.

- هەرچەندە باسکردنی ئەو شتە دروست نییە، بەڵام چار چییە؟

ڕوخسارە ئەسمەرەکەی سوور هەڵگەڕا، بەڵام نەڕۆیی، بە ملکەچی دانیشت، وەک ئەوەی بیەوێ زیاتر بزانێ.

- وەکو دەبینی، من گەنج نیم.

کەمێک بێدەنگ بوو ودەبیرەوە چوو و ئەوجا لە سەری ڕۆیی:

- ئەوجا ژنیشم هەیە..

ئێ، چی دەوێ؟ ڕەنگە نەیەوێ لە کۆتاییدا، بە تاقی تەنیا، بێ ئەشقێکی گەرم وگوڕ، بەبێ زوریەت، ڕووبەڕووی ناکامی گریمانەیی یان مەرگ ببێتەوە! دووبارە گوتی:

- بەڵام چار چییە؟.. ئەشقە ئیدی..

جارێکی دی بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. گوێی بە هیچ نەدەدا. بەدەم سوعبەتێکی دەستکردەوە لە ڕازیەی پرسی:

- بۆچوون و نۆڕینت سەبارەت بەم حاڵەتە چییە؟

ڕازیە بزەیەکی کرد، لەبن لێوانەوە مینگەمینگێکی کرد، عوسمان گوتی:

- ڕەنگە بە خۆپەرستیم تۆمەتبار بکەیت؟

ڕازیە، بە چپەوە گوتی: - نەخێر، تۆ کەسێکی خۆپەرست نیت..

- بە خەڵەفاوم نازانیت؟!

نەرمە پێکەنینێکی ئارامی کرد وگوتی: - بوختان بۆ خۆت مەکە.

- من بە بۆچوونەکەت خۆشحاڵم، بەڵام چارچییە؟

بۆجاری سێیەم بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. دیسان عوسمان گوتی:

- بەڕاستی حەزدەکەم بۆچوونت بزانم؟

ڕازیە، بەجدی گوتی:

- هەڵوێستی من ورد و سەیرە، حەز ناکەم هەستێن مرۆڤانی و دڵسۆزی ڕەچاو نەکەم..

- مەبەستت ژنەکەمە؟

- هەڵبەتە ئەمە مەسەلەیەکە دەبێ بیری لێبکەیتەوە..

- ئەوە بۆمن لێگەڕێ، من لەوە بەرپرسم..

- باشە.

- بەڵام من دەمەوێ ڕاوبۆچوونت دەربارەی شتەکانی دی بزانم..

ڕازیە، تا ڕادەیەکی باش هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵ کرد، گوتی:

- باشە لە ڕێگای گەنگەشەکانمەوە سەبارەت بە مەسەلەکە، هیچت بۆ دەرنەکەوت؟

- من زۆر خۆشحاڵم ڕازیە، ئەم قسەیەت بەو مانایەیە کە تۆ بە ڤیانی من قایلییت؟

ڕازیە بە جورئەتەوە گوتی: - بەڵێ.

عوسمان، لە خۆشی ئەو قسەیە، مەست بوو، بەبێ خەمی گوتی:

- هەرچی دەبێ با ببێت.

ئەوجا بۆ تۆنێکی بەزەیی وروژێنەوە گوتی:

- من، ئیعترافت بۆ دەکەم کە هەرگیز بەختەوەریم بە خۆوە نەبینیوە.

- تەسەور ناکەم.

- ژیانێکی دژوار و ژنێکی خراپم هەیە.

- قەت باوەڕ ناکەم.

- بۆچی؟

- هەمیشە بە پیاوێکی بەردەبارم ( حەکیم ) زانیویت وهەمیشە بەردەبارانم بە بەختەوەر زانیوە.

- چ بیرکردنەوەیەکی سەیرە.

- بەداخەوەم..

- لێ من بە خۆشەویستی تۆ شادم.

دڵنیابوو لەوەی کە گەورەترین دەسکەوتی لە ژیانیا دەسکەوتووەو قەناعەتی هێنا کە خۆشەویستی و ڤیان هێز و توانایەکی دیکەی خودای مەزنە.

کار گەییە ئەوەی لەگەڵ ڕازیەدا بچێت بۆ ماڵیان لە سەیدە زەینەب. ڕازیە عوسمانی بە پورە قەیرە و پیرەکەی ناساند.

عوسمان لە هەوەڵەوە هەستی کرد کە پیرەژن خۆشی پێیا نەچوو وبۆچوونی زۆر ئاشکراو توندە. پووری ڕازیە زۆر توورەو تڕۆ وقسە لە ڕووە. مەسەلەکە لە هەموو ڕوویەکەوە گەنگەشە و تاوتوێ کرا. پیرەژن پێی گوت: - پێش هەموو شتێک دەبێ ژنەکەت تەڵاق بدەیت.

قەبووڵی نەکرد وبە پۆزشەوە گوتی: - نەخۆشە.

پوورەکەی ڕازیە بە توندی گوتی: - تۆ کابرایەکی پیریت و بەقا بە وەفاداری تۆ ناکرێت..

ڕازیە، بە مەبەستی بەرگری ودەربڕینی ناڕەزایی هەڵیدایە وبە عوسمانی گوت: - لە پوورم زویر مەبە.

پوورێ، جارێکی دی هاتەوە قسان ولە عوسمانی پرسی بۆ چی هاتووەو چی دەوێت. عوسمان پێشنیازی کرد ئەم زەماوەندە تا ماوەیەکی کورت بە نهێنی بمێنێتەوە، تا دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ و ڕای بگەیەنێت. پوورێ هاواریکرد:- چی.. چی..

لە ڕاوبۆچوونی ڕازیەی پرسی، بەرسڤی دایەوە کە:

- خۆمان لە سەر ئەمە پێکهاتووین. زۆر بەدڵم نییە، بەڵام ڕەتیشم نەکردووەتەوە.

پوورێ هاواری بەسەریدا کرد: - تۆ ئازادیت، بەڵام من هەموو ئەم کارانە بە هەڵە وبە حەرام دەزانم.

کیژێ بە دەنگی بەرز هاواریکرد: - پوورێ!

پوورێ ڕوویکردە عوسمان و بە تووڕەیی گوتی:

- دەتەوێ لاوازی و هەژاری وپێکەسی ئێمە ئیستغلال بکەی؟

عوسمان بۆ یەکەمجار تووڕە بوو وگوتی:- من بۆ خۆم نموونەی هەژاری و بێکەسیم.

پوورێ، بە هێوری گوتی: - کەواتە، هەریەکەتان، ڕزق و ڕۆزیتان لە شوێنێکی جیاوازە.

ڕازیە بە ڕژدییەوە گوتی: - نا هەر دووکمان لە سەر یەک شوێن پێکهاتووین..

پیرەژن گوتی: - من هیچ دەسەڵاتێکم نییە. ویستی خودا هەرچییەکە، با ئەوە بێ.

زەماوەندەکە، دوای مانگێک لە ماڵی پوورێ بەرپاکرا. ماڵەکە بەجۆرێ ئامادە کراو کەل وپەل و ناو ماڵی بۆ کڕدرا کەبە کەڵکی ژیانی تازە بێت. عوسمان گوتی ژیانی زنجیرەیەک خەون و مۆتەکە بووەو ئەم خەونەی دواییان لە هەر هەموو خەونەکانی دیکەی خۆشتر بووە، تا نزیکەی نیوەشەو لەلای ڕازیە دەمایەوە، ئەوجا بۆ " روضالفرج " دەگەڕایەوە. قەدریە لە حاڵ و هەوای خۆیدا، لێی نەدەپرسی کە لە کوێ بووە؟ وخەریکی چی بووە؟ ئیدی قەراری داتا کاتی ئاشکرا بوونی زەماوەندەکەیان وبۆ ئەوەی ژنە تازەکەی – ڕازیە – لە دایەرە ئیحراج نەبێت، مەسەلەی منداڵ بوون و زوریەت خستنەوە دوا بخات.

لە خۆشیە ڕیسک ئامیزەکەی خۆیا، پیری و وەستانی ئەبەدی خۆی لە هەنبەر پۆستی بەڕێوەبەری گشتی و قەدریە، لە بیرکردو، گوتی ژیان تەنیا بۆ ئەوە دروست بووە کە ببێ بە شانۆی پیشاندانی شتە سەیر و سەمەرەکان لە سایەی عینایەتی خواییدا..

**( ٣٦ )**

بۆ یەکەمجار جل وبەرگی جوانی لەبەر خۆیدا بینی، چاکەت و پانتۆڵی ڕەساسی خوری ئینگلیزی و، پێڵاوی ئینگلیزی. بەڵام کراس وبۆینباخەکەی ڕازیە هەڵیبژاردبوو. بۆ یەکەمجار ڤیتامیناتی بەکار دێنا و، لە هەموو کاتێ زیاتر بایەخی بە سەلامەتی و پاک وخاوێنی خۆی دەدا. بە ڕازیەی گوت:

- گیانەکەم، لەگەڵ تۆدا، ژیانێکی نوێ، بە هەموو مانای وشەی نوێ دەست پێدەکەم..

ڕازیەی ماچکرد ولەسەری ڕۆیی: - دەبین بە خودانی کوڕ و کچ..

لە فکران ڕاچوو و ئەوجا گوتی:

- تەمەن بەدەستی خودایە، بەڵام من لە خانەوادەیەکم هەموویان بەتەمەن بوون، لە خودا دەپاڕێمەوە کە تەمەنمان درێژ بکات.

ڕازیە ماچی کرد وگوتی: - ئایندەیەکی خۆشمان لەبەردەمە.

- دڵی ئیماندار دەلیلیەتی، ئەوندەم ئیمان هەیە کە لە زۆربەی هەڵەکانم مەعاف ببم. بە دڵسۆزی و پاکیەکی ئەوتۆوە خزمەتی دەوڵەتم کردووە کە زۆربەی خراپەکانم بسرێتەوە. هەرکاتێ کاروبارمان جێگیر بوو، دەچمە حەج تا ڕۆح و جەستەم تازە ببنەوە.

لەم بەینەدا قەدریە، ڕۆژبەڕۆژ ڕەوشی خراتر دەبوو، بەڵام ئەم هەرەس و داڕوخانەی قەدریەی پێناخۆش نەبوو، لە قەدریە ڕزگاری دەبوو. هەڵبەتە بەزەیی بە حاڵیا دەهاتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش دەترسا باسی ژنهێنانی دووەمی خۆی بۆ بکات.

عوسمان، ئاگاداری ئەوە بوو کە بەرەو کۆتایی دەورەی خزمەتەکەی دەڕوات وتەمەنیشی بەشی ئەوەی پێوە نەماوە کە ئومێدێکی ڕاستەقینەی پێی هەبێت. بەڵام ڕەوتی خێرای ڕۆژگار، ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی پێ بوو. عەبدوڵلا وەجدی کرا بە یاریدەدەری وەزیری کاروباری دەرەوە، عوسمان لە کوت وپڕێکا و بێ هیچ پێشەکییەک پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بە چۆڵی لەبەردەم خۆیدا بینی. هەر دووچاوی نووقاندن، لە دڵی خۆیدا پاڕایەوە، کە هێور ببێتەوە. ئیدی هەموو شتێکی ئەم دنیایە – ژنە تازەکەی ، ئاوات وئارەزووەکانی.. خۆشییەکانی– لەبەردەم پۆستە خاڵیەکەدا، بوون بە هیچ. بوون بە پەشمەک و توانەوە. خەون وخولیا سەرکوتکراوەکەی تەقییەوەو بووەوە بە عابیدە کۆنەکەی میحرابی بەرزبوونەوەی پیرۆز.

ڕازیە پێی گوت: - هەمووان باسی ئەوە دەکەن کە تۆ تاقە کاندیدی ئەم پۆستەیت..

بە خاکەڕاییەوە گوتی: - خودا، ئاواتەکانمان بێنێتەدی.

بە میهرەبانی ومنەتبارییەوە گوتی:

- ئەم ژیانە سەیرە، هەندێجار لە ساتێکا، ئەو خەم و پەژارانەی کە ئۆقیانووس ناتوانێ بیشواتەوە، ڕادەماڵێت و پاک دەکاتەوە. ژیان، هەرچەندە هەندێجار، بە دڵ ڕەقی مامەڵە و بەرخوردمان دەگەڵدا دەکات، بەڵام دایکێکی دڵسۆزە..

یەکسەر بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕۆیی تا پیرۆزبایی لە عەبدوڵڵا وەجدی بکات. وەجدی بە گەرمی پێشوازی لێکرد وبە ڕووخۆشییەوە گوتی:

- عوسمان، من دووجار خۆشحاڵ بووم، یەکێکیان لەبەر ئەوەی بووم بەیاریدەدەری وەزیری دەرەوە و ئەویتریان لەبەر ئەوەی کە دڵنیام کە تۆ دەچیتە شوێنەکەی من.

عوسمان، بەوپەڕی خۆشی و ئومێدوارییەوە لە وەزارەتی دەرەوە وەدەرکەوت. لە دڵی خۆیدا پرسی ئایا یەکەمجار بۆ پۆستەکە کاندید دەکرێ تا بەرزکردنەوەی بۆ دەکرێ، یان هەر لە جێگاکەی خۆی دەهێڵرێتەوە تا بەرزکردنەوەکەی دێتەوە؟ ئیدی ڕۆژبەڕۆژ بەدەم چاوەڕوانییەوە عەزابی دەکێشا. بەڵێ هەرچەندە وەزیر قەدری دەزانی وجێگری وەزیریش بە یەکەم پشت و پشتیوانی دەژمێردرا. کە سەبری سوا، چوو بۆ دیدەنی بەهجەت نوور، یاریدەدەری وەزیر، نوور بە گەرمی پێشوازی کرد وگوتی:

- من دڵت دەخوێنمەوە، دەڵێی لە دڵتام..

عوسمان بە پەشۆکاوییەوە بزەیەکی کرد، نەیدەزانی چ بڵێت، یاریدەدەر گوتی: - بەڵام تۆ دڵی من ناخوێنیتەوە!

بەدەم تێفکرینەوە گوتی: - من لە هەر سەرکەوتنێکی ژیانی خۆما قەرزارباری تۆم..

یاریدەدەری وەزیر بزەیەکی کرد وگوتی:

- تۆ پێویستە کەمێک سەبرت هەبێت، ئیشەڵڵا بەو زووانە هەواڵی خۆش دەژنەویت.

بە خۆشحاڵی ومنەتباری ژوورەکەی بەجێهێشت، بەڵام لە دڵی خۆیدا پرسی: بۆچی داوام لێدەکات سەبر بکەم؟ لە دڵی خۆیدا گوتی، هاماجەکە خێری پێوەدیارە، بەڵام هەست بە ئاسوودەیی تەواو ناکات. سەبری کرد، بەڵام عەزابی زیاتر بوو. دوای هەفتەیەک چاوەڕوانی یاریدەدەری وەزیر جارێکی دی بانگی کرد بۆ ئۆفیسەکەی خۆی، نیگایەکی ساردوسڕی بە چاوانیی کابراوە بینی، دڵی بە توندی کەوتە لێدان. بەهجەت نوور گوتی: - ڕەنگە لە دوا کەوتنی بەرزکردنەوەکەت بپرسیت؟!

- وایە قوربان.

- چاکە، تۆ بۆچوونی من لەمەڕ خۆت دەزانی، با ئەوەشت پێ بڵێم کە وەزیریش هەمان ڕای منی دەربارەت هەیە..

- لوتفتان هەیە.

یاریدەدەر بێدەنگ بوو. نیگایەکی دوور ودرێژی یەکیان کرد.

حەزرەتی بەڕێز پرسی: - لەم قسانە چی حاڵی بوویت؟

بە ئارامی بەرسڤی دایەوە:

- لە سەرەوە ناڕەزایی هەیە!

- با ڕێک و ڕەوان پێتبڵێم کە جۆرە ململانێیەک هەیە..

- ئەی ئەنجام قوربان؟

- بە ئەقڵی من وەزیرەکەمان نەرم نابێت..

بە گەروویەکی وشکەوە گوتی: بەمەزەندەی جەنابت ڕێژەی ئومێد چەندە؟

- زۆرزۆرە، پشت بە خوا ببەستە. خەڵکی ئیمانداری وەکو تۆ لە پشتیوانی خودا نائومێد نابن..

ئیمان ومتمانەی بە خودا زۆر بتەوە، لە ڕادەبەدەرە، بەڵام دەوری شەیتان لەم ئیدارەیەدا زۆر کۆنە. دەبێ هەمیشە بە سەر پردێکی بزماراندا بپەڕیتەوە. ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- دەرفەتێکی زۆر کەم بە دەستەوە ماوە.

ڕازیە گوتی: - خەفەت مەخۆ، پۆست هەموو شتێکی ئەم دنیایە نییە.

بەڵام خەمسەراپای داگرت، ئەم خەمە لە ناخی ناخیا بنی نایەوە. بە ئەندازەی دە ساڵ پیرتر بوو، ئاواتەکانی دنیای بوون بە خۆڵەمێش. ڕازیە پێشنیازی کرد کە ڕۆژی پشوو لە " القناطر " بەسەر بەرن.

عوسمان پێشنیازە خۆشەکەی پەسند کرد، جڵەوی سەفەرو سەیرانی نێو گوڵگەشتەکانی دایە دەست ئەو. ڕازیە تاقە بزەی شادیی ژیانی بوو. ڕازیە بە پێکەنینەوە گوتی:

- پەندێکی کۆن هەیە کە دەڵێت لە باوەشی سروشتدا خەمەکانمان فەرامۆش دەکەین.

ڕازیە، چوارمشقی لە سەر گیایەکان دانیشت، حەواس ورۆحی بە ئاو وسەوزی وئاسمانی نەخشین بە پەڵە هەورێن پەراگەندە سپارد. عوسمان بەخۆشی ودڵبەندییەوە تەمەشای ئەوی دەکرد.ڕازیە بە ئاو وتاو باسی ئەفسوونی سروشت و تەبیعەتی بۆدەکرد، ئەویش ( عوسمان ) بە مجامەلەوە سەری بۆ دەلەقاند، عوسمان چاوی بە دیمەن و ئاسۆکاندا دەگێراو، دیمەنانێکی دەبینی کە پێشتر هیچ سەرنجیان ڕانەکێشابوو وهەستی بەهیچ ئەفسوونێکیان نەکردبوو.

بەڵێ، ئەو هەمیشە بە ناخی خۆیەوە خجڵ بوو، لە چوارچێوەی بیر وخولیاێن تەسک و سنووردار دەر نەدەچوو، بە خوداوەند و گەورەیی دنیایی پیرۆزی خواوەند وکێشماکێشی نێوان خێر و شەڕ و گەندەڵییەوە مژوول بوو، جگە لەو شتانە هیچی دی لەم دنیایەدا نەدەبینی.

- تۆ بێگومان تەبیعەتت خۆشدەوێ.

- من تۆم خۆشدەوێ..

- تەمەشای ئاشقان بکە!

- چەند زۆرن!

ڕازیە، دەستی خستە سەر دەستی عوسمان وگوتی:

- با خەمەکانمان لەم هەوا خۆشەدا لەبیر بکەین.

- با فەرامۆشی بکەین! لە جیاتی جارێ هەزار جار!

- بەڵام تۆ بەڕاستی خەمباریت.

ئاهێکی هەڵکێشا وهیچی نەگوت. ڕازیە گوتی:

- تۆ فەرمانبەرێکی گەورەیت، فەرمانبەری پلە یەک، زۆر کەسی دی هەن، زۆر لە خوار پلەکەی تۆوەن و دڵیشیان بە کارەکەی خۆیان خۆشە.

لەزگ بوو بە ڕازیە بڵێت کە ئیمانی ڕاستەقینە، دژی بەختەوەری بێهودە و بچووکە، بەڵام جڵەوی خۆی گرت، ئەوجا گوتی:

- من وەکو فەرمانبەرانی دیکە نیم، ئەو ڕێگرییەی لەنێوان من و ئەو وەزیفە و پۆستەدا کە هەقی خۆمە، کارێکی نامەردانەیە، تەعەدایە و دژمنکارییەکی ئاشکرای سیستەمی ئەخلاقی دەوڵەتە.

- باشە ئەم گرینگی دانە بە پلەوپۆست زۆر زیاد نییە؟

- پلەو پۆست بەردی بناغەی دەوڵەتەو، دەوڵەت هەناسەیەکە لە ڕۆحی خودا کە لە رووی زەمیندا بەرجەستە بووە!

ڕازیە بە سەرسامی تەمەشایەکی کرد، عوسمان یەکسەر زانی کە ژنەکەی ئاگای لە ئەندازەی ئیمان و ناوەڕۆکی ئیمانی ئەو نییە.

ڕازیە گوتی:

- ئەوەی تۆ دەیڵێیت بۆ من تازەیە، بەڵام من زۆرجار بیستوومە دەڵێن رۆحی میللەت لە ڕۆحی خودایە!

عوسمان بە پەستیەوە بزەیەکی بۆ کرد وگوتی:

- باسی ململانێ وکێشماکێشی سیاسی بۆ من مەکە..

- بەلام ژیانی ڕاستەقینە ئەمەیە..

- ئەمە تەنیا ژاوە ژاوێکی بێهودە وبەتاڵە..

- دنیای دەور وبەرمان..

بە پەستی قسەکەی بە ڕازیە بڕی:

- دنیای ڕاستەقینە لە کانگای دڵدایە.

کاتێ، وای وێنا کرد کە ڕەنگە ڕازیەش وەکو هەندێک لە گەوجان بە شێتی بزانێ، جڵەوی خۆی گرت، بۆ خۆ دزینەوە لەو جۆرە بۆچوونە، بە ئومێدێکی تازەوە گوتی:

- با ئەو جۆرە ناکۆکیانە وەلاوە بنەین..

ڕازیە، بە ملکەچیەوە بزەیەکی شیرینی کرد. عوسمان لە سەری ڕۆیی:

- کاتی ئەوە هاتووە، هەڤژینییەکەمان ئاشکرا بکەین..

ڕوخساری ڕازیە سوور هەڵگەڕا وگوتی: - یانی کۆسپەکان تەخت بوون؟

- پێویستە ئازایانە ڕووبەڕووی ژیان ببینەوە، تا شایستەی بەختەوەری خۆمان بین..

- جوانە، زۆرم پێخۆشە کە ئەو قسەیە دەژنەوم..

- حەقیقەت بە ژنەکەم دەڵێم..

عوسمان بزەیەکی کرد، ڕوخسارە خەمناکەکەی گەشایەوەو گوتی:

- هێزێکی پیرۆز بۆ تازە کردنەوەی ژیان و خستنەوەی زوریەتێکی ساڵح هانمدەدات.

**( ٣٧ )**

نیاز و نیەتی پاکی خۆی بۆ پوورێ دووبارە کردەوە. پیرەژن پێی گوت:

- بۆ یەکەمجار وەکو " مرۆڤ " و " کەسێکی بە ئاوەز " دێیتە بەرچاوم..

عوسمان پێکەنی. ڕازیەش لە پێکەنینا غەرق بوو، عوسمان گوتی:

- پوورێ گیان، ژیانی مە بەبێ تۆ نە خێری تیایە و نە مانای هەیە..

پیرەژن، لە ڕووی ڕەزامەندییەوە بزەیەکی کرد، عوسمان گوتی:

- ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشمان لە القناطر قەتاند و ئێستا دەبێ بڕۆم..

پوورێ لێی پرسی:

- ئەمشەو هەواڵەکە بە ژنەکەت دەدەیت؟

عوسمان بەدەم هەستانەوە گوتی:

- کاری خێر بەپەلە.

هەنگاوێکی نا، لێ وەستا، رەنگی ڕوخساری گۆڕا، ڕازیە لێی پرسی:

- چیتە؟

عوسمان، ئاماژەی بۆ سینگی خۆی کرد، بەڵام تاقە وشەیەکی لە زار نەترازا..

- هەست بە ماندوویەتی دەکەیت؟ دانیشە..

عوسمان ئاماژەی بۆ سینگی کرد و لە بن لێوانەوە گوتی: - ئازارێکی تووند لێرەمدایە..

ڕازیە، تەکانی دا کە فریای بکەوێت، بەڵام عوسمان کەوتە سەر کورسییەکەی وبورایەوە. وەختایەک وەخۆهاتەوە، سەیری کرد لە سەر جێگایەک ڕاکشاوە، تەنیا پێڵاوەکانی و بوینباخەکەی ملی داکەندرابوون، کەسێکی غەریب ونامۆی لە ژوورەکەدا بەدی کرد، یەکسەر– وێرای بێتاقەتیەکەی – زانی ئەمە پزیشکە. خەم و پەژارەی بە ڕوخساری ڕازیەوە بینی، خەم تەنانەت لە ڕوخساری پورێش نیشتبوو.

پزیشکەکە ڕوانییە چاوەکانی وگوتی: - حاڵت چۆنە؟

عوسمان لەوی پرسی: - چی بووە؟

- شتێکی لە ناکاو بوو، بەڵام مەترسی نییە.

- بەڵام..

- بەڵام دەبێ ماوەیەکی، تا ڕادەیەک زۆر، ئیسراحەت بکەیت.

عوسمان بە نیگەرانییەوە گوتی: - هەستدەکەم حاڵم تەواو ئاساییە و دەتوانم هەستم..

پزیشکەکە لێبڕاوانە گوتی:

- بەڵام دڵنیا بە کە مەسەلەکە گاڵتە نییە، بە زمانی نوژداری مەترسی نییە، بەڵام ئەگەر بە گوێم نەکەی کێشەی دیکەی لێدەکەوێتەوە، دەبێ ئیسراحەتی تەواو بکەیت، بە لای کەمەوە یەک مانگ ئیسراحەتت دەوێ.

عوسمان بەدەنگی بەرز گوتی:- یەک مانگ؟!

- دەبێ زۆر بە وردی پابەندی بە کارهێنانی ئەو دەرمان وخواردنانەش بی کە بۆم نووسیویت، لەم بارەیەوە هیچ چەند وچوونێکم لەگەڵ نەکەی. سبەینێ سەرت لێدەدەمەوە..

پزیشکەکە، کەرەستە وتفاقەکانی لە جانتا چکۆلەکەی ناوبەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی: - قسەکانم بکە گوارە ولە گوێی بکە..

پزیشکەکە، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، عوسمان لە دواوە بە توورەیی و نائومێدی سەیری دەکرد. ڕازیە لێی چووە پێشەوە، بە تەختە خەوەکەیەوە چەسپی، بەدەم بزەیەکی هاندان ئامێزەوە تەمەشایەکی کرد وگوتی: - کەمێک دان بەخۆتا بگرە، چەند ڕۆژێکە و هەموو شتێک بە سەلامەتی دەبوورێت..

نیگەرانی لە چاوانی عوسماندا شەپۆلی دەدا، ڕازیە، بە میهرەبانی سەری قامکەکانی بە هەنیەی عوسماندا ماڵی وگوتی:

- مێشکی خۆت مژوول مەکە وهیچ خەمێکت نەبێت..

- بەڵام کاری زۆرم بە سەردا کەوتووە..

- من ئەو کارانەی کەلە وەزارەتخانە پێویست بن، ئەنجامیان دەدەم.

- چۆن؟

- ئیدی حەقیقەت نابێ بشاردرێتەوە، ئەو کارەش هیچ عەیبێکی تیا نییە..

- هەڵوێستێکی سەیرە! هەڵوێستێکی ناخۆشە!

- هەڵبەتە دەبێ خەبەر بە ژنەکەشت بدەیت!

- نۆبەتی ئەو قەوانەیە، هەر لەمەم کەم بوو.

- بەهەر نرخێ بووە دەبێ ڕوو بەڕووی حەقیقەت ببینەوە..

پوورێ گوتی: - تۆ ئیسراحەت بکە.

ئەوە دروستە، دەبێت بەرگری بکات. ویستی ژیان لەودا هەر نائومێدی ورادەستبوونێک ڕەفز دەکات. چ دەبێت با ببێت. شتەکە لە دوا ئەنجامدا لە جۆرە گەمەیەک دەچێت.

چاوەکانی نوقاند، جڵەوی بویەرەکانی شل کرد کە لە دەرەوەو دوور لەو، هەرچەندە ئەو تەوەری ڕووداوەکان بوو، بە گژ یەکدا بچن. هاوکارەکانی دایەرەی بلەز بۆ سەردانی هاتن، بەڵام چونکە سەردان و عیادەتی قەدەغە بوو، یەک دنیا کارتی هاوسۆزی و هاوخەمی بەسەردا داباری. دوعای خێری خوێند. سەعفان بەسیونی وحەمزە سویفی وەیاد هاتنەوەو کۆمەڵێک بیرەوەری ناخۆشی وەبیر هاتەوە، لە دڵی خۆیدا پرسی: دەبێ حاڵی حەمزە سویفی چۆن بێت؟ ئاخۆ هێشتا ماوە؟ بێگومان فەرمانبەرانێکی تازە ئەمڕۆ دەستبەکار دەبن کە ئەم ناناسن و لەگینە فریای ناسینی ئەم نەکەون، وێڕای هەموو ئەمەش هەوران بە ئاسماندا دەجووڵێن و لە پشت ئاسۆوە ئاوا دەبن، تەنیا ئێستا مانای پەنهانی جووڵەی هەتاویبۆ دەرکەوت.

بۆ تاوێک چاوانی داخست، ئەوجا کردنیەوە، سەیری کرد قەدریە لە نزیکیەوەو لە سووچێکی تەختە خەوەکەدا ڕۆنێشتووەو تەمەشای دەکات. لە چاوەکانیا حیرەت

وحەپەسانێکی نەرم وتاریکی ئەوتۆی خوێندەوە کە گوێی بە هیچ نەدەدا، ڕێک وەکو مانگێک تەنکە هەورێک دەوری دابێ و خەرمانەی دابێت. یەکسەر هەستی کرد قەدریە ڕەنگی مردووی لێ نیشتووەو باکی پێی نییە وهیچ ترسێکی نییە.

وادیار بوو – وێڕای ئەوەش – پابەندی ئامۆژگارییەکانی دکتۆرە، قەدریە لە عوسمانی پرسی: - حاڵت چۆنە؟

به پەشۆکاویەوە بزەیەکی کرد وبە منەتبارییەوە گوتی:

- باشم، سوپاست دەکەم!

بە گلەییەوە، کە بۆ ئەوی لە هیچ ئاگادار نەکردبووەوە گوتی:

- پێیان گوتم، کە گواستنەوەت بۆ ماڵە " ئەسڵیەکەت " باش نییە، حەزم دەکرد، شەونخونیت بەدیارەوە بکەم و ئاگام لێت بێت!

- سوپاست دەکەم قەدریە، چاکەی تۆم لەبەرچاوە.

- ئیسراحەت بکە، خودا شفای بەخێرت بدات.

بە حیکمەت و ویقارێکی بێ پێشینەوە سەری لەقاند و لەسەری ڕۆیی:

- نەهەقت ناگرم، من هەموو شتێک تێدەگەم، تۆ حەزت لە منداڵە و هەقی خۆتە. خودا بەدڵی خۆتت لەگەڵ بکات، ئاواتەکانت بێنێتەدی.

- قەدریە، تۆ میهرەبانی، تۆ مرۆڤیت..

قەدریە بێدەنگ بوو، ئەوجا لە حیرەت و حەپەسانێکی بۆندار بە بۆنی بەهەشت، نقووم بوو.

عوسمان کەبینی ڕازەکەی کەشف بوو و بە سەلامەتی لە ئەگەری تەقینەوە دژوارەکان دەرباز بوو، هەستی بە ئاسوودەییەکی قووڵ کرد. بەڵام لە ئالییەکی دیکەوە، هەستی بە مانای نەخۆشییەکەی خۆی، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، کرد.

- چ ئومیدێک بۆ پۆستەکە دەمینێ؟

بەڵێ.. بەڵێ..

- هیچ ئومێدێک بۆ منداڵ خستنەوە دەمێنێ؟

بە ڕازیەی گوت: - کەم و زۆر هەست بە ماندوویەتی ناکەم..

- پزیشکەکە ئەوەی پێ خۆش نییە..

- مانای ڕاستەقینەی نامەردی و غەدرم بۆ دەرکەوت!

- هەورێکە بلەز دەڕوا و ون دەبێت..

- بەڕاستی من خەمی تۆمە زۆر بە داخەوەم..

- من؟! .. من تەنیا سەلامەتی و بەختەوەری تۆم دەوێت.

بە میهرەبانی و سۆزەوە تەمەشای ڕازیەی کرد وگوتی:

- هیچ ئامانێک لەم دنیایەدا نییە..

ڕازیە بەجۆرێ سەری لەبەرخۆنا، کە عوسمان هەستیکرد دەیەوێ ڕوندکەکەی وەشێرێت. بۆیە گوتی:

- من مەمنوون ومنەتباری تۆم، تۆ ڕوناکیت لەم دنیایەدا کەبە بێ لۆژیک و بوونی ڕاستەقینە دەڕوات.

- لەبەر خاتری خۆت و من، دڵ خۆشی خۆت بە بیرێن خۆش بدەوە..

ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: - قەدریە بە سەلامەتی ڕۆیی؟

- بەڵێ.

- هەستم کرد، دەنگەدەنگ و بۆڵەبۆڵێکی لێوەهات، ئەوەچ بوو؟

- هیچ نەبوو، ژنێکی داماوە..

- بەڵێ هەڵەی مرۆڤ تەواو نابێت، هەڵەی مرۆڤ بە ئەندازەی هەناسەکانیەتی.

- تۆ دەبێ ئیسراحەتی تەواو بکەیت.

نیگایەکی میهرەبانی ڕازیەی کرد ولێی پرسی:

- ئاخۆ قەدەر مەودا دەدات یەکێک لە ئاواتەکانمان بێنینەدی؟

- بە ئومێدی خودا..

لە کاتێکا بە خەمینیەوە دەیڕاونیە ڕازیە، گوتی:

- لە ساتێکی نائومێدیدا، پۆست وپلەکەم، تووردا و هەموو ئومێدێکم هاتە سەر خولیایەک، ئەویش خەون وخولیای منداڵ بوونە..

- زۆرچاکە، خەمت نەبێ، ئەو ئاواتەمان دێتەدی..

- سوپاست دەکەم گیانەکەم..

- ئارامی خۆت بپارێزە تا خۆشبەختیەکەمان دێتەدی..

- بەڵام من سەرم لە گوم بوونی ئاواتێک دەسوڕمێ کە تەبیعەتێکی نەمری هەیە؟ .. گوم بوونی ئەو ئاواتە ئەوە دەگەیەنێ کە فەنای دنیا لەگینە و لەوەیە زۆر بە ئاسانیش ڕووبدات..

- هیچ کاتێکی دیکەت بۆ فەلسەفەڕێسی و فەلسەفاندن نەدۆزییەوە ئێستا نەبێت؟

- باشە..

- تا نەخەوتوویت هیچت ناوێت؟

بەدەم بزەیەکەوە بەرسڤی دایەوە:

- حەزدەکەم حیکمەتی ژیان بزانم..

**( ٣٨ )**

ئەنجام پێشوازی لە میوانەکانی کرد. ئیدی هاوکاران، ژێر دەستان، پۆستەبەران و خزمەتگوزاران هەموو هاتنە دیدەنی و سەردانی. ئیدی دیدار وکۆبوونەوەکان لە ژووری نووستندا دەکران و درێژەیان کێشا و مژدەی شیفای تەواویان پێوەبوو. ئیدی قسە دەربارەی سەلامەتی و نەخۆشی و، پەڕجووی شیفا و، ڕەحمەتی خوداو، کارامەیی دکتۆران، دەنگ وباسی وەزارەت و ئیدارە و، ئەو کارتەی وەزیر ناردبووی و ئەو کارتەی دیکەش کە یاریدەدەری وەزیر ناربووی، دەکرا.

- بۆچی یاریدەدەری وەزیر بەخۆی نەهاتووە؟

- ئەوەندەی کار بەسەردا کەوتووە ناپەرژێ سەری خۆی بخورێنێت، بەڵام ئەمە بیانوو نییە..

-باشە، ئەوە کەی گرینگە؟

زۆری نەبرد کەوتنە قسە وباسێن گشتی، دوا ئاهەنگەکەی ڕادیۆ، بەهاو نرخی شت، کێشماکێشی نەوەکان و... هتد.

بە گوێرەی توانا بەشداری لە قسە وباسەکاندا کردو بە جدیەتێکی پترەوە پەیگیری قسە وباسەکانی کرد، کاتێکی بەخۆ زانی ئەوان مژوولی باسێن سیاسی بوون! جارێکی دی گوێی بە مشت ومڕێن سیاسی وزاراوە ئاهەنگدارەکانی سیاسەت زرینگایەوە: ئازادی، دیموکراسی.. میللەت.. جەماوەری چەوساوە.. ڕێبازە شۆڕشگێرییەکان.. پێشبینیانی بنجبڕ سەبارەت بە شۆڕشەکانی سبەی.. لە دڵی خۆیدا گوتی: تاک، لەژێر باری ئاواتەکانی خۆیدا دەناڵێنێ، ئایا ئەوەندەی بەس نییە؟! بەڵام ئەوان باوەڕیان وایە کە ئاواتەکانی تاک، بەندە بە خەون وخولیا شۆڕشگێرییەکانیانەوە! باشە.. چ شۆڕشێک شیفا وسەلامەتی وخستنەوەی زوریەت و ویستی خوداوەندی لە دەوڵەتی پیرۆزدا، بۆ دابین دەکات ودێنێتەدی؟! بەڵام ئەو، ئەم بیرانەی بۆ میوانەکان ئاشکرا نەکرد وگرێی دڵی بۆ شتاقیان نەکردەوە، ئەمانە مێگەل و پەزی سەرگەردانن لە لەوەڕگەێن بەدبەختی وکوێرەوەریدا، لەبێ دەسەڵاتی و بێ توانایی خۆیاندا هیوا و ئاواتەکانیان بە خەونانەوە دەبەستن، لەبەر نەزانی و ئیمان کزی خۆیان غافڵن لەوەی کە تەنیایی عیبادەتە.

هەستی بە گەرمای شیفای بلەزکرد. هەستی کرد بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات، حەزیدەکرد، تواناى خۆی بجەڕبێنێ. کە بینی ژوورەکە چۆڵە، دەرفەتی هێنا و بە ئەسپایی بەرەو قەراخی تەختە خەوەکە داخزی، بە پارێزەوە لاقەکانی شۆڕ کردنەوە تا پێیەکانی گەیینە سەر ئەرزەکە. لەبن لێوانەوە گوتی: - بە تەمای خودا..

خۆی بە قەرەوێڵەکەوە گرت وهەستایە سەر پێیان، متمانەی بەخۆی پەیدا کرد، بە پارێزەوە، وەکو منداڵێک کە بۆ یەکەمجار بە پشتیوانی خۆی بڕوات، بەو ئاوایە هەنگاوی هەڵێنا. لاقەکانی بەهۆی لاوازیان وچونکە ماوەیەکی زۆر بوو لە جێگادا کەوتبوو، بە زەحمەت هەڵیاندەگرت. چووە پێشێ تا گەییە دەرگا داخراوەکە. دەرگاکەی وەکردو بەرەو ژووری دانیشتن ڕۆیی، دەیویست هەمووان غافڵگیر وشاد بکات. کەلە ژوورەکە نزیک بووەوە دەنگێکی هاتە گوێ. پوورێ و ڕازیە لە گفت وگۆیەکی تووندا بوون. ڕازیە بە تووندی پرسی:- کێ؟.. کێ؟..

دەنگی پوورێی، بە نزمی ونائاسایی هاتە گوێ:

- تۆخۆت غەدرت لە خۆت کرد، چەند جارم پێ گوتیت.

- فایدەی چییە؟

- ئاخر ئەمە ئاكامی تەماع و بەد ڕەفتارییە!

- هاوار بکە تا گوێی لێ بێت!

بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان.

حایر وحەپەساو بۆسەر جێگاکەی زڤڕییەوە.

- باسی چی دەکەن؟.. غەدری چی؟.. کام تەماع.. چ بەد ڕەفتارییەک؟!

چاوەکانی نوقاندن ولێوی گەست:

- خودایا، ئەمە یانی چی؟ ئایا دەشێت؟

- بۆنا؟ هەرجارێ حەزی کردبێت ئەم گەمەیە بکات، ناکام بووە. لە نائومێدیدا بە تەواوەتی ئاگای لە خۆ پراوەو خۆی لە بیرکردووە.

- کە کەر وکەودەنم!

نەخۆشیەکەی بۆ هاتەوە. تووشی قەیرانێکی تازە بوو. ڕۆژگار بوورین، ئیدی دەستی مەرگ و ژیان دەیانهێنا و دەیانبرد. پێدەچوو وێرای هەموو شتێک، خۆی بە ژیانەوە هەڵبواسێت. هەرچەندە بەخۆی دەگوت: - جەنگێکی دوور و درێژ و دۆڕاوە!

- ئیدی مەشیەتی خودا هەرچییەک بێ، با ببێ..

پێیان گوت، قۆناغی مەترسی پڕیوە، لە خەتەر خەلەسیوە، بەڵام لە هەوەڵەوە ئەوەی لەلا خۆیا بوو، کەلە جێگا کەوتنەکەی درێژە دەکێشێت. ڕازی دڵی خۆی بەکەس نەگوت. بە چاوانی نوقاوەوە پێشوازی ڕازیەی دەکرد. نە ڕقی لە ڕازیە هەڵگرت و نە لێی پەست وتووڕە بوو. بەخۆی گوت:

- مافی ئەوەم نییە ڕقم لێبێت، مەگەر ڕقم لە خۆمیش بێ..

هەروەها گوتی:

- ئەگەر ڕۆژێک بۆم ڕەخسا کە منداڵم لێی ببێت، یەک دەم لێی ناوەستم، تا گەمەکە ڕووی سپی و ڕەشی خۆی بنوێنێت..

هەناسەیەکی هەڵکێشا وگوتی:

- کە پیاوێکی کەودەنم! ئیدی ئەوەیە ئاقیبەتی خراپ..

تووڕە نەبوو، بەڵام متمانەی بەم ماڵ و مەکانە نەما.

***

دەمەو ئێوارەیەک ڕازیە بە ڕوخسارێکی خۆش وشادەوە وەژوورکەوت وگوتی: - یاریدەدەری وەزیر هاتووە بۆ سەردانت.

بەهجەت نوور. بە ویقارە تایبەتیەکەی خۆیەوە وەژوورکەوت، تەوقەی لە گەڵیدا کرد، ئەوجا ڕۆنیشت وگوتی: - وەخۆ بکەوە..

عوسمان، کە کەسیرە بووبوو، گوتی:

- زەحمەتت کێشاوە قوربان..

- تۆ شایستەی ڕێزیت و چاکە و پیاوەتی تۆ لەبیر ناکرێن.

چاوانی، تەژی منەتباری بوون، یاریدەدەر گوتی:

- شوێنت چۆڵە وجگە لە تۆ بە کەسی دی پڕ ناکرێتەوە..

- ئەمە لوتفی خۆتە، نیشانەی خۆشەویستی ودڵسۆزی خۆتە دەنا..

- بەو زووانە چاک دەبیتەوەو دەگەڕێیتەوە بۆلامان و لە چاوەڕوانیتا دەمانبینی. خەبەرێکی خۆشم لە گەڵ خۆدا بۆ هێناویت..

یاریدەدەری وەزیر بزەیەکی کرد، عوسمان بە شەکەتی و حەپەساوی تەمەشای دەکرد، ئەوجا یاریدەدەر گوتی:

- ئەمڕۆ ئەمری بەرز کردنەوەکەت بۆ پۆستی بەڕێوەبەری گشتی دەرچوو..

بە واقی وڕەوە تەمەشای دەکرد، ئەوجا پێی گوت:

- ئاخری حەق و عەدالەت سەرکەوت، هەرچەندە بە درەنگەوە..

عوسمان بە ئەسپایی گوتی:

- ئەمەش لە سایەی لوتف و بەرەکەتی ئێوەوەیە.

- ببورە، جەنابی وەزیر، سڵاو وڕێزی بۆتان هەبوو، پیرۆزبایی لێدەکردیت وهیوای شیفای عاجیلی بۆ دەخواستیت.

- زۆر سوپاسی جەنابیان دەکەم ودوعای خێری بۆ دەکەم..

کابرا ڕۆیی، بەهەشتێکی پڕ لە هەستی شادمانی لە دوویخۆی بەجێهێشت. دەتگوت پەیامهێنی ڕەحمەتە ولە دنیای غەیبەوە هاتووە. بە چاوانی نوقاوەوە، پیرۆزبایی ڕازیە و پوورەکەی وەرگرت.

دیسانەوە هەستی بێ متمانەیی بە شوێنەکە دایگرتەوە، گوێی لە ڕازیە بوو کە دەیگوت:

- چەند خۆشحاڵم..

بەکاوەخۆ، لەزەتی لە سەرکەوتنەکەی دەبینی. ئێستا جەنابی ڕێزدارە، خۆدانی ژوورە شینەکەیە، سەرچاوەو مەرجەعی دەستوورات وفەرمانانی ئیداری وکارگێڕییە، ئیلهامبەخشی ڕێنوێنی ورێنماییە ئاقڵانەکانە بۆ ئیدارەی حەکیمانە و ڕایی کردنی بەرژەوەندی جەماوەری خەڵکی. ئێستا بە یەکێک لەو بەندانەی خودا دادەنرێ کە دەتوانێ ئەمر بە چاکە ونەهی لە خراپە بکات. بەخۆی گوت:

- خودایا، ئەو ڕۆژە ئۆخەی لە نیعمەتی تۆ دەکەم و دڵم سوکنایی دێ، کە توانای ئەوەم بدەیتێ بە کردەوە کار بۆ بەرزکردنەوەی پایە و پێگە و شان و شەوکەتی تۆ لەسەر زەوی بکەم!

بەڵام پزیشکەکە پێی گوت:

- ئەوەی بەلای منەوە گرینگە سەلامەتی تۆیە نەک کارەکەت!

ئەو مکووڕ وڕژد بوو، ئەگەر چارەنووس بە بەختی ئەو گەڕابا، مەسەلەی بەرزکردنەوەکەی، ناوی گەورە و دێی وێران ، فۆرم و ڕواڵەتێک دەبوو بێ ناوەڕۆک. عوسمان بە پزیشکەکەی گوت:

- ئیمانداری ڕاستەقینە تەنیا بە ساخی و سەلامەتی دڵخۆش نابێت..

پزیشکەکە گوتی: - من تا ئێستا شتی وام نەبیستووە..

- لەوەیە نەخۆشییەکەم درێژە بکێشیت وئەوەندە لە جێگادا بکەوم تا مۆڵەتەکانم تەواو دەبن و هەنگی خانەنشین بکرێم!

- هەموو شتێک قیسمەت و نەسیبە!

بە خەمینی و نیگەرانییەوە بەخۆی گوت:

- ڕەنگە بە خێرو سەدەقە ئەو پۆستەیان دابمێ، چۆنکە دەزانن ئەم پۆستە بۆ خۆیان دەمێنێتەوە!

ڕازیەی بانگکرد وگوتی:

- نامەوێ لەوەی پتر ببم بە بار بە سەرتەوە.

ڕازیە، بە حیرەتەوە لێی پرسی: - مەبەستت چییە؟

- خزمەتی نەخۆش، ئەرکێکی قورسە.

ڕازیە، هەر دوو قامکی بە نیشانەی ناڕەزایی نانە سەر زاری عوسمان. عوسمان بە میهرەبانی قامکی لابرد وگوتی:

- دەمەوێ بچم بۆ خەستەخانە، بۆ بەشی دکتۆرەکەی خۆم.

ڕازیە ناڕەزایی دەربڕی، بەڵام عوسمان لەسەر بڕیارەکەی خۆی مکووڕ بوو. بیرۆکەکەی خۆی بە پزیشکەکە ڕاگەیاند، ئەویش قاییل بوو، ئیدی بۆ ژوورێکی تایبەتی گوازرایەوە. هەرچەندە، سەردان دەکرا و غافڵیان نەدەکرد، بەڵام ئەو وەکوجاری جاران بۆ تەنیاییەکەی خۆی گەڕایەوە.

ڕۆژگار، ڕێڕەوی ئەبەدی خۆی دەبڕی. خەریک بوو پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا دەپچڕا. قەدریە بە هۆی نەخۆشی وڕەوشی خراپی خۆیەوە پێی لێبڕی. ئیدی عوسمان ڕادەستی چارەنووسی خۆی بوو، ئیدی گوێی نە بە ڕابردوو، نە ئێستا و نە بە ئایندە نەدەدا. ئەو ساتانەی کە ڕازیەی بە دیارەوە بوو، زۆر بەلاوە گران بوو. زۆرجار بە ناڕەحەتی دەبوورین، بەڵام خەمەکانی خۆی، نەدەدرکاند، بۆ خۆیی دەپاراست، لە هەمان کاتدا باوەڕی بە عەدالەتی خەمەکانی هەبوو. ئیمانی پتەوی بە باوەڕە پیرۆزەکانی، بە ژیانی دژوارو پیرۆز، بە خەبات وعەزاب، بە خەون و خولیا بەرز ودوورە دەستەکانی، وەکو خۆیان، بە پایەداری مانەوە. گوتی هەندێجار کە بێ توانایی ڕێگە نادات بە ئاوات وخولیا بەرز ودوورە دەستەکان بگەیت، باوەڕ بوون بەو ئاواتانە لەق ناکات، نەخۆشی ومردنیش ناتوانن ئەو کارە بکەن مادام مرۆڤ ڕژد بێ لەسەر ئەوەی بەرەوپیری بڕوات. ئیمان و کۆڵنەدان، گەورەیی و مانا بە ژیان دەبەخشێت.

ڕقی لە دڵدانەوەی وشک وهاندانئامێز وبۆش وبەتاڵ بوو. ملی بۆ ئەوە داکە وەرگرتنی پۆستی تازە تەنیا خەونێک بوو، هەروەها قەناعەتی بەوەش هێنا کە زوریەت خستنەوەش خەونێکی دیکە بوو، وێڕای ئەوەش کێ چوزانێ، ڕەنگە شتێک ڕوویدات؟!

ئەوەی دەروونی ئازار دەدا، ئەوە بوو کە هەموو شتێک بەبێ ئەوەی گوێ بەو بدات، بە ڕێڕەوی خۆیدا دەڕۆیی. دامەزراندن، بەرزبوونەوە، خانەنشین بوون، ڤیان، زەوجین و تەنانەت تەڵاق و جیابوونەوەش، ململانێی سیاسی ودروشمە گەرم وگورەکانی، هاتنی بەردەوامی شەو وڕۆژ بەدووی یەکدا..

ئەوەتا، دەنگەدەنگ وهاواری فرۆشیاران، هەڕەشەی نزیکبوونەوەی زستان دەکەن.

ڕەنگە یەکێک لە ڕێکەوتە باشەکان ئەوە بووبێ کە قەبرە تازەکەی زۆر بەدڵ بوو، چونکە هەتاوگیر بوو.

تێبینی:

ئەمڕۆ ٢٠٢٠/١/١ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە، کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی : حضرة المحترم/ نجیب محفوظ/ دارالشروق، ط ٣، ٢٠٠٨ .

فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاکار

ئارایشتکار : ئارایشتگەر ، مکیاجکار

ئەوك : قورگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەڵا ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیکلام : کڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەکر

ئۆینباز : بەمەکرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، کێشك

ئاکنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆرا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابروو، خوێری

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك،ئێزنگ وقەڵاشکەری

ب:

باوەژن: زردایك، هۆی دایك، باجی

باب: باوك

باڵانما: باڵانوێن، ئاوێنەی باڵاڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گوێ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بێ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەڵانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسوێ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: رووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆر: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناكی

پێكڤە: پێكەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، كەوڵی تیسكن

پەژمردە: چەرمسی، ژاكاو

پایدۆس: دەست لە كار هەڵگرتن

پۆڵكە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەڵامەت

پیتاك: باربوو، كۆكردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، كاڵە.

پاتۆق: شوێنی كۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوكمی پێشوەختە

پانكردنەوە: ماستاوساردكردنەوە، ڕووپامایی

پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا

پزیشكیار: یاریدەدەری پزیشك

پەتۆ: بەتانی

ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیركەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆڵا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فڵان، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:توورەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : رێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جوڵا، بزوا

جڤاکی: کۆمەڵایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنکال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسکێش، جاسووس، سیخور

چەلیپا: خاچ، سەڵیب

چاوگ: دەستە چیە

ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خوڵام، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ کەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر تورە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەرباریيان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێریەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەڕەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر توڕە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیکار

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کوور، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشکۆك

رمoوودە: ئالوودە، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

رۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

ڕامووسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەوداڵ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشکار

ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوریەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤرینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوراو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سوێ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

ساقەتە: لاسکی گیا

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شووره: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە

شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە

شەواك: گەمژە، گێلۆکە

ع:

عاسا: دار عاسا، داردەست

عەیار: زیتەڵ، زۆرزان

عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە

عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو

عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر

غ:

غاڕ: ئەشکەوت

غورابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس

غەوارە: غەریبە، بێگانە

ف:

فەرمایشت: فەرموودە، قسە

فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران

فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام

فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ

فەرسەخ: فەرسەق

فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل

فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك

ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە

فەڕەنگی: ئەوروپایی

ق:

قالیچە: مافووری بچووك

قرمز: سوور

قەڕاڵ: پاشا

قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت

قورباقە: بۆق

قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون

قووچانی: هەڵهات

قشتیلە: بچووکی جوانکیلە

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: توورە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقکەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن کە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: کوور، پشت کۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشکر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

قیرات: گەرماپێو

قڕێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان

ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگە: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسك

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توك

کولۆ: کولله

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوه: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زلْف

کڵاوخود: کڵاوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەڤرۆك: بەردەڵان

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بێ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

گ:

گۆساخ: چاوقایم، رووقایم

گەدا: پارسەك، سواڵكەر، دەرۆزەكەر

گورزە: باقەی گەورە

گەرەكمە: دەمەۆ ، دەخوازم

گەمە: یاری، وازی، كایە

گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا

گەردنبەند: ملوانكە

گازكردن: بانگكردن

گۆرین: یارۆ، ناڤبری

گوند: دێ، ئاوایی

گومناو: ناوبزر، نەناسراو

گۆزینگ : قولەپێ

گەڵۆز: ناولینگ

گول: گەڕ و گول

گاگۆز: پۆڵكە

گارد: پاسەوانی تایبەت

گۆنگ : ئاڵۆز

گەنگەشە: موناقەشە

گووراو : مەخلووق

گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك

گازی: بانگكردن

گڕۆز: وڕكن

گڵكۆ: گۆڕ، ئارامگە

گمێز: پێشاو

ل:

له كه‌یفان: له خۆشیان

له بیلاده‌وه: له ئیجاده‌وه، له بنه‌ره‌ته‌وه

لیره‌وار: دارستان، جه‌نگه‌ڵ، بێشه‌ڵان

لاپره‌سه‌ن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسه: باری

له‌زگ بوو: خه‌ریك بوو، وه‌خت بوو

لیَ: به‌ڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسه: باریه

لاق: قاچ، لنگ

له‌زكرن: خێراكردن، په‌له‌كردن

لایده: بێگانه

له‌هه‌نبه‌ر: به‌رانبه‌ر

لیَ : به‌ڵام

له‌یستۆك : بووكه‌شووشه، بووكه‌ڵه

له‌گه‌ز : مه‌ته‌ڵ

له‌ش به‌بار: نه‌خۆش

له‌گین:ره‌نگه، له‌وه‌یه

له‌وتاوه : پیس بووه

له‌ز : خێرا ،په‌له

لەپڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دوورە شەڕ

لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار

لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا

لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن

لێژگە: لێژایی، نشێو

م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

ملْ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆر ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤساڵ : میانە ساڵ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەلە، مەسیحی

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

و:

وەمێنیێ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بڵاوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆره، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

ە:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەیڤەشەو: مانگە شەو

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەكەر، ململانێ، ڕكبەڕكێ

هەڕوو : هەڕە ، پڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوكوف:دوو كەسی لە یەك ئاستی كۆمەڵایەتی

هاودەستی:هاوبەش لە كەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەڵاوێردن: جیاكرنەوە

هاتە وەشاندن ، بڵاوكرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاكەت: گیانەڵڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەڵاژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخورین

ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فڵان

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆرشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣-    بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤-    داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥-    لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦-    کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگیران چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧-    نینا، رۆمان، سابت رەحمان،  چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨-    نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩-    رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین،  چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێران.

١١-  هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین،  چاپی سێیەم  ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی،  چاپی دووەم،  ٢٠٠٤  کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-ديدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-ديدارى چيرۆكڤانى، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەى كە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانى كەركوك

٢٥- ميوان، چيرۆك،ئەلبێر كامۆ

---

٢٦- مەسەلەى كورد لە عێراقدا،عەزيز شەريف،چاپى دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووى رەگ و رەچەڵەكى كورد، ئيحسان نورى پاشا،چ١٩٩٨،١

٢٨- كورد گەلى لە خشتەبراوى غەدر لێكراو، د. كوينتەر ديشنەر، چاپى سێيەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادى خوێناوييەوە بۆ كەنارێن ئاراس، نەجەف قولى پسييان، چاپى يەكەم ٢٠٠٦

٣٠- كورد لە سەدەى نۆزدەوبيستەمدا،كريس كۆچرا،چاپى شەشەم ٢٠١١

٣١ –كورد لە ئينسكلۆپيدياى ئيسلامدا،چاپى يەكەم ١٩٩٨

٣٢- چينى كۆن، چ١(        )دەزگاى موكريانى

---

٣٣- دلێريى خۆراگرتن، ئەشرەفى دەهقانى

٣٤- خەباتى چەكدارى هەم تاكتيكە هەم ستراتيژ، مەسعودى ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئايز لەر

٣٦- بە دوعا شاعيرەكان، شانۆنامە، جەليل قەيسى (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەكەكەى ماڵتا، شانۆنامە،كريستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبير كامۆ

٣٩- بەد حاڵى بوون، شانۆنامە، ئەلبير كامۆ.

٤٠- چاو به چاو، شانۆنامه، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامه، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامه، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

٤٣- منداڵه دارینه، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییه؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانه بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یه بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامه بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك له ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانه)

٤٨- له گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا،(جانتا) کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە، رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالانی کورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧- كۆلوانە سوور... كۆچیرۆك بۆ مندالان

٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ

٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / رۆمان / نودار دومبادزە

١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی

١٠٤-مێژووی رۆمانی تورکی

١٠٥- دیوار...كۆچیرۆك................كۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- كۆكۆرۆ.............ڕومان.........ناتسومی سوسکی

١٠٧- کانییە قارەمان....كۆچیرۆك بۆ مێرمندالان /حەمەکەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف

١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...

١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...

١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل

١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە

١١٥- جیهانی چیرۆك ( كۆمەڵێك دەق ورەخنە)

١١٦- رۆبینسۆن كرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ

١١٧- هەزار پیشە..............حەمەكەریم عارف

١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا

١١٩- دۆنی ئارام/١

١٢٠- دۆنی ئارام/٢

١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤

١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە

١٢٤- دەربارەی نامۆكەی ئەلبیر كامۆ

١٢٥-ژیان و بەرهەمەكانی دۆستۆیفسكی

١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی كلاسیكی جیهان

١٢٧-بەنگكێشێكی عەوداڵی بەهەشت"ڕۆمان"

١٢٨- سێو و سیمرغ" كۆ حیكایەت"

١٢٩- بیرەوەرییەكانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسكی

١٣٠-پوشكین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی

١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی

١٣٢-ڕەبەنێكی ڕەشپۆش، چیخۆف

١٣٣- كەنیزۆ ،كۆمەڵێك چیرۆكی هەڵبژاردەی فارسی

١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .

١٣٥- جیرۆكی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.

١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا

١٣٧- كۆڵانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز

١٣٨- چۆن پۆڵامان ئاودا، ڕۆمان، ئۆسترۆفسکی

١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆڵستۆی

١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک

١٤١- قەیرانی سێبەر

١٤٢- ئەفسانەی تەروادە

١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز

١٤٤- دڵی شەو، نەجیب مەحفووز

١٤٥- ئاوێنەکان، = =